# YNDK

# خەبات و بەرخۆدان
# بۆ سەربەخۆیی کوردستان

شاخەوان خالید

هەولێر - باشووری کوردستان

چاپی یەکەم
٢٠٢١

# YNDK

# خەبات و بەرخۆدان
# بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**مظفر خالد عبدالرحمن ناسراو بە (شاخەوان خالید)**
**کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی**
**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان** YNDK

**هەولێر - باشووری کوردستان**

**چاپی یەکەم**
**٢٠٢١**



ناوی پەرتووك: YNDK خەبات و بەرخۆدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**نووسەر:** مظفر خالد عبدالرحمن ناسراو بە(شاخەوان خالید)

مۆبایلی نووسەر: ٠٧٥٠٤٤٧٠٠٩٨

ئیمێلی نووسەر: shakhewan@yahoo.com

**شوێن:** هەولێر- باشووری کوردستان

**نۆرەی چاپ:** یەکەم

**گرافیك و دیزاین:** هیوا مەحموود

**ساڵ:** ٢٠٢١ ی زایینی، ٢٧٢١ی کوردی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ماف: لەچاپدانەوەی ئەم پەرتووکە تەنیا بۆ نووسەرەکەیە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ١١٧) ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە.

# پێشکەشە بە:

**❊ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی رێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.**

**❊ سکرتێری گشتیی و ئەندام و دۆست و لایەنگرانی YNDK .**

**❊ هاوبیران و وڵاتپارێزانی کوردستان.**

**❊ هەموو خەمخۆرێکی وڵاتەکەم.**

# پێشەکی

**نووسینی : غەفوور مەخمووری**

کاری سیاسی و حزبایەتی لە کوردستاندا بە کۆمەڵێ هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە و، بەپێی واقیع و سەردەم درێژەی هەبووەو بەردەوامە، زۆر حزب و رێکخراوی سیاسی وەکو پێویستییەکی بابەتی و مێژوویی لە قۆناخە جیاجیاکانی خەباتی گەلی کوردستان بە ئایدۆلۆژیا و بەرنامە و روانینی جیا لەدایکبوون و درێژەیان بە کار و خەبات داوە.

بێگومان هەر حزب و رێکخراوێکی سیاسی خاوەن ئایدۆلۆژیا و روانینی هزری تایبەت بە خۆیەتی و، لەو روانگەیەوە روانینی خۆی بۆ بواری سیاسی و ئابووری و کلتوری و کۆمەڵایەتی و چارەسەری پرسە هەڵواسراوەکان دەخاتەڕوو، لەهەمان کاتدا لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا و هزری خۆی ستراتیژییەتی خەباتی خۆی دیار دەکات و تاکتیک و کارنامەی گونجاویش بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکانی دادەڕێژێت.

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK کەوا لە ٢١ / ٣ / ١٩٩٥ وەک رێکخراوێکی نەتەوەیی لەسەر دەستی کۆمەڵێ کەسایەتی نەتەوەیی و وڵاتپارێز لە دایکبووە، خاوەن ئایدۆلۆژیا و هزر و رامانی سەردەمییانەی خۆیەتی و لە روانگەیەکی نەتەوەیییەوە بۆ پرسەکان دەروانێ و پێناسەیان دەکات، خاوەن سیاسەتێکی راستگۆیانە و راشکاوانەیە و، بەردەوام لە کۆی پرسەکانی کوردستاندا روانینی خۆی بە شێوەیەکی بوێرانە خستۆتەڕوو، ئەمەش وایکردووە کەوا هەموو لایەک رێز لە YNDK بگرن و بەیاخەوە سەیری هەڵوێست و روانینەکانی بکەن.

ئەم کتێبەی بەردەستتان (YNDK خەبات و بەرخودان بۆ سەربەخۆیی کوردستان)، کەوا لە نووسین و ئامادەکردنی براو هەڤاڵی بەرێزمان ( شاخەوان خالید کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی YNDK )ە، بریتییە لە کۆکردنەوە و نووسینەوە و خستنەڕووی بەشێکی زۆری هەڵوێست و رامانی YNDK بۆ پرس و رووداو و پێشهاتەکانی کوردستان، جا ئەو هەڵوێست و رامانانە چ وتار و لێدوانەکانی (شاخەوان خالید) بێت یا بەیاننامە و راگەیاندراوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی YNDK بێت، لێرەدا خراونەتەڕوو.

بێگومان لە ماوەی رابردوودا کارو خەبات و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زۆر بەکەمی پارێزراون و بە ئەرشیف کراون، ئەمەش زیانێکی زۆری بۆ بزاڤی سیاسی و خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان هەبووە، تۆمارکردن و ئەرشیفکردنی مێژوو و روانینی لایەنە سیاسییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوون دەبنە کەرەستەیەکی باش کە هەر کات بیانەوێ لە واقیعی سیاسی کوردستان بکۆڵنەوە، بۆیە لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەم کارەی نووسەری ئەم کتێبە جێگەی دەستخۆشییە و، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لێدەکەین.

ئێوەی ئازیز کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە؛ زیاتر ئاشنای سیاسەت و هەڵوێست و رامانی YNDK دەبن، ئەوەتان بۆ روون دەبێتەوە کەوا YNDKسەبارەت بە پرسە سیاسییەکانی کوردستان هەمیشە خاوەن هەڵوێست و روانینی راشکاوانەی خۆی بووە و، سەربەخۆیی سیاسی خۆی پاراستووە، لەم پێناوەشدا باجی زۆری داوە.

وێڕای پیرۆزبایی دووبارەمان بۆ هەڤاڵ (شاخەوان خالید) هیوای بەردەوامی بەرهەمی زیاتری لێ دەخوازین و، ئومێد دەکەین ئێوەی خوێنەری ئازیزیش بە سەرنج و تێبینییەکانتان چاپەکانی داهاتووی ئەم کتێبە دەوڵەمەندتر بکەن.

**هەموو لایەک تەندروست و شاد و سەرکەوتووبن.**

# چوونه نێو باس

بۆ کورد پرسی سەربەخۆیی کوردستان یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی ئەم ناوچەیە، تائێستا خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ نییە، هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین خاوەنی دەوڵەتن، کەچی نەتەوەکەمان بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بەرژەوەندی زلهێزان چەندین جار دابەشکرایە سەر نەتەوە سەردەستەکانی عەرەب و فارس و تورك و بە چەند دەوڵەتێکەوە لکێندرا، بۆیە دروستبوونی ڕێکخراوێك خودان هزری نەتەوەیی پێویستییەکی مێژوویی بوو، چونکە چەندین کێشەی و قەیران بەرۆکی کوردستانی لە سایەی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە گرتووە، سیاسەتی تۆتالیتارانەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان هێندەی دیکە کوردی سورتر کردووە لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، لەم کات و ساتەدا سەرهەڵدان و دروستبوونی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK زۆر پێویست و گرنگ بوو، بۆ درێژەدان بەخەبات و تێکۆشان لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیی و لەژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بۆیە YNDK خەباتی نەتەوەییمانی بە شێوەیەکی راست و رەوان ئاراستە کرد.

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK هەڵگری بیر و هزری نەتەوەییە، لەبەر ئەوەی بیری نەتەوەیی تاکە هزرە کە بتوانێ خزمەت بە گەلی کوردستان بگەیەنێ بەجیاوازی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا هاوردەکان کە نەیانتوانیوە داخوازییەکانی گەلی کوردستان بهێننەدی، بەدرێژایی مێژووش دوژمنان هەرگیز نەهاتوون لەبەر ئینتیمای ئایینی یان چینایەتی وڵاتمان داگیر بکەن، بەڵکو وڵاتانی کۆلۆنیالیست لە سۆنگەی نەتەوەیی و نیشتمانی خاکمانیان

داگیرکردووە و کوردیان دووچاری جینۆساید کردۆتەوە، لەبەر ئەوە چەکی روبەڕووبوونەوە لە نێو بازنەی بیری نەتەوەیی تەکاندەداو داگیرکەران و دوژمنان ڕووڕەش و گۆڕبەگۆڕ دەکات.

YNDK تاکە ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەربەخۆیی کوردستان دەزانێت، لەبەر ئەوەی کوردیش کە نەتەوەیەکی زیاتر لە حەفتا ملیۆن کەسییە، وەکو هەموو نەتەوەکانی تر پێویستە کیان و دەوڵەتی خۆی هەبێت، لەبەر ئەوەی کورد کۆنترین نەتەوەی خۆرهەڵاتی ناڤینە کە خاوەنی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیەتی لە خاك و جوگرافیا و مێژوو گەل و داب و نەریت و ئایینی تایبەت بەخۆی و دەسەڵاتی سیاسی هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە هەنگاو و خەباتمان بەردەوام بێت بۆ سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان.

ئەم پەرتووکەی بەردەست کۆمەلێك وتار و تویژینەوەی نەتەوەییە، بەشێکی گرنگی مێژووی خەباتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK بەدیار دەخات، کە لە ماوەی رابردووی خەبات و تێکۆشان بە چەندین هەوراز و نشێویدا چووە، سەرەڕای زەحمەتی و کۆسپ و تەگەرانەی بۆ دروستکراوە، بەردەوام بووە لە کار و خەبات و تێکۆشانی لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان، لەمیانەی هەموو وتارەکان و شەن و کەوکردنی پرسەکان دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کورد هێشتا بە ئارمانجەکانی نەگەیشتووە، تیایدا هاتوو چی بکرێ تا بتوانین لە داهاتوو زیاتری مافەکانی گەلی کوردستان بەدەستبهێنین و چۆن وابکەین خەبات و تێکۆشانمان بگەیەنینە ئاستێکی دیکە لەپێناو هێنانە دی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو دیموکرات.

بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان بە یەکریزیی و یەکدەنگی گەلی کوردستان بەدەست دەهێنرێت، دەکرێ ئەوەش لەرێگەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە بەشداری سەرجەم پارت و لایەنەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و دڵسۆزان و وڵاتپارێزانی کوردستان بێتەدی، تاکە رێگە بۆ مانەوەمان و گەیشتن بە داخوازی و مافەکانمان کۆدەنگی نیشتمانی و یەکریزی و یەکگرتوویيمان و بەردەوامیمانە لە خەبات و بەرخۆدان و تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

**نووسەر**

**شاخەوان خالید**

# مێژووی YNDK

# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

# YNDK بناسە

*ناو: یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

* **ئایدیۆژیا یان ئاراستەی هزریی** YNDK : هەڵگری ئایدۆلۆژیای نەتەوەییە.

**پێناسە:** یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سیاسی جەماوەری و یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەیە بۆ تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی کوردستان، کە هاوبیری و هاوخەباتی لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان و یەکێتی خاکەکەی و ئازادی گەلەکەی بەپێی ڕێڕەوێکی زانستییانەی هاوشانی خەباتی دیموکراتییانەی سەرچاوە گرتوو لە مافی چارەنووسی گەلان و مافەکانی مرۆڤدا کۆیان دەکاتەوە .

***دروشمی** YNDK :

کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو و دیموکرات

***ئالا و ئارمی:** YNDK

***ئالا:** ئالای کوردستان ئالای YNDK دەبێت.

***ئارم:** ئارمی YNDK بریتییە لە ئەستێرەیەکی چوارلا، رۆژێك، نەخشەی کوردستان لەسەر یەك لەسەر پارچە قوماشێکی سپی.

***مێژووی دامەزراندنی** YNDK : لە ٢١ / ٣ / ١٩٩٥ دامەزراوە .

***کۆنگرەکانی** YNDK :

YNDKتا ئێستا پێنج کۆنگرەی سازداوە، بەم شێوەیە:

١-کۆنگرەی یەکەمی لە رۆژانی ١٧-١٩/ ٣ / ١٩٩٥ لە عەنکاوە- هەولێر بەستووە.

٢-کۆنگرەی دووەمی لە رۆژانی ٥-٧/ ٥ / ١٩٩٦ لە شارۆچکەی شەقڵاوە بەستووە.

٣ -کۆنگرەی سێیەمی لە رۆژانی ١٠-١٢/ ١/ ١٩٩٩ لە شاری هەولێر بەستووە .

٤ -کۆنگرەی چوارەمی لە رۆژانی ١٠-٢٠٠٢/٢/١١ لە شاری هەولێر بەستووە .

٥-کۆنگرەی پێنجەمی لە رۆژانی ١٢-٢٠١٢/١٢/١٣ لە شاری هەولێر بەستووە .

*ئامانجە سەرەکییەکانی YNDK :

١-سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان و رزگارکردنی لە هەموو دەسەڵاتێکی داگیرکەر.

٢-دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یەکگرتوو کە لە بڕیاری سیاسی و سیستمی ئابووریدا خاوەنی سەربەخۆیی خۆی بێت.

٣-چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی و دیموکراتیەت و دادپەروەری و سەروەری یاسا.

٤-رەخساندنی هەلومەرج بەشێوەیەکی یەکسان لە بەردەم هاووڵاتییانی کوردستاندا بێ گوێدانە ئینتمایی نەتەوەیی و مەزهەبی.

٥-دابینکردنی هەموو مافێکی شەرعی، سیاسی و ئیداری و رۆشنبیری بۆ نەتەوەکانی تری سەر خاکی کوردستان.

٦-خەبات دەکەین بۆ گەڕانەوەی خاکی کوردستانی سووری بندەستی ئەرمینیا و ئازربایجان بۆ سەر خاکی کوردستان.

٧ -جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێیەجێکردن و دادوەری لە یەکتری.

٨ -بەکردەیی کردنی دۆزی ڕەوای کورد بە دۆزێکی جیهانی.
٩ -دیاریکردنی ستراتیژێکی یەکگرتوو لەنێو باڵە سیاسییەکانی کوردستاندا.
١٠-نەهێشتنی ئەو زاراوانەی کە مانای لکاندنی کوردستان بە وڵاتانی داگیرکەر دەبەخشن و قەدەغەکردنیان لە بەرکاهێنانیان لەنێوان هەڤاڵان و راهێنانی تاکەکانی کورد لەسەر بەکار نەهێنانیان.
١١ -دارِشتنی دەستوورێکی تایبەت بە کوردستان و خستنەڕووی بۆ ئەوەی گفتوگۆی جەماوەری و راپرسی لەسەر بکرێت.
١٢-دابینکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی گەلی کوردستان و بەکارهێنانی داهاتەکانی حکومەتی باشووری کوردستان بۆ ئەم مەبەستە.
١٣-دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ گەلی کوردستان.
١٤-کارکردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری کە تەواوی باڵە سیاسییەکانی کوردستان تیادا بەشداری بن.
١٥- هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتییانەی کە هەلومەرجی تایبەتی باشووری کوردستان لەبەرچاو دەگرن.
١٦ -هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی سیاسی کوردستانی یەکگرتوو.
١٧-بەرەنگاربووەنەوەی هەموو هەوڵ و پیلانەکانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ بەعەرەبکردن و بەفارسکردنی و بەتورککردن و سڕێنەوەی مۆرکی نەتەوەییمان.

***سەرکردایەتی و هەیکەلی ئێستای** YNDK :

**سکرتێری گشتیی** YNDK :

هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتییYNDK

**دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی:**

١. بەرپرسیاری یەکەمی (YNDK) ەو بەرپرسیارە لە چۆنیەتی بەرەو پێشەوەبردنی خەبات و چارەسەر کردنی هەر گرفتێك کە دێتە پێش (YNDK).

٢-دوا واژۆی هەر پرۆتۆکۆل و ڕێککەوتنامەیەك لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا بۆ ئەو دەمێنێتەوە و لێی بەرپرسیارە.

٣. هەر لێدوانێکی ڕەسمی کەناو (YNDK) ەوە بدرێ لەهەر مەسەلەیەکدا ڕاستەخۆ بۆ ئەو دەمێنێتەوە و لێی بەرپرسیارە .

٤. سەرپەرشتی تەواوی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمێتەی سەرکردایەتی YNDK دەکات.

٥. لە کاتی بەرامبەری دەنگەکاندا سکرتێری گشتیی لە هەر لایەك بێت ئەو لایە دەیباتەوە.

*__هەیکەلی سەرکردایەتی__ YNDK **و ئەرکەکانیان** :

سەرکردایەتی (YNDK) لە دەسەڵاتە هەڵسووڕێنەرە باڵاکانی (YNDK) ە، بۆ ماوەی نێوان دوو کۆنگرە لە سکرتێری گشتیی و (٨) هەشت ئەندامی هەمیشەیی و (٢) دوو ئەندامی یەدەگ پێکدێت و ئەم کارانەش جێبەجێدەکات.

❊ **ئەرکەکانی :**

ا. ئەو ڕاسپاردە و بڕیارانەی کە کۆنگرە دەری دەکات جێبەجێی دەکات و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیش لێپرساوە لە ئەنجامدانی.

٢. دیاریکردنی هەڵویستی (YNDK) بەپێی بنەمای سیاسی کۆنگرە.

٣. بڕیاردان لەسەر هەیکەلی ڕێکخستنی (YNDK) و پێگەیاندنی کادیران و پێشخستنیان.

٤. دیاریکردنی پەیماننامەی بەرەیی لەگەڵ حیزبەکاندا بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرە.
٥. هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی (YNDK).

***مەکتەبی سیاسی:**

لە سکرتێری گشتی و چوار ئەندام پێکدێت: **ئەرکەکانی**

١. جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و کۆمێتەی سەرکردایەتی.
٢. سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی رێکخستن.
٣. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی راپۆرتی دەوری بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

***مەکتەبە ناوەندییەکان :**

١-مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن
٢-مەکتەبی ناوەندی رێکخستن
٣-مەکتەبی ناوەندی پەیوەندییەکان
٤-مەکتەبی ناوەندی دارایی

***هەیکەلی رێکخستنی YNDK و ئەرکەکانیان:**

هەرەمی رێکخستن (YNDK) لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەم شێوەیە پێکدێت :

**یەکەم: شانە**

خانە سەرەکییەکانی رێکخستنی (YNDK) ە لەسەر بنچینەی شوێنی کار و دانیشتن دادەمەزرێ، سنووری کارەکانی خۆی لەمانە دەگرێتەوە:

١. سیاسەتی (YNDK) بڵاو دەکاتەوەو جەماوەر جۆش دەدات.
٢. رێکخستنی جەماوەر و راوێژکردنیان بەپێی بڕیارەکانی (YNDK) و ئامانجەکانی (YNDK) شیان پێ بناسێنێ.

٣. گرنگیدان بەڕای جەماوەر و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان.

٤. بڵاوکردنەوەی ئەدەبیات و بڵاوکراوەکانی (YNDK).

٥. کۆبوونەوەی هەفتانە خۆی ئەنجام بدات و دانیشتنەکان بەرزبکاتەوە و دارایی خۆی بەلیژنە لیپرسراوەکان بگەیەنێت.

٦. گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەدا بکات کە داوای بوونە ئەندام دەکەن و متمانەیان پێبدات و بیان پاڵێوێ.

٧. هەر ئەندامێك لە شانە لێپرسراوە لە چالاکییەکانی شانەی خۆی بەهاوکاریکردن لەگەڵ ئەندامانی تردا.

٨. هەر شانەیەك لە (٣ - ٥) ئەندام پێکدێت ولێپرسراوێکی دەبێت.

**دووەم: پۆڵ**

لە (٣ - ٥) شانە پێکدێت و لێپرسراوێتی دەدرێتە دەست ئەندامێکی ڕێکخراو، بەرپرسیشە کە هەفتانە راپۆرت بۆ ڕێکخراو بەرزبکاتەوە.

**سێیەم: ڕێکخراو**

لە هەر گوند یا گەڕەکێك لە (٣) ئەندام و (٢) یەدەگ پێکدێت و سەرپەرشتی (٣ -٥) پۆڵ دەکات و لێپرسراوێتی دەدرێتە دەست ئەندامێکی ناوچە و بەرپرسیشە کە (١٠) رۆژ جارێك راپۆرت بۆ ناوچە بەرز بکاتەوە.

**چوارەم: ناوچە**

لەهەر ناوچەیەك یا شارۆچکەیەك یا قەزایەکدا لیژنەیەکی ڕێکخستن لە (٣) کارگێڕ و (٢) ئەندام پێکدێت و چالاکییەکانیشی لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا ئەنجام دەدات. لێپرسراویشە بەرامبەر هەرێم و راپۆرتەکانی (١٥) رۆژ جارێك بۆ هەرێم بەرز دەکاتەوە.

**پێنجەم: هەرێم**

لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەك لە (٤) كارگێڕو (٢) ئەندام پێكدێت بەڕەچاوكردنی چڕی دانیشتوان و فراوانی ناوچەیەكی جوگرافی پێكدێت.

بەپێی سنووری بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی باڵای(YNDK)ەو لێپرسراوە بەرامبەر بەمەكتەبی ناوەندی رێكخستن و لێپرسراوێتی هەرێمیش دەدرێتە دەست ئەندامێكی كۆمیتەی سەركردایەتی، ئەمانەش جێبەجێ دەكات:

١- سەركردایەتیكردنی چالاكییەكانی (YNDK) لە بواری سیاسی و رێكخستن و جەماوەری لە سنووری بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی خۆیدا.

٢- چالاكییەكان بەپێی رەچاوكردنی تایبەتمەندی توانای كەسایەتی بەسەر ئەندامانی دابەش دەكرێت.

٣- راپۆرتە دەورییەكانی هەر (٣٠) رۆژ جارێك بۆ مەكتەبی ناوەندی رێكخستن بەرز دەكاتەوە.

**شەشەم: مەكتەبی ناوەندی رێكخستن:**

دەزگایەكی ناوەندییە بۆ سەرپەشتیكردنی سەرجەم رێكخستنەكان و لە ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی و سێ ئەندامی كارگێڕ پێكدێت و بەرپرسیاریشە بەرامبەر هەموو دەزگاكانی سەرووی خۆی.

**ئەرك و دەسەڵاتەكانی:**

١- سەرپەرشتی هەموو رێكخستنەكان دەكات و لێپرسراویشە بەرامبەر تۆكمەیی و گەشە كردنی رێزەكانی رێكخستن و مافی هەر پێشنیار و داواكارییەكی گونجاوی هەیە بۆ ئەم مەبەستە بۆ سەرووی خۆی بەرزبكاتەوە.

٢- بەراگۆڕێنەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسی هەرێمەی كە كۆمیتەی سەركردایەتی رایدەسپێرێ بۆی هەیە دەستەی كارگێڕی و ئەندامانی دابنێ.

٣. مافی پێشنیارکردنی هەیە، لە گۆڕینی بەرپرسی هەرێمەکان بە گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمێتەی سەرکردایەتیدا.

**٭ڕێژەی کۆتای ئافرەت لە ناو YNDK :**

ڕێژەی کۆتا بۆ ئافرەتان نییە و لە هەموو ستافەکانی YNDK کاردەکەن و دەتوانن بۆ لێپرسراویەتی هەر پۆستێك خۆیان کاندید بکەن، هەروەها لەهەموو ستافەکان ئەندامییەتی رۆلی کارایان لە بەڕێوەبردنی کارەکان هەیە.

**٭سنووری جوگرافی کار و بارەگاکان :**

لە هەموو کوردستان کار و چالاکی خۆی دەکات.

***بارەگاکان :**

١-بارەگای مەکتەبی سیاسیی YNDK لە شاری هەولێرە.

٢-بارەگای هەرێمی هەولێر لە پارێزگای هەولێر .

٣-بارەگای هەرێمی کەرکووك لە پارێزگای کەرکووك.

٤- بارەگای هەرێمی بادینان لە پارێزگای دهۆك.

٥-بارەگای هەرێمی قەرەچووخ لە قەزای مەخموور.

٦- بارەگای هەرێمی سۆران لە قەزای سۆران .

لە زۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان ئەندام و ڕێکخستنی خۆی هەیە، بەڵام لەبەر سەختی باری دارایی لە هەموو شوێنەکان بارەگای نەکردۆتەوە .

**٭ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان :**

١-بزووتنەوەی ئافرەتانی نەتەوەیی کوردستان BANK.

٢-یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان YXNK.

٣- یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کوردستان YLNK.

٤-یانەی وەرزشی میدیا.

*** دەزگاکانی راگەیاندن :**

**رۆژنامەکان:**

١-رۆژنامەی میدیا

٢-رۆژنامەی ئازادی قەرەچوغ

٣-رۆژنامەی دەنگی مەخموور(بەهاوکاری و سپۆنسەریYNDK دەردەچێت)

٤-رۆژنامەی ئاڤێستا

٥-مانگنامەی رۆژهەڵات

٦-مانگنامەی نەورۆز

**گۆڤارەکان:**

١-گۆڤاری سەرخۆبوون

٢-گۆڤاری قەرەچووغ

**رادیۆ :**

١-رادیۆی دەنگی مەخموور

**ماڵپەر:**

**ئاژانسی هەواڵی میدیا** www.yndk.com

هەروەها ئەکاونت و پەیجی رۆژنامەی میدیا و تویتەر و ئینستگرام و گوگل پلەس و یوتوب و تیلیگرام و واتسئاپ، هەواڵ و زانیارییەکان بڵاودەکاتەوە.

***پێگەو رۆڵی YNDK لە پرۆسەی سیاسی:**

*بەشداری زۆربەی هەڵبژاردنەکانی کردووە.

*لە زۆربەی کۆنگرە و کۆنفرانسە سیاسییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بەشداربووە و روانینی خۆی خستۆتەڕوو.

*بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنی کردووە لە هەمان کاتدا لەگەڵ پارت و لایەنی تریش بەلیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنی کردووە.

*لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ لە پەرلەمانی کوردستان کورسییەکی بەدەستهێناوە .

*پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و کوردانی ئاسیای ناڤین و کوردانی وڵاتانی عەرەبی و نووسەران و رۆشنبیران و رەڤەندی کورد لە دەرەوەی وڵات هەیە.

*** YNDK بەشداری لەحکومەت نەکردووە:**

YNDK بەشداری حکومەتی کوردستان و عێراقی نەکردووە، زیاتر وەکو لایەنێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئۆپۆسیۆن کاری کردووە و توانیویەتی پەنجە لەسەر کەموکوڕییەکان دابنێ، لە هەمان کاتدا بەمەبەستی چاکسازی و سیستماتیك کردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان بەرنامە و پڕۆژەی دەوڵەمەندی لە هەموو بوارەکان پێشکەش بە دەسەڵات کردووە .

***هەڵوێستی YNDK سەبارەت بە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان .**

YNDKپەرلەمان و حکومەتی کوردستان بە دەستکەوتی هەموو خەڵکی کوردستان دەزانێت، بۆیە پاراستنیشی بە ئەرکی هەموو تاك و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەزانێت، پێیوایە کە دەبێت حکومەتی کوردستان حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستان بێت و بە چاوی یەکسان سەیری هەموو لایەك بکات و دوور بێت لە دەستێوەردانی حیزب، YNDK وای دەبینێت کە حکومەتی کوردستان حکومەتێکی بنکە فراوان بێت و رەنگدانەوەی واقیعی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان بێت، بۆ ئەوەی بەهەق ببێتە نوێنەری هەموو چین و توێژەکانی خەڵك، بۆ ئەمەش پێویستە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییەکان بگرێتەخۆ، هەروەها سیستماتیکردن و بەدامەزراوەییکردنی دەزگاکانی حکومەت بە فاکتەری سەرکەوتنی حکومەت دەزانێت.

YNDK وای دەبینێت کە پێویستە دەسەڵاتی کوردستان لە داڕشتنی سیاسەتی گشتیدا راوێژ بە هەموو لایەنەکان بکات، بۆئەوەی سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دابڕێژرێت و هەموو لایەکیش هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن.

***بۆچوونی YNDK سەبارەت بە پەیوەندی حزبەکان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان:**

سیاسەتی YNDK ئەوەیە کەوا پەیوەندی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان نەبەستێت، پێیوایە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت پەیوەندییەکان لە رێگەی حکومەتی کوردستانەوە بێت نەك حیزبەکان، لەبەرئەوەی پەیوەندی حکومەتەکان دەبێ لەگەڵ حکومەت بێت نەك حیزبەکان.

*** بۆچوونی YNDK دەربارەی باکووری کوردستان:**

YNDKخۆشحاڵە بەپێشڤەچوونەکانی خەباتی نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵات ، پشتیوانی خۆی بۆ خەباتی باکوور رادەگەیەنێت، دەستدرێژییەکانی تورکیا بۆ سەر پەرلەمانتارانی کورد و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان شەرمەزار دەکات، داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات ئەگەر خوازیاری ئاشتین بۆ باکووری کوردستان ئەوا پێویستە کاربکەن بۆ ئازادکردنی بەڕێز (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و هەموو چالاکوان و سیاسەتوان سەرۆك شارەوانی و پەرلەمانتارانی کورد لە زیندانیەکانی تورکیا، ئەمەش دەبێتە فاکتەری سەرەکی پێشڤەچوون و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و هێنانەدی هێمنی و ئارامی بۆ ناوچەکە.

*** بۆچوونی YNDK دەربارەی رۆژهەڵاتی کوردستان:**

YNDKهەوڵەکانی لەیەك نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی ئەو رۆژهەڵاتی کوردستان بەرز دەنرخێنێت، بەگرنگی دەبینێت کە تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی وڵات کار بکەن بۆ کۆکردنەوەی هێز و تواناکانیان، بەرەیەکی سیاسی بەبەشداری هەموو لایەنەکان لەنێوان خۆیاندا پێکبهێنن، بۆ ئەوەی ئامادە بن بۆ ئەو ئەگەر و پێشهاتانەی کە لەسەر ئاستی ناوچەکەدا روودەدەن و دێنە پێشەوە، لە هەمان کاتدا سڵاو و رێز دەنێرین بۆ زیندانییانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران و خەبات و بەرخودانیان بەرز دەنرخێنین، داوا لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین کەوا هەوڵبدەن گیانی زیندانیان لە مردن رزگار بکەن.

*** بۆچوونی YNDK دەربارەی رۆژئاوای کوردستان:**

YNDK جارێکی دیکە پشتیوانی خۆی بۆ خەبات و بەرخودانی رۆژئاوای کوردستان رادەگەیەنێت و پشتگیری لە ئیدارە و کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات، پێشڤەچوون و سەرکەوتنەکانی رۆژئاوای کوردستان بەرز دەنرخێنێت، بە گرنگی دەزانێت تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی وڵات یەکڕیز و یەکدەنگ بن و بەیەکەوە کاربکەن و خۆیان لە ململانێی حزبایەتی بەدوور بگرن، لە جیاتی حزبایەتی کوردایەتی بکەن و بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرن و خۆیان لەهەر گرژی و ناکۆکییەك بپارێزن.

*** بۆچوونی YNDK دەربارەی باشووری کوردستان:**

YNDK وایدەبینێت نەبوونی عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەراوێزخستنی بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکان لە پرۆسەی سیاسی و بڕیار وەرگرتن لە کوردستان، بۆتە هۆی دووبەرەکی و لێکترازانی سیاسی و

کۆمەڵایەتی کوردستان، پێویستە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێت و چارەسەر بکرێت، چارەسەرکردنی ئەم گرفتە کلیلی کردنەوەی زۆربەی دەرگا داخراوەکانەو فاکتەرێکی بەهێزیشە بۆ رێکخستنەوەی ناوەندی سیاسی کوردستان، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە بڕیاری سیاسی بوێرانە و خۆنەویستانە هەیە، بۆ ئەمەش بە پێویستی دەزانێت کە بەزووترین کات ناوەندی سیاسی و ناوماڵی کورد رێك و یەکبخرێتەوەو، وای دەبینێت کە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، بە تایبەت لەم قۆناخە هەستیار و چارەنووسسازەدا، کەوا ئێستا داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە کوردستانیان گەمارۆداوە، بێگومان ئەم پیلان و هەڕەشانەی لەسەر گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی بەڕێوەدەچێت، پیلانێکی ناوچەیی بەرنامە بۆ دارێژراوی گەورەیە دژ بە گەلی کوردستان، ئەم پیلانانە دەمێکە کاری لەسەر دەکرێت و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت، هەموو لایەک باش دەمانزانی دوای شەڕی داعش هێزە عێراقییەکان رووی چەکەکانیان لە کوردستان دەکەن، ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ رێگرتن بوو لەو پیلانانە، ئەو پیلانانە بەر لە ریفراندۆم هەبوون، واتە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان و ناوچەکە دەگوزەرێ پیلانێکی پێشوەختە بووە و سەرکردایەتی گەلی کوردستان درکی بەو پیلانە کردووە، بۆیە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی داوە، پێشووتریش هێزەکانی هاوپەیمانان لەو مەترسییانە ئاگادارکراونەتەوە، بەڵام بێهەڵوێست بوون، بێهەڵوێستی هێزەکانی هاوپەیمانان بەرامبەر دەستدرێژی و لەشکرکێشی میلیشیا و هێزە عێراقییەکان وایکرد کەوا گەلی کوردستان پشت بەخۆی ببەستێت و رووبەڕووی لەشکرکێشی و دەستدرێژییەکانی عێراق بۆ سەر کوردستان ببێتەوە، لێرەوە بەرخودان و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی

کوردستان بەرز دەنرخێنین کەوا لە (پردێ و مەخموور و زوممار) قارەمانانە ڕووبەڕووی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان بوونەوە، لەهەمان کاتدا خەبات دەکەین بۆ گەڕاندنەوەی هەموو ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان لە ( کەرکووك و مەخموور و شنگاڵ و شیخان و بەدرەو جەسان و خانەقین) هەموو ناوچەکان بۆ سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان.

* **بۆچوونی YNDK دەربارەی ریفراندۆم:**

ئەنجامدانی ریفراندۆم لەلایەن گەلی کوردستان وەرچەرخانێکی دیرۆکی بوو لە خەباتی گەلەکەماندا و، سەرکەوتووانە ئەنجامدراو گەلی کوردستان بەڕێژەی ٩٢.٧٣%بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەنگیدا، بێگومان ریفراندۆم وەکو پرۆسەیەکی دیموکراسییانە بەپێی پرەنسیپەکانی (مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و بنەما دیموکراتییەکان) ئەنجامدراوە، واتە گەلی کوردستان پرۆسەیەکی دیموکراسییانەی ئەنجامداوە و تاوانێکی نەکردووە تاکو سزا بدرێت و پشتی تێبکرێت، نەدەبوو رێگە بە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە بدرابووا کەوا گەلەکۆمەکی لە گەلی کوردستان بکەن و سزای بە کۆمەڵی بەسەردا بسەپێنن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش سەیرکەر بێت و بێهەڵوێست بمێنێتەوە، بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بەو زوڵمەی لە گەلی کوردستان دەکرێت ئەوەمان پێدەڵێن کەوا پرەنسیپەکانی (مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و بنەما دیموکراتییەکان) لەلایەن ئەو وڵات و لایەنانەی بانگەشەی بۆ دەکەن تەنها دروشمەو هیچی دیکە!! بۆیە کارکردن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆمی گەلی کوردستان ئەرکێکی بەپەلەی ئەم قۆناخەی کار و خەباتی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە، بۆ ئەمەش پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان)

پێکبهێنێت، بۆ ئەوەی ئەم بۆردە بتوانێت کارنامەیەکی گشتگیر دابڕێژێت بۆ چۆنییەتی کارکردن و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان.

*** بۆچوونی YNDK دەربارەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد:**

بۆ خۆئامادەکردنی کوردان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان داواکارە کەوا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بۆ تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان ببەسترێت، بە رەچاوکردنی تایبەتمەندی هەر بەشێکی کوردستان ستراتیژێکی نەتەوەیی یەکگرتوو بۆ قۆناخی داهاتووی خەباتی گەلی کوردستان دابڕێژرێت، ئەمەش بە ئەرکی بە پەلەی ئەم قۆناخەی خەبات دەزانێت و، پێیوایە دواخستنی ئەم کارە نەتەوەییە زیانێکی زۆر بە دۆزی رەوای کورد دەگەیەنێت، YNDK لەم پێناوەدا کاری زۆری کردووە و ئامادەی هەر جۆرە هاوکاری و پشتگیرییەك بووە .

بۆیە YNDK جەختدەکاتەوە سەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە بەشداری تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی مەزن، بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەم کاتە هەستیارەدا بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەزانێت، بێگومان بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە هەنگاوێك بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن.

*** بۆچوونی YNDK دەربارەی رەوشی هاووڵاتییانی کوردستان:**

هاووڵاتییانی کوردستان لە رووی بژێوی ژیان لە رەوشێکی خراپدان، سزاکانی حکومەتی عێراق و گەمارۆدانی کوردستان لەلایەن (عێراق و ئێران و تورکیا)وە، راگرتنی بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراق و وایکردووە کەوا ژیانی مووچەخۆران و هاووڵاتییانی کوردستان قورستر بێت،

ئەو حاڵەتەش دەچێتە خانەی سزادانی بە کۆمەڵ و دژ بە تەواوی بەها مرۆڤایەتییەکانە و، بێدەنگبوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبەرامبەر سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، لێرەوە جارێکی دیکە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی UN دەکەین کەوا چیتر بەرامبەر بە سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بێدەنگ نەمێنن.

* **بۆچوونی YNDK دەربارەی عێراق:**

YNDK پێیوایە ئەم رەوشەی کەوا ئێستا عێراق پێیدا گوزەر دەکات بەرەنجامی عەقلیەتی تاکڕەوی و دکتاتۆرییەتە کە حکومەتی عیراق لە رابردوو و لە ئێستادا هۆکاری هێنانە ئارای ئەم عەقلیەت و رەوشە نەخوازراوە بوون، بێگومان دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق دەیانەوێ هەمان سیاسەتی هەڵەی حکومەتەکانی پێشووی عێراق دووبارە بکەنەوە، روانینی دەسەڵاتی ئێستای عێراق هەمان روانینی دەسەڵاتەکانی پێشووە، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کەوا عەقلیەتی دەسەڵاتداری عێراقی چەقبەستووەو ناگۆڕێت، روانینی سەرۆک حکومەتەکانی ئێستای عێراق و سەددام حوسێن بۆ چارەسەری پرسی کورد هەمان روانینە! هەردوو لۆژیکی سەربازی دەخەنە پێش لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکتر گەیشتن، بە بەپێی ئەم واقیعەی ئێستاو بەپێی ئەزموونی کورد لەگەڵ رژێمەکانی پێشووی عێراق دەگەینە ئەو راستییەی کەوا نەئێستا و نە لە داهاتوودا متمانە بە دەسەڵاتەکانی عێراق نەکەین، ئەم روانین و هێرش و پەلامارانە پەیامێکن بۆ هەموو لایەک کەوا تائێستاش گەلی کوردستان هەڕەشەی لەسەرە و پێویستی بە پاراستن هەیە، بەباوەڕی YNDK عێراق لەم کاتەدا لە قەیرانێکی گەورەدایە و ئەو عەقلیەتەی ئێستا حوکمی ئێراق دەکات

عێراق بەرەو دیکتاتۆرییەت دەبات، ئەوەش قبوڵناکرێت و عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کوردستان خۆی بۆ ئەو ئەگەر و پێشهاتانە ئامادە بکات کە دێنە پێشەوە، بۆئەوەی سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت و سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنێت. ئێستاش لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی رۆژهەڵاتی ناڤین کات گونجاوە کە بەو ئاڕاستەیەدا کار بکەین.

*** بڕیارەکانی عێراق سەبارەت بە کوردستان:**

تەواوی بڕیار و سزاکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر کوردستان سیاسین نەک یاسایی و دەستووری و لەژێر هەژموونی سیاسی وەرگیراون، لەوانەش بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق سەبارەت بە ریفراندۆم ئەم بڕیارە سیاسییە و هیچ بەهایەکی یاسایی نییە، خواستی گەڵی کوردستان بەهیچ دادگا و لایەنێك هەڵناوەشێتەوە، بۆیە ئەم بڕیارەو تەواوی بڕیار و سزاکانی عێراق لەسەر کوردستان جێگەی شەرمەزارین و لای ئێمە رەتکراوەن.

YNDKپێیوایە حکومەتی ئیتیحادی کار ناکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی لەگەڵ کوردستان، مێژوویش ئەوەی سەلماندووە کە هیچ دەسەڵاتێکی عەرەبی لە عێراقدا ئامادە نییە کەرکوك و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی دیکە بگەڕێنێتەوە سەر کوردستان، بۆیە دەبێت سەرکردایەتی کوردستان بیر لە رێگە چارەی دیکە بکاتەوە بۆ ئازادکردنی ئەو ناوچانە تا دەگاتە بەکارهێنانی هێزیش، لەبەر ئەوەی ساڵانی رابردوو ئەوەیان سەلماند کە لە رێگەی یاسایی و دەستوورییەوە ئەو ناوچانە ئازاد نابن و ناگەڕێنەوە سەر کوردستان، بۆیە دەبێت خۆمان کار بکەین و ئەو ناوچانە ئازاد بکەین و بیانگەڕێنینەوە باوەشی کوردستان.

* **بۆچوونی YNDK دەربارەی رەوشی ناوچەکە:**

YNDK پێیوایە رۆژهەڵاتی ناڤین لە رەوشێکی پڕ ناسك و هەستیار و ئاڵۆزدایە، رۆژ بە رۆژ ئەگەر و پێشهاتی نوێ دێنە پێشەوە، ئەو ئەگەر و پێشهاتانە کاریگەری خۆیان دەبێت بۆ سەر رەوشی ئێستای کوردستان و بزاڤە رزگاریخوازەکانی ناوچەکە، بۆیە پێویستە ئێمەش وەکو گەلی کوردستان سوود لەو دەرفەتانە وەربگرین، هەروەها پێویستە برایانمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کار و خەباتی خۆیان خورت بکەن و بەرەو رزگاری و ئازادی هەنگاو بنێن، لە هەمان کاتدا وای دەبینین کەوا دەکرێ لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کەوا دێنە پێشەوە سوود وەربگرین بۆ کارکردن بۆ کارکردنمان بە ئەنجامی ریفراندۆم و کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

* **ئەدرێسی** YNDK : بارەگای سەرەکی YNDK هەولێر، شەقامی شەست مەتری، چوار ڕیانی ئەلبان.

* **ئەدرێسی ماڵپەر:**
www. yndk.com

**ئیمێلەکانی پەیوەندیکردن بەماڵپەڕ:**

mmexmuri@gmail.com ٠٧٧٠٤٤٥٠٩٢٢

shakhewan@yahoo.com ٠٧٥٠٤٤٧٠٠٩٨

# YNDK لە خەبات و بەرخۆدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەردەوام دەبێت

ڕۆژی ٣/٢١ لە مێژووی دیرۆکی نەتەوەییماندا ڕۆژێکی پڕشنگدار و تەژی سەرکەوتن و سەرفرازییە، ئەو ڕۆژە بۆ کورد وەرچەرخانە و سەرکەوتنە بەسەر زوڵم و ستەم و ڕۆژی ئازدی سەربەخۆییە بۆ نەتەوەکەمان و جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی کوردی و سەرەتای بەهار و بوژانەوە و نوێبوونەوەیە، لەبەر ئەوە YNDKئەم ڕێکەوتەی هەڵبژارد و کردیە ساڵڕۆژی دامەزراندەکەی، لە ١٩٩٥/٣/٢١ کۆمەڵێك کەسایەتی وڵاتپارێز و ڕۆشنبیر و نەتەوەیی لە ناو هەناوی کۆمەڵگەی کوردی بەخوێندنەوەی واقیعی کوردستان و ناوچەکە و جیهان، مژدەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەییەوەییان بە خەڵکی کوردستاندا، ئەویش YNDK بوو، ئەم ڕێکخراوە نەتەوەییە لەماوەیەکی کورت بەهۆی سیاسەتی ڕاستگۆیانە و کارکردنی لە بەرژەوەندی خاك و گەلی کوردستان توانی ببێتە خاوەن پێگە و جەماوەری خۆی، نەك هەر لە باشووری وڵات، بەڵکو لەرهەموو بەشەکانی کوردستان بووە جێگەی ئومێدی وڵاتپارێزانی کوردستان.

**بارودۆخی سەرهەڵدانی YNDK**

لە کاتێکدا وڵاتانی کۆلۆنیالیستی کوردستان چاویان بە ئەزموونەکەمان هەڵنەدەهات و کەوتبوونە خۆ بۆ پیلانگێڕی بۆ لەباربردنی ئەزموونی باشووری کوردستان و لەگەڵ یەکەم گوللەی شەڕی ناوخۆی باشووری کوردستان، هەستمان کرد پیلانی گڵاوی دوژمنان خەریکە سەر دەگرێ، کە کورد ئەوەی بەخوێن بە دەستیهێناوە خەریکە بەدەستی خۆی دەیڕوخێنێ، هەر لەم کاتەشدا جەماوەری کوردستان خەریك بوو وردە وردە هەستی کوردایەتیان بەهۆی ئەم

شەڕە نەگریسە رووە و کزی هەنگاوی دەنا، لەم ساتە وەختە ناسك و دژوارەدا لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە، سەر لە نوێ وەبەرخستنەوەی ئومێدی نیشتمانپەروەریەتی لە هەست و دەروونی تاکەکانی کورد و کارکردن لەسەر پوچەڵکردنەوەی خەونی حوشتری دوژمنان و داگیرکەران، بۆ ئەم مەبەستە لە رۆژی١٧و١٨و١٩/٣/١٩٩٥ لە شارۆچکەی عەنکاوە، یەکەمین کۆنگرەی یەکێتکیمان YNDK بەستراو لە ٢١/ ٣/١٩٩٥ دامەزراندنەکەی وەکو مژدەیەکی هیوا بەخش بە جەماوەری کوردستان راگەیەنرا، YNDKهەر لە دەستپێکی کار و خەباتی لە ماوەیەکی کورتدا سەنگ و قورسایی بە شێوەیەکی بەرچاو بەدیار کەوت و هەر زوو لەلایەن تاکەکانی کورد ناسرا، ئەمەشیان بەهۆی ئەو بەرنامە نەتەوەییەی نێو بازنەی نیشتمانی و رەچاوکردن و هێنانەکایەی بەرژەوەندی باڵای کوردستان و هەڵوێستە سیاسییەکانیەتی بەرامبەر دۆزی نەتەوەییمان لە کوردستانی مەزن و چڕکردنەوەی ستراتیژ و گوتارە سیاسییەکەی لە دروشمی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو و دیموکرات، YNDK درك بەوە دەکات کوردستان ژێر دەست و داگیرکراو و دابەشکراوە، بۆیە کەمتر لە سەربەخۆیی داوا ناکات، کورد نەتەوەیەکی رەسەن و کۆنی خۆرهەڵاتی ناڤینە و خودان تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیەتی لە زمان و خاك و کەلتوور و مێژووی هاوبەش و بنەماکانی دەوڵەت لەگەڵ خاك و سیستەمی سیاسی.

**YNDK شەڕی ناوخۆی حەرامکردووە**

شەڕی نەگریسی ناوخۆ (١/٥/١٩٩٤ تا ١٧/٩/١٩٩٨) نەهامەتی بۆ هەموو گەلی کوردستان هێنا و توانایەکی زۆری کوردستانی بەهەدەردا، بۆیە YNDK شەڕی ناوخۆ و براکوژی لە خۆمان و تەواوی لایەن و تاکەکانی کوردی حەرام کردووە و پێمان وایە شەڕی براکوژی جگە لە زەرەروو زیان هیچ

خزمەتێك بە بەرژەوەندی نەتەوەییمان ناگەیەنێ، هەر ئەو کاتە داوای لە لایەنەکانی شەڕکەر کرد بەزووترین کات شەڕ بوەستێنن و پەنا ببنە بەر گفتوگۆی سەردەمیانە و کوردانە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکان و لەڕیشە دەرهێنانی ناکۆکییەکان و بنبڕکردنیان، لێرەدا YNDK وەك لایەنێکی ئاشتیخواز نەچووە بەرەی هیچ لایەنێکی شەڕکەر و هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ تا شەڕی ناوخۆیی کۆتایی پێهات.

**دژایەتیکردنی YNDK لەلایەن وڵاتانی ئەقلیمییەوە**

بەهۆی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی YNDK ئەستێرەی خەباتی گەشایەوە، لەو کاتەدا داگیرکەران و دوژمنانمان بەهەموو شێوەیەك کەوتنەخۆ بۆ بەربەرەکانی کردنی YNDK بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لە رێی هزرە هاوردە غەیرە نەتەوەییەکان، ئەوە بوو YNDK لە ١/١٠/ ١٩٩٥ بەهۆی هەوڵدانیان بۆ تێکدانی ریزەکانی YNDK خۆی لەم چەند کەسە پاککردەوە.

بێگومان ئەم هەڵوێستەی YNDK بێ باج نەبوو، هەر بۆیە بەمەبەستی چاندنی ترس و دڵەڕاوکێ و ساردکردنەوەی هەڤاڵانمان لە ١٩٩٥/١٠/٢٠ لە هەوڵێکی نەزۆکدا هەوڵی تیرۆرکردنی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتیری گشتیی یەکێتیمان YNDK دراو بەسەختی برینداریان کرد، بەڵام خۆشبەختانە رزگاری بوو، پاشانیش لە رێی هەڕەشە هەوڵی دوور خستنەوەی هەڤاڵانمان لە دەوری YNDK درا، بەڵام هەڤاڵانمان لەسەر گەیاندنی پەیامی کوردایەتی بەردەوامبوون. تاوای لێهات وڵاتە ئەقلیمییەکان هەوڵ و توانای زۆر بخەنە گەڕ تا YNDK بخەنە ژێر باڵی کاریگەری و سیاسەتی خۆیان، بەڵام گشت ئەم هەوڵانە بوونە بڵقی سەر ئاو و گشتیان پوچەڵکرانەوە لەبەر ئەوەی YNDK رۆژێك لە رۆژان بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی نەخستە سەرووی بەرژەوەندی نەتەوەییمان، هیچ کاتێك بیری لە فرۆشتن و

دابەزین لە دروشمەکەی نەکردۆتەوە هەر لە فەرهەنگیدا نییە سازش لەسەر دۆزی کورد بکات و هەر وڵاتێکی داگیرکەری بەشێك لە کوردستان بە دوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانێ، دیسانەوە دوژمنانی ئەزموونەکەمان دەستیان کردەوە بە هەوڵدان بۆ پیلانگێڕی و توانیان چالاکترین و کاریگەرترین هەڤاڵ لە ریزەکانی یەکێتیکمان YNDK دەستنیشان بکەن و لە ٣١/ ٥/ ٢٠٠٠ لە شاری هەولێر دەستی ڕەشیان گەیاندە گیانی پاکی شەهید (سەربەست مەحموود) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی YNDK و سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا و تیرۆریان کرد، بەمەش دوژمنان توانیان ئارمانجێکی پڕ بەها لەناو YNDK هەڵبژێرن و تیرۆری بکەن، بەڵام ئەم هەموو هەوڵانە بە پێچەوانەی خەونی دوژمنان گەڕایەوە، ئەم هەوڵە نەزۆك و ترسنۆکانە، (YNDK)یان سوورتر کرد، لەسەر خەباتی کوردایەتی کە دەتوانین بڵێین شەهید سەربەست مەحموود سەر قافلەیەتی، هەروەها ئەم هەوڵانە (YNDK)یان لە رووی توانای نیشتمانی و وڵاتپارێزی بەهێزتر کرد و کردیانە گەورەترین هێزی نەتەوەیی بۆ رووبەڕوو بوونەوەی داگیرکەران و بە جێگەیاندنی پەیامی کوردایەتی و سەربەخۆخوازیمان.

**YNDK کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات**

پرسی سەربەخۆیی کوردستان یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی ئەم ناوچەیە، تا ئێستا خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ نییە، هەموو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین خاوەنی دەوڵەتن، کەچی نەتەوەکەمان بەپێی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بەرژەوەندی زلهێزان چەندین جار دابەشکرایە سەر نەتەوە سەردەستەکانی عەرەب و فارس و تورك و بە چەند دەوڵەتێکەوە لکێندرا، کورد چەندین هەلی بۆ گونجا لە بارترین هەل لە پەیمانی سیڤەری

ساڵی ١٩٢٠ بوو کە تیایدا کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی لە پاش ساڵێك خۆ بەڕێوەبردنی خۆجێیی وەکو نەتەوەکانی دیکە کە لەپاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوونە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و پاشان لەساڵی ١٩٢٣ بەهۆی پەیماننامەی لۆزانەوە، سیڤەر لەباربردرا، ئەمە و چەندین هەلی دیکە لە ڕێگەی کۆمار و میرنشینە کوردییەکانەوە ئەنجامدرا، نزیکترین دوو هەلی دیکە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و لە رووخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ کەچی لە باشووری کوردستان نەمانتوانی سوود لەم دوو دەرفەتە زێڕینانەش ببینین.

لەم دیدگایەوە YNDK تاکە ڕێگە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەییمان سەربەخۆیی کوردستان بە چارەسەر دەزانێت و کوردیش کە نەتەوەیەکی زیاتر لە ٧٠ ملیۆنییە، وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکە پێویستە کیان و دەوڵەتی خۆی هەبێت، لەبەرئەوەی کورد کۆنترین نەتەوەی خۆرهەڵاتی ناڤینە کە خاوەنی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیەتی لە خاك و جوگرافیا و مێژوو گەل و داب و نەریت و ئایینی تایبەت بەخۆی و دەسەڵاتی سیاسی لەبەر ئەوە هەنگاو و خەباتمان بەردەوام دەبێت بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

**شەهید سەربەست سیمبۆلی بەرخۆدانی نەتەوەییمانە**

شەهید سەربەست مەحموود ئەندامی مەکتەبی سیاسی YNDK و سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری سەرخۆبوون، خودان خامەیەکی بوێر و هەق گۆ بوو، وتار و نووسین و تویژینەوەکانی لەسەر پرسە نەتەوەییە چارەنووسسازەکان جێگەی سەرنجی هەموو لایەك بوون، تەنگی بە دوژمنان و نەیارانی بیری نەتەوەیی هەڵچنیبوو، چی نەخشە و پیلان هەبوو دەیخستەڕوو شرۆڤەی ورد و دروستی بۆ دەکردن و لایەنە شاراوەکانی ئەم پیلانانەی ئاشکرا دەکردن، بۆیە دوژمنانی کورد و کوردستان خستیانە نێو

سێرەی بیری تەسکی تیرۆریستی خۆیان و لە ٢٠٠٠/٥/٣١ دەستی رەش و چەپەڵیان گەیاندە گیانی بەرزەفڕ و پیرۆزی ئەم سەرکردەیە و شەهیدیان کرد.

شەمشەمە کوێرەکانی مەملەکەتی تاریکستان وایانزانی بە شەهیدکردنی سەربەست مەحموود کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم خەباتی YNDK و بوێری و راستگۆیی دروست دەکەن، نەیانزانی شەهید سەربەست لە دوای خۆی نەوەیەکی بەجێهێشت و پەروەردەی هەمان خوێندنگەی کوردایەتی و وشەی هەقی کردوون. ئەوەی جێگەی داخە ئەوا بیست ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی ئەم شەهیدە سەرکردەیە تێپەڕدەبێت، بەڵام دەزگاکانی پەیوەندیدار لە لێکۆڵینەوەیان تا ئێستا نەیانتوانیوە بکوژانی بدۆزنەوە، بۆیە پێویستە هەوڵی زیاتر بخەنە گەڕ بۆ دۆزینەوەی بکوژانی و دادگایکردنیان و بەسزای عادیلانەی خۆیان بگەنن.

**بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد خواستی(YNDK)ە**

YNDK هەموو کات جەختی لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کردۆتەوە و بەستنی ئەم کۆنگرەیە بەئەرکێکی بەپەلە و گرنگ دەزانێت، تیایدا هێز و لایەنەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان بەشداربن، لەگەڵ کەسایەتی وڵاتپارێز و نەتەوەیی و رۆشنبیرەکانی کوردستان بۆ ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا ستراتیژی نەتەوەییمان بۆ هەموو بەشەکان دابڕێژین و خەبات و تێکۆشان بگەیەنینە قۆناخێکی دیکەوە، بۆیە پێویستە بەزووترین کات کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ببەستین و چیتر لێنەگەڕێین وڵاتانی ئەقلیمی و کێشە ناوخۆییەکان هەوڵەکانی بەستنی ئەو کۆنگرەیە جارێکی دیکە لەبارببەن.

**کۆنگرەکانی YNDK**

لەگەڵ ئەم هەوراز و نشێوییەی YNDK بینویەتی، توانی پێنج گۆنگرە ببەستێ لە میانەی ئەم کۆنگرانەش YNDK توانی پەیامەکەی رەسەنتر و

قووڵتربکاتەوە و باشتر بەدیار بکەوێ و هەڵوێستە سیاسییەکانیشی دەهەمبەر پیلانی داگیرکەران و دوژمنان زێدەتر بکات.

**بڵاوکردنەوەی وشیاری نەتەوەیی**

YNDK رۆڵی هەبووە لە بڵاوکرنەوەی وشیاری نەتەوەیی لە نێو جەماوەر، هەموو کات کاریکردووە بۆ پەروەردەکردنی رۆڵەکانمان بەبیری کوردانە لەپێناو خزمەتکردنی کوردستان، بۆیە YNDK هەڵگری فەلسەفەی بیری نەتەوەیی رەسەن و سەردەمانەیە، چونکە پێمان وایە بیری نەتەوەیی تاکە هزرە کە بتوانێ زۆرترین خزمەت بەگەلی کوردستان بکات، بەجیاوازی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا هاوردەکان کە هیچ کات نەیانتوانیوە داخوازییەکانی کورد بهێننەدی، بەدرێژایی مێژووش دوژمنان هەرگیز نەهاتوون لەبەر ئینتیمای ئایینی یان چینایەتی وڵاتمان داگیر بکەن، بەڵکو وڵاتانی کۆلۆنیالیست لە سۆنگەی نەتەوەیی و نیشتمانی خاکەکەمانیان داگیرکردووە و کوردیان دووچاری جینۆساید کردۆتەوە، لەبەر ئەوە چەکی روبەڕووبوونەوە لە نێو بازنەی بیری نەتەوەیی تەکاندەدا و داگیرکەران و دوژمنان روو رەش و گۆڕبەگۆڕ دەکات.

**پەیوەندییەکانی YNDK**

یەکێتیکمان YNDK بە جدی کار دەکات و هەوڵی داوە پەیوەندییەکی تۆکمە لە واری سیاسی و رۆشنبیری و کەلتوری و کۆمەلایەتی لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان بێنێتەکایەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووی داننەنانە بەو سنووورە دەستکردانەی داگیرکەران بەپێی بەرژەوەندییەکان کێشاویانە و کوردستانیان لەت و پەتکردووە، لەبەر ئەوە YNDK بووەتە گڕوتینێك بۆ بزاڤی کوردایەتی لە کوردستانی مەزن، بۆیە تەماشا دەکەین کاری نەتەوەیی و سیاسیی YNDK دەرەنجامی گەورە و مەزنی لە بەرژەوەندی نەتەوەییمان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن لێکەوتەوە.

هەروەها YNDK پەیوەندی قوڵی لەگەڵ سەرجەم هێز و لایەنەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و کوردانی تاراوگە هەیە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانی تری سەرخاکی کوردستان هەیە و باوەڕی بەپێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە و برایانە هەیە لەگەڵیاندا، هەروەها پەیوەندی باشی لەگەڵ کونسلخانەکان کە لە باشووری کوردستانن و پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە هەیە کە هاوسۆزی دۆزی رەوای گەلی کوردستانن، لە هەمان کاتدا ئەوەی جیگەی شانازییە YNDK هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەل داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان نیە.

**بڵاوکراوەکانی YNDK :**

هەر لە سەرەتای دامەزراندنیدا YNDK کۆمەڵێك رۆژنامە و گۆڤاری بەهزرێکی نەتەوەیی دەرکرد و بڵاوکردەوە لەوانە رۆژنامەی میدیا کەزمانحاڵی (YNDK)ە، هەموو بیروباوەڕ و تێروانینەکانی تێدا بەرجەستەکراوە و سەکۆیەکی ئازاد بووە بۆ سەرجەم رۆژنامەنووس و نووسەرانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، لە پاڵ ئەمەدا ژمارەیەکی دیکەی بەرچاو لە گۆڤار و رۆژنامەی دیکە لەلایەن YNDK دەرکراون و یان پاڵپشتیکراون لەوانە (گۆڤاری سەرخۆبوون و گۆڤاری قەرەچووغ و رۆژنامەی ئازادی قەرەچووغ و رۆژنامەی ئاڤێستا و دەنگی مەخموور و مانگنامەکانی نەورۆز و رۆژهەڵات) و رادیۆی دەنگی مەخموور چەندین بڵاوکراوەکانی دیکەی YNDK، هەروەها بەسەدان پەرتووکی نەتەوەیی و هزری نوسەرانی بە چاپ گەیاندووە.

**رۆژنامەی میدیا رۆلی ئۆپۆزسیۆنی بینیوە**

دەرچوونی رۆژنامەی میدیا لە نێو هەناوی رۆژنامەگەری کوردی ئەزموونێکی فرە گرنگی ئەم بوارە بوو، بەهۆی ئەوەی رۆژنامەی میدیا لە بارودۆخێکی سەختدا لەدایکبووە، سەکۆ و مینبەرێك بووە، بۆ وڵاتپارێزانی

کوردستان، دەیان بگرە سەدان نووسەر و رۆژنامەنووسی لەژێر یەك چەتری رۆژنامەوانی بەزمانێکی سەردەمیانەی پڕ زانیاری و پرۆفیشناڵانە کۆکردۆتەوە و پێی گەیاندوون.

میدیا کاریگەری هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و سەرچاوەیەکی باشی زانیاری بووە، بۆ هاووڵاتییان، چەندین ئەکادیمی و زانستکار وەکو سەرچاوە و تۆژینەوە سوودیان لێوەرگرتووە، لەبەر ئەوە رۆژنامەی میدیا ئەرشیفێکی نەتەوەیی گرنگە. رۆژنامەی میدیا لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩٦ دەرچوو لە ماوەیەکی کورتی تەمەنیدا هەموو سنوورەکانی بەزاند و بووە دەنگی هەموو تاکێکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و رەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات.

میدیا یەکەمین ئەزموونی رۆژنامەی حزبی سەرکەوتوو بوو، کە توانی ئەو رۆژنامەیە بکاتە پلە یەك لەڕووی خوێندنەوە و فرۆشی تیراژی و کاتێ لە چاپخانە بە هۆکارێکی تەکنیکی بۆ چەند کاتژمێرێك دوا کەوتبایە بە سەدان تەلەفۆنی بۆ دەکرا, ئاخۆ بۆ میدیا نەگەیشتۆتە دەست خوێنەرانیەوە.

میدیا رۆڵی ئۆپۆزسیۆن و رۆژنامەیەکی ئەهلی زیاتری بینینوە، سەکۆی ئازادیخوازن بووە، هەموو بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەك جێگەی لەم رۆژنامەیە بۆتەوە، راو بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازی بڵاوکردۆتەوە، راستگۆیانە دەنگی هەموان بووە و داخوازی و ویستی خوێنەرانی وەکو خۆی گەیاندووە و پردێکی پتەوبووە لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا.

کاریگەری ٦٤٥ ژمارەی رۆژنامەی میدیا بووەتە هۆی لەقکردنی پۆستی چەندین بەرپرسی گەندەڵ، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە لەسەر هەڵلوشینی سامانی گشتی، ئەوەش میدیای گەیاندە ئەو ئاستەی کە خەڵك

بە پاڵپشت و دەنگی خۆیانی بزانن، میدیا لە ڕاستی و دروستی هەواڵ و راپۆرتەکانی هەمیشە جێگەی متمانە بووە، لەبەر ئەوەی رۆژنامەی میدیا کاتێ هەواڵ و راپۆرتێك بڵاودەکاتەوە مەبەست و مەرامی تەنیا خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە، میدیا لە هەر ژمارەیەك راستییەکی بە خوێنەرانی و خەڵکی کوردستانداوە لەسەر ئەم پەیامەی بەردەوام بوو، ئێستاش لەرێگەی ئاژانسی هەواڵی میدیا www.yndk.com درێژە بەرەوتی رۆژنا گەمەری خۆی بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەدات.

**دوا پەیام**

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK هەموو کات بەگوڕوتینێکی وڵاتپارێزانەی زیاتر لەژێر ئاڵای شەکاوەی کوردستان کار دەکات و هەنگاو بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو و دیموکرات دەنێت.

# YNDKپێویستییەکی مێژووییە

YNDK پێویستییەکی مێژووییە، لە کات و ساتی سەرهەڵدانی و ئێستاش بۆ جەماوەری کوردستان، چونکە لە قەیرانی کێشەی کورد هاتەکایەوە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی خەباتی نەتەوەییمان بە شێوەیەکی راست و رەوان ئاڕاستە بکات، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سکرتێر و هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی و کارگێڕو ئەندام و لایەنگرانی YNDKدەکەم.

هیوام وایە لە ساڵیادی ئەمساڵ بە گوڕو تینێکی نوێ بێتە مەیدانی کاری نەتەوەیی و بەهەموو لایەك هەوڵبدەین شەڕی ناوخۆ و کێشە ئابوورییەکان نەهێڵین و بەرە و سەربەخۆیی پاڵ بە قۆناغی فیدڕاڵیەتەوە بنێن.

ئێمە لە YNDK لە ماوەی رابردوو توانیمانە لە بواری رێکخستن و پەیوەندییەکان و راگەیاندن...هتد کار و چالاکی یەکی زۆر ئەنجام بدەین.

لەسەر ئاستی شارەکانی کوردستان لە هەموو بوارێك هەوڵمان داوە بۆ گەشەکردن و دروست کردنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان بەمەبەستی یەکخستنی هەڵوێستەکان و یەکڕیزی لە بڕیاردان و کردەوەدا.

هەروەها توانیومانە رۆڵی خۆمان بگێڕین لەوشیارکردنەوەی جەماوەر بە بیری نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیری هەڤاڵانمان لە سەرجەم ستاف و رێکخستنەکاندا، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی کێشە ڕەواکەمان بکەین، هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی کوردستان بنێین.

*ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە (٣٠) ی رێکەوتی ١٩٩٨/٣/٢١ بڵاوکراوەتەوە.

# دیدگا و کاریگەری YNDK لە بەردەم راگرتنی شاڵاوی تەعریب و راگواستندا

بەدرێژایی مێژوو کارەسات و مەرگەساتی ترسناك و دژوار بەسەر نەتەوەی کوردمان هاتووە، هەر لە داگیرکردنی کوردستان و راگواستن و بەعەرەبکردن و ئەنفالکردن و جینۆساید و کوشتن و بڕین، ئەمانەش هەر هەمووی پەڵەیەکی رەشن بەنێوچەوانی رژێمە سەرکوتکەر و دیکتاتۆرەکان کە هەر لە سەرەتای لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە ئەم سیاسەتەیان دەهەمبەر چێکردووە.

سیاسەتی تەعریبیش کە نارەوا و شۆڤینییەتە بریتییە لە گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی کوردی و سەپاندنی زمان و کەلتوور و نەریتی عەرەب بەسەر تاکەکانی کورد و خاکەکەی لە پێناو سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی و مێژوو شوێنەواری کوردستان، بە تایبەت لە ناوچەکانی (کەرکووك و خانەقین و مەخموور و شنگار و زممار...تد) ئێستا پیادەکردنی دیارە سەرەتای تەعریبیش دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی عەرەب لە رێگەی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان هەروەها دوای لکاندنی باشووری کوردستان بەهۆی بوونی کۆمەڵێك بەرژەوەندنی نێودەوڵەتی خرایە سەر عێراقی عەرەبییەوە سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگوستن زیاتر چڕبۆوە بە پیلانی نەگریسی فراوانتر ئەم پرۆسەیە لە لایەن رژێمی بەعس ئەنجامدرا، بۆ نمونە گەر باسی ئەم سیاسەت لە دەڤەری مەخموور بکەین، رژێم لە ناوچەکانی( مەخموور و قەراج و کەندێناوە) سیاسەتی تەعریب و راگوێزانی بە چەند قۆناغێك و بەرنامەیەکی دارێژراو پیادە کرد.

تا سالآنی ۱۹۸۸ رژێم زێتر لە (١٤٥) گوند و دێهاتی دووچاری سووتاند و کاوڵکردن تەختکردن کردووە و پتر لە (٤٠) هەزار هاووڵاتی کوردی بە زۆری زۆردارەکی خستە نێو ئۆردوگا زۆرە ملێکان لەوانە ئۆردوگای (دارەتوو و بنەسلاوە، کەورگۆسك، جدیدە، تۆبزاوە) لە پاڵ ئەمە تەواوی زەوی و زار و ماڵەکانیشیان دابەشی سەر عەرەبە کۆچەرەکان کرد.

ئەوانەی رژێم لە ناوەڕاستی باشووری عێراق هێنایەنە ئەم ناوچانە عەشیرەتە عەرەبەکانی( شەممەر، جبووری، لهێب، شلیلە، سەبعاوی... چەندین عەشیرەتی دیکە) هەر یەکە لەم عەشیرەتانەش بڕێکی زۆر زەوی و پارەیان بۆ تەرخانکرا تابتوانن پێگەی خۆیان قایمترکەن، رژێم هەر بەوە نەوەستاوە هەڵسا بە دروستکردنی ژمارەیەك ئۆردوگا بۆ عەرەبەکان تا بەم پێیە ژمارەیان زیاد بکات، (ئۆردوگاکانی رسالە و تل حیال و عدنانیە و فورات و سلام و نەسر) لە تەك ئەمە ناوی زۆربەی شارۆچکە و گوندە کوردنشینەکانی لە کوردییەوە بەعەرەبکردن لەوانە (رژێم ناوی مەلاقەرەی گۆڕی بە عەدنانیە و گردەشینە گۆڕی بۆ تل حیل و شۆرەزەتکە بۆ فورات و گردی گۆم بۆ سەلام و تل خیم بۆ وەحدە) بەم جۆرە تەعریب تەواوی سەنتەر قەزای مەخموور و هەر سێ ناحیەی (قەراج و دیبەگە و گوێڕ)ی گرتەوە، دیسانەوە رژێم ئەم هەنگاوانەی لە دوای راپەڕینی بەهاری (۱۹۹۱) دا توندتر و دژوارتر کرد و بڕیاری یەکجارەکی بەعەرەبکردن و راگواستنی کوردەکانی دەرکرد.

راستەوخۆ بەڕاشکاوی بەپێی بڕیارێکی شووم لەسەر کوردەکانیان کرد، ماڵ و حاڵیان جێبهێلن و کۆچ بکەنە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان.

لەم سۆنگەوە رژێم کوردەکانی بەپێی نوسراوی رەسمی لە تەواوی مافی هاوولاتی نیشتەجێکردن و مولکداریتی و کڕین و فرۆشتن و مۆڵەتی پیشەیی یاساغ و قەدەغە کرد.

ئاشکرایە سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستن کارکردنە بۆ گۆڕینی واقیع و ئەتنی ناوچەکە و بەتالانبردن و هەڵلوشینی سەروەت و سامان و سەرمایە نیشتمانییەکانی کوردستان، ئەمانەش هەر هەمووی دەچێتە خانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دژی هەموو نەریت و پێڕەوێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و دادوەری جیهانین، ئینجا بابزانین تێڕوانین و دیدگای یەکێتیمان YNDK وەك رێکخراوێکی نەتەوەیی ـ سیاسی لە بەردەم ئەم سیاسەتە گلاو و نەگریسانە کە هەردەم بەرچاوی روون بووە، بەر لەوەی دوژمن پیلانەکانی بگەیەنێتە ئەنجام بە گورج و گۆلیەوە ئەم سیاسەتانەی ئاشکرا کرووە و لە رۆژنامەدا بلاوکراوەکانی تیشکی خستوتە سەر و مەرامەکانی داگیرکەران و بۆ هەموو لایەکی ئاشکرا کردووە، جگە لەمانە YNDK لەڕێی رێکخستنەکانی ئەم ناوچانە گیانی بەرخودان خۆڕاگری بەرگری تەشەنە پێکردووە، ئەوەتا رژێم لە دوایین شالاوی بەعەرەبکردن لە ناحیەی گوێڕ هانی کۆمەڵێك عەرەبیدا بەپارەیەکی زۆر زەوییەکان لە کوردەکان بکڕنەوە، دەهەمبەر ئەم شالاوە هەڵساین بە ئاگادارکرنەوەی راستەوخۆی خەڵکی ئەم دەڤەرە کە رژێم گەرەکیەتی زەوییەکانیان لە دەست دەربهێنێ و دوایش لە ناوچەکەنیان وەدەربنێت، ئەم ئاگادارکردنەوە کاریگەری هەبوو کە زەوییەکانیان نەفرۆشنە عەرەبەکان و سیاسەت و مەبەستی رژێمیان بۆ روون بۆوە، ئەمە و بەچەندین کاری تری لەم جۆرە خزمەتی دەڤەرەکەمان کردووە .

هەروەها لە بواری هۆشیاری نەتەوەیی و رۆشنبیری، بڵاوکراوەکانی YNDK لە رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی بەیاننامە و راگەیاندن بۆ ئەم ناوچانە دەچن و گۆڤارێکیش بە ناوی گۆڤاری قەرەچووغ و رۆژنامەیەك بەناوی ئازادی قەرەچووغ تایبەت کراوە و کۆمەڵێك بابەتی رۆشنیری و هونەری و کەلتووری و لێدوان لەسەر سیاسەتی تەعریب و راگواستنی ناوچەکانی مەخموور و قەراج و کەندێناوە لە خۆ دەگرێت.

با بزانین پەرلەمان و حکومەتی کورستان و ناوەندی بڕیار بەدەست و نەتەوە یەکگرتووەکان(UN) و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی چییان سەبارەت بە تەعریب و راگواستنی ئەم ناوچە کوردییانە ئەنجامدراوە، گومانی تێدا نییە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە(١٠)ی ئاسایی خۆی تاکە خاڵ بۆ ئەم دانیشتنە تاوتوێکردن بوو، لە بارەی تەعریب و تەرحیلی ناوچە کوردییەکان و لە یاداشتنامەیەك بەپێی زانیاری و دیکۆمێنتەکان پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان( UN) بکرێ، بەڵام تا ئێستا رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ( UN) بەشێوەیەکی جدی فشاریان نەخستۆتە سەر رژێمی عێراق، تا واز لەم سیاسەتەی بهێنی کە لەبەر چاویان رۆژانە بەدەیان خێزان تەرحیل دەکرێن، بۆیە گەرەکە بە هەموو لایەکمان بەپەلە و خێرا بە تایبەتی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان مەسەلەی تەعریب و تەرحیلی کردۆتە خاڵێك لە هێڵی سەرەکی بەرنامەکەی بە دوای هەموو دیکۆمێنت و بەڵگەنامە و سەرژمێرییەکان بکەوین لە ڕێی نەتەوەیەکگرتووەکان( UN)، هەروەها فشار بخەیتە سەر رژێم تا سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و تەرحیل رابگرێ، کار بۆ فراوانکردنی هێڵی ٣٦ بکرێ، لەم روانگەیەوە ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لە بەردەم ئەم شاڵاوە جەرگبڕە بێدەنگ بووینە،

لە حاڵێکدا خۆیان چاك دەزانن ئەوانەی دووچاری سیاسەتی تەعریب و تەرحیل دەبنەوە، هەر هەمووی کوردی موسڵمانن، ئایا دەبێ چ وای لێکردبن بەم شێوەیە بێ هەڵوێست و بێدەنگ بن بە ڕای من ئەم بێ هەڵوێستییە تەنیا رازیبوونی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی هەڵدەگرێ، بەرامبەر ئەم سیاسەتە چەپەڵەی دەرهەق بە میللەتەکەمان دەکرێ، لێرەدا لەتەك ئەم رازانە دەبێ رژێم چاك بزانێ کورد دەست لە بستە خاکێکیشی هەڵناگرێت، سەرجەم بەڵگەنامە رەسمیەکانیش دەیسەلمێنن ناوچەکانی قەراج و مەخموور و کەندێناوە و ناوچەکانی دیکەی کەرکووك خانەقین و شنگال و بەدرە و جەسان و هەموو ئەو ناوچە کوردییانەی بن دەستی رژێمی عیراق کوردیین، گەر ئەمرۆ رژێم بۆی بکرێ ئەم ناوچانە تەعریب بکات، ئەوا سبەی دەکەونەوە ژێر دەسەڵاتی کورد و ئازادی و رزگاری بە چاوی خۆیان دەبینن و دەگەڕێنەوە باوەشی ئیدارەی حکومەتی کوردستان.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە (٦٣)ی رۆژی دووشەممە لە ٢٧/ ٣/ ٢٠٠٠ بڵاوکراوتەوە.

# هەوڵەکانی YNDK بۆ ڕاگرتنی شاڵاوی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن

سیاسەتی نەگریسی بەعەرەبکردن و راگواستن لەدێر زەمانەوە لە دژی نەتەوەکەمان لەپێناو رەتکردنەوەی مۆرکی نەتەوەییمان لە کوردستان لەلایەن داگیرکەر و دوژمنانی کورد و کوردستان پیادەکراوە، ئەم سیاسەتە بەدرێژایی مێژوو مەرگەساتی دژوار و کەتوارێکی قێزەوەنی بۆ مرۆڤی کورد چێکردووە، داگیرکەران هەموو کات هەوڵییان داوە ناسنامەی کورد بشێوێنن و کاریگەری خراپیان لەسەر کەسایەتی و باری دەروونی کورد کردووە، بۆ دوورخستنەوەی لەزمان و مێژوو و کەلتووری خۆی, بەرامبەر ئەوە ویستوویانە زمان و کەلتووری خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن, تا ئەمڕۆش ئاسەواری ئەم کەلتوورە غەیرە کوردییە بەسەر تاکی کورد کاریگەری ماوە، کە بەشێك لەهۆکارەکانی مانەوەی بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە لە باشووری کوردستانی نیمچە ئازادکراو, تا ئێستاش هەوڵی ئەوەمان نەداوە پرۆگرامی خوێندن بەتەواویی بە کوردی بکەین، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت مێژووی شێواو و داگیرکەر و جوگرافیای عێراق و نیشتمان عەرەبی دەخوێندرێت، کەچی گەرەك بوو ماددەیەکی تایبەت لەسەر پرۆسەی بەعەرەبکردن راگواستن لە خوێندنگەکان بەرۆڵەکانمان بڵێینەوە.

مێژووی بەعەرەبکردنی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زوو، عەرەبەکان تا ساڵی ١٦ی کۆچی بەرانبەر ٦٣٧ زایینی لە کوردستان بونیان نەبووە، لەم ساڵەوە لەژێر ناو و دروشمی فتوحاتی ئیسلام عەرەبەکان پێیان ناوەتە خاکی پیرۆزی کوردستان، لەم ساتەوە لەبەر ئەوەی کوردستان شوێنێکی زۆر گونجاو بووە بۆ ژیان بەسەربردن و هەموو پێداویستییەکانی ژیانی تێدا فەراهەم بووە، عەرەبەکان پۆل پۆل لە خاکە بیابانی و وشکانیەکەیان خۆیان بەمەبەستی

تالآنکردنی و دەست بەسەر داگرتنی ماڵ و موولك و زەوی و زاری کوردان هاتوونەتە کوردستان، بەرامبەر ئەم هێرشکاری و داگیرکردنە کوردەکانی میرخاس و چەڵەنگانە نەیانهێشتووە بە ئاسانی پێ بنێنە خاکی کوردستان.
تا دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی لەساڵی ١٩٢١ هاتنی عەرەبەکان بۆ کوردستان بەردەوامی هەبووە، دوای ئەوەش ئەم سیاسەتە رووییێکی تری لە رووی فراوانکردنی بەخۆیەوە دی، ساڵی ١٩٣٧زێتر لە٢٠ هەزار عەرەب هێنراونەتە کەرکووك بەمەبەستی زیاترکردنی ژمارەی عەرەبەکان لەم شارە و چەند شوێنی دیکەی کوردستان، پاش هاتنی رژێمی بەعسیش بۆ سەر کورسی دەسەلآت لە عێراقدا ئەم سیاسەتە زیاتر چڕکرایەوە و بەرنامەی ترسناکتری بۆ داڕێژرا هێنانی عەرەبەکان بۆ شار و شارۆچکە کوردییەکان بەردەوام بووە, ئەمەش لە سەرژمێریەکان بەدیار دەکەوت کە وردە وردە رێژەی عەرەب زیادی دەکرد و ژمارەی کوردەکان کەم دەبۆوە، بەمجۆرە حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق دەستیان لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستنی باشووری کوردستان نەپاراست، رژێمی بەعس بۆ فراوانکردنی پیلانەکانی چەندین هەنگاوی پەیڕە و کرد لەوانە چەندین شاری نیشەجیبوونی بۆ عەرەبەکان دروستکرد و هەڵسا بە گۆڕینی رەگەزی کوردان بۆ عەرەبی لەژێر ناوی راستکردنەوەی نەتەوەیی(تصحیح القومیه) و گۆڕینی ناوی شار و شارۆچکە و گوند و دیهات و خوێندنگە و گەرەکەکانی کورد، تەنانەت ئێستا ناونانی منداڵ بەکوردی لەم ناوچانەی ژێر دەستی رژێمی عێراق قەدەغەیە، رژێم بەوەش نەوەستا بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی کورد بە کەلتووری عەرەبی خوێندنیشی لەم ناوچانە کردە عەرەبی فەرمانبەر کوردەکانیش لە دامودەزگاکانی رژێمی بەعس لە ژێر ناوی (لەپێناو بەرژەوەندی گشتی)

گواستەوە باشووری عێراق، هەروا لە کەرکووك لە ژێر ناوی هاوچەرخکردنی شارەکە زۆربەی گەڕەکە کوردییەکانی رووخاندوو پاشان عەرەبی لێ نیشتەجێکرد، سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستان عەشیرەت و شێخ و سەید و ئایینەکانیشی گرتەوە، بۆ نموونە هۆزە کوردییەکانی گەرگەری و شەبەك و پالانی کردە عەرەب و سالەیی کردە(صالحی) و شێخ بزێنی کردە(حمدانی)، هەروەها پەیڕەوکارانی ئایینی ئێزیدی و کاکەیش کە کوردن لەسەرژمێرییەکان بە عەرەب ناو نووسکردن، تا سیاسەتی بەعەرەبکردن گەیشتە مردووەکانیشمان، پیاوانی رژێم لەگۆڕستانە کوردییەکان دا کێلی ئەسلی مردوەکانیان شکاندن پاشان ناوی مردووەکانیان لەسەر کێلی نوێ بەعەرەبی بەمێژووی کۆن نووسیەوە بۆ ئەوەی بلێن عەرەب لە مێژەوە لەم ناوچەیە بوونە.

لە دوای راپەڕین و دەرچوونی بڕیاری( ٦٨٨ )ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولەتی، کۆمەلگەی نێودەولەتی راشکاوانە لەم بڕیارە ئەوەی خستەڕوو رژێمی بەعس سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستن لە ناوچە کوردییەکان پیادە دەکات، هەر لەم بڕیارە فشار خرایە سەر عێراق بۆ ئەوەی بەزووترین کات دەست لەم سیاسەتەی هەلبگرێ، بەلام تا ئەمڕۆش رژێمی عێراق لەسەر ئەم سیاسەتە بەردەوامە و گوێی بەبڕیاری ٦٨٨ نەداوە، بەم شێوەیە بەڕێژەی زیاتر لە ٤٢% ی خاکی باشووری کوردستانی بەر شالاوی بەعەرەبکردن کەوتووە.

YNDK وەك رێکخراویەکی سیاسی - نەتەوەیی، هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە هەولیداوە رووی رەشی شالاوی بەعەرەبکردن و راگواستن بۆ هەموو لایەك روون بکاتەوە و کاری لەسەر ئەوە کردووە کاریگەری ئەم سیاسەتە کەم بکاتەوە و بەدروستیش بەرنامەی خۆی داڕشتووە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی شالاوی بەعەرەبکردن و راگواستن لەو کاتەی بابەت و هەول لەسەر ئەم شالاوە

نەگریسە زۆرکەمی لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاودەکرایەوە YNDK لەرێی رۆژنامەی میدیا و گۆڤاری قەرەچووغ و ئازادی قەرەچووغ و هەموو بڵاوکراوەکانی YNDK زۆر بوێرانە هەواڵی رۆژ بە رۆژی سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستنی بڵاودەکردەوە، هەروا YNDK هەموو کات کەناڵێکی گرنگی وشیارکردنەوەی برا کوردەکانمان بووە لە ناوچەکانی کەرکووك و خانەقین و شنگال و مەخموور و قەراج و کەندێناوە و بەدرە و جەسان هەموو ئەو شوێنانەی تا ئێستا لە ژێر دەستی رژێمی عێراقدا ماونەتەوە لە پێناو خۆڕاگری و پارێزگاریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە تەنیا دوو نموونە دەهێنمەوە دوو ساڵ بەر لە ئەمڕۆ رژێمی عێراق پارەیەکی زۆری تەرخان کرد بۆ عەرەبەکان تا زەوی موڵکی کوردەکان بکڕنەوە، پێش جێبەجێکردنی ئەم پیلانە YNDK هەڵسا بە ئاگادارکردنەوەی خەڵکەکە لەم پیلانە نەگریسە و مەبەستە گڵاوەکانی رژێمی عێراقی ئاشکرا کرد، لەوەی رژێم دەیەوێ بەهەر نرخێك بێت زەوییەکانیان لەبن دەستدا دەربهێنێ، بەمەش خەڵکێکی زۆر لە فرۆشتنی زەوییەکانیان پەشیمان بوونەوە، هەروەها ئەمساڵ لە دەڤەری مەخموور، رژێم هانی عەرەبەکانیدا لەسەر زەوییە کشتوکاڵیەکانیان نیوەتۆ لەگەڵ کوردەکان بکەن و پاشان دەست بەسەر بەرووبووم و زەوییەکاندا بگرن، بۆ ئەم مەبەستە YNDK لە رێی ئاگادارکردنەوەیەك بۆ برا کوردەکانمان لەم دەڤەرە روونیکردووە کە ئەم مامەڵەیە لەگەڵ عەرەبەکان زەرەریان پێدەگەێنێ و رژێم مەبەستی گڵاوی هەیە لەم پیلانە، هەروەها YNDK لەگەڵ لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستان توانی رۆڵ ببینێ لە کۆکردنەوەی دیکۆمێنت لەسەر شاڵاوی بەعەرەبکردن و راگواستن و لە ماوەیەدا توانی چەندین کۆڕ و سیمینار بەمەبەستی

وشیارکردنەوەی خەڵکی دەرکرا بۆ گەڕانەوەیان، بۆ سەر زێدیان لە کاتی هاتنە پێشەوەی دەرفەتی بۆ گەڕانەوەیان، هەروەها لە ڕێی ئەم لێژنەیە توانیویەتی رۆڵ ببینێ بۆ هاندانی زانستکاران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم سیاسەتەی لەگەڵ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش گفتوگۆ بکات بۆ ئەوەی رووی نامرۆڤانەی ئەم سیاسەتە روون بکاتەوە لەسەروبەندی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیمان YNDK دووپاتی دەکەینەوە کە لەسەر سیاسەتی راست و دروستی خۆمان بەردەوام بین بۆ رێگرتن لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستن، یەکێتیمان YNDK بۆ ئەم مەبەستە هێزی بەرگری نەتەوەیی کوردستان HBNK پێکهێناوە تا رۆڵ ببینین لە رزگارکردنی لەم ناوچانەی لە ژێر دەستی رژێمی عێراقیدا ماون، داواش لە وڵاتپارێزانی کوردستان دەکەین پەیوەندی بەم هێزەوە بکەن و دەست لەبستە خاکێکی خۆمان هەڵناگرین و زۆری نەماوە ئەم ناوچانەی لە ژێر دەستی رژێمی عێراقدا رزگاریان بێت.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە(١٤٣)ی رۆژی٢٠٠٣/٣/١٧ بڵاوکراوەتەوە.

# YNDKخەبات بۆ ئاسۆیەکی گەش دەکات

ولاَتانی داگیرکەری کوردستان هەموو کات چاویان لە ئەزموونەکەمان بوو، بۆیە کەوتبوونە خۆ بۆ پیلانگێڕی لە پێناو لە باربردنی ئەزموونی دیموکراتی باشووری کوردستان و لەگەڵ یەکەم فیکەی شەڕی ناوخۆی باشووری کوردستان، هەستیان کرد پیلان گڵاوەکانیان خەریکە سەر دەگرێ و پێیەوە شاگەشکە بوون کە کورد لە ناوخۆ ئەوەی بەخوێن بە دەستیهێناوە دەیڕوخێنن، هەر لەم کاتەشدا جەماوەری کوردستان خەریك بوو وردە وردە هەستی کوردایەتیان بەهۆی ئەم شەڕە نەگریسە رووە و کزی هەنگاوی دەنا، لەم ساتە وەختە ناسك و دژوارەدا لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە و سەر لە نوێ وەبەرخستنەوەی ئومێدی نیشتمانپەروەرێیەتی لە هەست و دەروونی تاکەکانی کورد، و کارکردن لەسەر پوچەڵکردنەوەی خەونی حوشتری داگیرکەران و زەقکردنەوەی بیری سەربەخۆخوازی لە نێو مێشکی رۆڵەکانمان، بۆ ئەم ئەم مەبەستە لە رۆژی ۱۷ـ۱۸ـ۱۹ـ۲۰/۳/۱۹۹۵لە شارۆچکەی عەنکاوە، یەکەمین کۆنگرەی یەکێتکیمان YNDK بەستراو لە ۲۱/ ۳/۱۹۹۵ دامەزراندنەکەی وەکو مژدەیەکی هیوا بەخش بە جەماوەری کوردستان راگەیانرا، ئەمڕۆژەش بۆ YNDKو جەماوەری کوردستان مانایەکی پڕبایەخ و دیرۆکی دەگەیەنێ، چونکە ئەم رۆژە رێککەوتە لەگەڵ جەژنی نەورۆز و سەریساڵی کوردی، ئەم رێککەوتنەش خەبات و بەرخودانی وڵاتپارێزی YNDK قوولْتر دەکاتەوە لە پێناو خزمەتکردنی نەتەوەکەمان لە تەواوی بەشەکانی کوردستان YNDK هەر لە دەستپێکی کار و خەباتی سەنگ و قورسایی بە شێوەیەکی بەرچاو لە ماوەیەکی کورتدا بێ ئەوەی پێویستی بە پروپاگەندەی حزبی هەبێ بەدیار کەوت و هەر زوو لەلایەن تاکەکانی کورد

ناسرا، ئەمەشیان بەهۆی ئەو بەرنامە پڕاوپڕەی نێو بازنەی نیشتمانی و ڕەچاوکردن و هێنانەکایەی بەرژەوەندی باڵای کوردستان و هەڵوێستە سیاسییەکانیەتی بەرامبەر دۆزی نەتەوەییمان لە کوردستان مەزن و چڕکردنەوەی ستراتیژ و گوتارە سیاسییەکەی لە دروشمی کورستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو و دیموکرات، لەڕێگەیەوە نەتەوەییەکی زۆر لە دەوری کۆبوونەوە و بوونە هەڵگری پەیامی کوردایەتی زیاتر لە ٧٠ ملیۆن کوردی ژێر دەست و داگیرکراو دابەشکراو بەپێی ئەم قۆناغەی بڕیوە بە کەمتر لە سەربەخۆیی رازی نابێت، چونکە کورد نەتەوەیەکی رەسەن و کۆنی خۆرهەڵاتی ناڤینە و خودان تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیەتی لە زمان و خاك و کەلتوور و مێژووی هاوبەش و بنەماکانی دەوڵەت لەگەڵ خاك و سیستەمی سیاسی، هەروەها رەوتی ئاشتیخوازنەی YNDKدەهەمبەر شەڕی ناوخۆ کە لە خۆمان و تەواوی لایەن و تاکەکانی کوردی حەرام کردووە و پێی وایە شەڕی براکوژی جگە لە زەرەروو زیان هیچ خزمەتێك بە بەرژەوەندی نەتەوەییمان ناگەیەنێ، لەبەر ئەوە داوای لە لایەنەکانی شەڕکەر کرد بەزووترین کات شەڕ بوەستێنن و پەنا ببنە بەر گفتوگۆی سەردەمانە و کوردانە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان و لە ڕیش دەرهێنانی ناکۆکییەکان و بنبڕکردنیان لێرەدا YNDK وەك لایەنێکی ئاشتیخواز و سەربەخۆخواز ئەستێرەی خەباتی گەشایەوە و توانی دروشمی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بەڕاشکاوی بەرز کاتەوە لەو کاتەی بەداخەوە زۆر لایەن هەبوو نەك هەرباسی ئەم پرسەیان نەدەکرد، بەڵکو دەترسان تەنانەت بشیروژێنن کە ئەمەش خاڵی چەق بەستوومانە، چونکە تا داوای سەربەخۆیی نەکەین وڵاتانی زلهێز و بڕیار بەدەستیش پیشتگیری لە کیان و قەوارەی سیاسی کوردی ناکەن، لێرەدا

بەهۆی ئەم تێڕوانینە وڵاتپارێزییەی یەکێتیمان YNDK داگیرکەران و دوژمنانمان بە هەموو شێوەیەك کەوتنەخۆ بۆ بەربەرەکانی کردنی YNDK لە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لە رێی هزرە هاوردە غەیرە نەتەوەییەکان ئەوە بوو YNDK لە دوای ئەوەی توانی ریزەکانی خۆی لە چەند کەسێکی بەکرێگیراو پاکبکاتەوە.

دیسانەوە بەمەبەستی چاندنی ترس و دڵەڕاوکێ و ساردکردنەوەی هەڤاڵان لە هەوڵێکی نەزۆکدا هەوڵی تیرۆرکردنی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری ـ سکرتیری گشتی یەکێتکمان YNDK دراو پاشانیش بەهەڕەشە و گوڕەشە هەوڵی دوور خستنەوەی هەڤاڵانمان درا لە دەوری YNDK، بەڵام هەڤاڵانمان لەسەر گەیاندنی پەیامی کوردایەتی بەردەوامبوون، تاوای لێهات وڵاتە ئیقلیمیەکان هەوڵ و تەقەلای زۆر بخەنە گەر تا بخەنە ژێر باڵی کاریگەری و سیاسەتی خۆیان، بەڵام گشت ئەم هەوڵانە بوونە بڵقی سەر ئاو و گشتیان پوچەڵکرانەوە، لەبەر ئەوەی YNDK ڕۆژێك لە رۆژان بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی نەخستە سەر بەرژەوەندی نەتەوەییمان، هیچ کاتێك بیری لە فرۆشتن و دابەزین لە دروشمەکەی نەکردۆتەوە هەر لە فەرهەنگیدانییە سازش لەسەر دۆزی کورد بکات و هەر وڵاتێکی داگیرکەر بەشێك لە کوردستان بە دوژنی سەر سەختی خۆی دەزانێ، دیسانەوە دوژمنانی ئەزموونەکەمان دەستیان کردووە، بە هەوڵدان بۆ پیلانگێڕی توانیان چالاکترین و کاریگەرترین هەڤاڵ لە ریزەکانی یەکێتیکمان YNDK دیاریبکەن و لە ٣١/ ٥/ ٢٠٠٠ دەستی ڕەشیان گەیاندە گیانی پاکی شەهید (سەربەست مەحموود) و بەدڕەندەترین شێوازی دوور لە بەها مرۆڤایەتییەکان پاکتاوی جەستەیی و هزری بکەن و شەهیدیان کرد، بەمەش دوژمنان توانیان ئارمانجێکی پڕ بەها لە ناو YNDK هەڵبژێرن و

تیرۆری بکەن، بەڵام ئەم هەموو هەوڵانە به پێچەوانەی خەونی دوژمنان گەڕایەوە ئەم هەوڵە نەزۆك و ترسنۆکانە YNDK یان سوورتر کرد، لەسەر خەباتی پیرۆزی کوردایەتی کە دەتوانین بێژین شەهید سەربەست مەحموود سەر قافلەیەتی، هەروەها ئەم هەوڵانە YNDK یان لە ڕووی توانای نیشتمانی و وڵاتپارێزی بەهێزتر کرد، کە لە داهاتوو دەبێتە گەورەترین هێزی نەتەوەیی بۆ روبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و بە جێگەیاندنی پەیامی کوردایەتی و سەربەخۆخوازی لەگەڵ ئەم هەوڵانە YNDK توانی لەدوای کۆنگرەی یەکەم، چوار کۆنگرەی تریش ببەستێ واتا پێنج گۆنگرە ساز بکات، لە میانەی ئەم کۆنگرانەش توانی پەیامەکەی رەسەنتر و قووڵترکاتەوە و باشتر بەدیار بکەوێ و هەڵوێستە سیاسییەکانیشی دەهەمبەر پیلانی داگیرکەران و دوژمنان زێدەتر بکات.

لەبەر ئەوە دەتوانین بێژین YNDK بەسەدان کەرەت بە پێش تەمەنەکەی کەوتووە رۆژێك لەڕۆژان چاوی لە پیلانەکانی دوژمنانی نەنوقاندوە و هەموو کات رووبەڕوویان بۆتەوە لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی دەستەکەوتەکانی راپەڕین بەتایبەت هەردوو دەستکەوتی نەتەوەییمان ( پەرلەمان و حکومەتی کوردستان). هەروەها رۆڵی هەبووە لە بڵاوکرنەوەی وشیاری نەتەوەیی لە نێو جەماوەری پەروەردەکردنی رۆڵەکانمان بە بیری کوردانە لەپێناو خزمەتکردنی کوردستان، تائێرە بۆمان رووندەبێتەوە کە YNDK هەڵگری فەلسەفەی بیری نەتەوەیی رەسەن و سەردەمانەیە، چونکە بیری نەتەوەیی تاکە هزرە کە بتوانێ خزمەت بەرەوشەکە بگەیەنێ بە جیاوازی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا هاوردەکان کە نە یانتوانیوە داخوازییەکانی گەلی کوردستان بهێننەدی، بەدرێژایی مێژووش دوژمنان هەرگیز نەهاتوون لەبەر ئینتیمای ئایینی یان

چینایەتی وڵاتمان داگیر بکەن، بەڵکو وڵاتانی کۆلۆنیالیست لە سۆنگەی نەتەوەیی و نیشتمانی خاکمانیان داگیرکردووە و کوردیان دووچاری جینۆساید کردۆتەوە، لەبەر ئەوە چەکی روبەڕووبوونەوە لە نێو بازنەی بیری نەتەوەیی تەکاندەداو داگیرکەران و دوژمنان ڕوو ڕەش و گۆڕ بەگۆڕ دەکات.

ئەم رووبەڕووبوونەوەش بەهۆی یەکڕیزی و تەبایی هەموو بەشەکانی کوردستان دەبێت کە یەکێتیکمان YNDK بە جدی کاری بۆ دەکات و هەوڵی داوە پەیوەندییەکی تۆکمە لە واری سیاسی و رۆشنبیری بوارەکانی دیکە لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان بێتەکایەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووی داننەنانە بەو سنوورە دەستکردانەی داگیرکەران بەپێی بەرژەوەندییەکان کێشاویانە و کوردستانیان پێ لەت و پەتکردووە، لەبەر ئەوە YNDK بووەتە گرڕوتینێك بۆ بزاڤی کوردایەتی لەم پارچانە و بانگەشەیەکی برایانەی پیرۆز و یەکڕیزی و لێك نزیکبوونەوەی خەباتی گشت بەشەکانی کوردستانە لە پێناو بەچۆکدانانی داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان، بۆیە کەسەرنج دەدەین کاری سیاسی و رۆشنبیری YNDK دەرەنجامی گەورە و مەزنی لە بەرژەوەندی نەتەوەییمان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن لێکەوتەوە و رۆژنامەی میدیا و گۆڤاری سەربەخۆبوون و بڵاوکراوەکانی تری YNDK بوونەتە دەنگۆی پەیامی کوردایەتی لە سەرجەم بەشەکانی کوردستان، لەم رۆژە پیرۆزەش YNDK کەساڵرۆژی دامەزراندنیەتی، بەگوڕوتینێکی وڵاتپارێزانەی زیاتر پێ دەنێتە ساڵی نوێی تەمەنی لە ژێر ئاڵای شەکاوەی کوردستان و بانگی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو و دیموکرات دەکات.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە(٩٠) لە رۆژی ٢٠٠١/٣/٢١ بڵاوکراوەتەوە.

# حزبە کوردستانییەکان چ ئامادەکارییەکی نیشتمانییان کردووە

دیارە بێجگە لە پارتی و یەکێتی زۆر حزبی کوردستانی لە باشووری کوردستان کاردەکەن، هێزی پارتی و یەکێتی دیارە و هەڵوێستەکانیشیان رۆژانە لەبەرچاوە، بەلام ئایا ئەو حزبانەی دیکە چ بەرنامە و ئامادەکارییەکیان هەیە بۆ ئەگەر و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان، بۆ ئەو مەبەستە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK هەمیشە لەخەمی خەڵکدا بووە و بیری لەوە کردۆتەوە کاریگەرانە بەرەنگاری دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان ببێتەوە، کەتواری کوردستانی بەوردی خوێندەوە بۆیە بیری لەوە کردەوە هێزێکی نەتەوەیی هەبێت. دوای ئامادەکارییەکان بۆ لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانەوە بەمسۆگەری. ئەوەش کاریگەری و پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ئێمەوە دەبێت بەتایبەتی کە تاوەکو ئێستا بەشێکی زۆر لە خاکی باشووری کوردستان رزگارنەکراوە، هەمووشمان دەبێ هاوڕابین لەسەر رزگارکردنی ئەو بەشە بندەستەی باشووری کوردستان لەیەکەمین دەرفەتدا، چونکە ئەوە بۆ ئایندە و چارەسەری کێشەکەمان سوودێکی زۆری دەبێت، بەتایبەتیش بە رزگارکردنی شاری کەرکووك و مەخموور و خانەقین و بەدرەو جەسان و هەموو ئەو ناوچە کوردییە داگیرکراوانە لەلایەن سوپاسی عێراق، دەتوانین لە خاڵی هێزەوە گفتوگۆ لەسەر سنووری باشووری کوردستان و چارەسەری کێشەکەمان بکەین، نەك لایەنی دیکەی عەرەبی داوای هاوبەشی ئەو شارەمان لێبکەن، یەکێتیمان YNDK لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیاییەتی نەتەوەیی و مێژووی

خۆی و ئامادەکاری سیاسی خۆی کردووە و بەردەوام هانی خەڵکی دەرکراوە بۆ گەڕانەوە سەر زێدی خۆیان لەنزیکترین دەرفەت دەدات.

بۆ ئەوەش کە بەشدارییەکی پێویست لەگەڵ نەتەوەکەماندا بکەین لەو ئەرکە پیرۆزەدا لەدوا کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیمان YNDKدا بڕیاریدا بە(هێزی بەرگری نەتەوەیی کوردستان(HBNK) وەکو پێشمەرگە بەشدار بێت.

مافی رەوای ئێمە سەربەخۆییە نەك فیدراڵی، بەڵام بەداخەوە کە فیدراڵی بووەتە دروشمی کاری بزاڤی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان دەبوایە لە کۆنگرەی لەندەندا خاڵێك بچەسپێندرابایە ئەویش ئەوەیە ئەگەر لە کاتێکدا لایەنی عەرەبی بە فیدراڵی رازی نەبێت ئەو کاتە کورد سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت، ئەوە دەبووە زەمانەتێکی باش بۆ فیدراڵی، ئێستاش هەر چەندە هەندێ لایەن دانیان پێداناوە، بەڵام زۆر ئەستەمە سەت لەسەت لێی مسۆگەر بین، ئەگەر لایەنێکی دەرەکی وەکو ئەمریکا بەسەریاندا نەسەپێنێ.

YNDK هەمیشە دژی هاتن و لە شکرکێشی ئێران و تورکیا بووە. ئێران و تورکیا بەهەر بیانوویەك ببێنە نێو خاکی باشووری کوردستان دیارە بەدژی گەلی کوردستان و بە چاوبڕین لە هەردوو شاری موسڵ و کەرکووکی کوردستانی دێتە ناو خاکی باشووری کوردستان.

بۆیە وەك ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی پێویستە هەموو هێز و تاکێکی کوردستانی دژی هاتنی سوپای دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بێت، ئینجا هاتنەکەیان بەهەر بروبیانوویەك بێت و بێنە ناو خاکمان یان بەهاوبەشی

لەگەڵ هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دا بێت، هەر لایەنێکیش دژی داگیرکەران و دوژمنان نەبێ و رەوایی پێبدات خیانەتێکی گەورە بۆ خۆی تۆمار دەکات.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە(١٤٢)ی رۆژی ٢٠٠٣/٧/٢٧ بڵاوکراوەتەوە.

# ستراتیژی YNDK سەربەخۆیی کوردستانە

سەرهەڵدانی هەر ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکی سیاسی لە کەتوارێکدا کۆمەڵێك هۆکار لە پاڵی دەبن, کە دەبنە هۆکار بۆ دامەزراندن و گەشەکردنی لە پێناو ستراتیژێکی دیاریکراوی ڕێکخراوەکە، کاریگەری لەنێو کۆمەڵگە بە پلەیەك دەوەستێتەوە سەر راستی و دروستی بەرنامە و چالاکیی و لێهاتوویی سەرکرایەتیەکەی و دیدگای روونی ڕێکخراوەکە بۆ دۆزەکەی کە راستەوخۆ دۆزی هەموو خەڵکەکەیە، ڕێکخراوەکە خۆی لەو بازنەیە دەبینێتەوە کە کار بۆ بەدیهێنانی خواست و دواکارییەکانی تاکەکان و کۆمەڵگە بەگشتی دەکات.

لەم نێوەندە سیاسییە جەنجالەدا بەپشت بەستن بە خوێندنەوەیەکی واقیعیانەی مێژووی کورد و کوردستان و ئاڕاستەکردنی کار و خەبات و بەرخوادنی کورد بەشێوەیەکی پێشکەوتنخوازانە و نەتەوەییانە، لە پێناو بەرە و پێشبردنی بزاڤی سیاسی لە باشووری کوردستان و بەیەك بەستنەوەی خەبات و بەرخۆدانی هەموو بەشەکانی کوردستان, لەگەڵ رەچاوکردنی بارودۆخ و تایبەتمەندی هەریەك لە بەشەکانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٥ مژدەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سیاسی پشت ئەستوور بەجەماوەر بەناوی YNDK راگەیەندرا، کە بووە شوێنی سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی تواناو وزەی نەتەوەییەکان وڵاتپارێزان، لەبەرئەوە YNDK توانی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا خۆی بە هەموو خەڵکی کوردستان بناسێنێ و ببێتە جێی ئومێدی جەماوەر, چونکە YNDK زۆر بوێرانە رووبەڕووی هەموو پیلانە نەگریسەکانی دوژمنان داگیرکەرانی کوردستان بۆتەوە، زیاتر لەڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان درکی بە هەموو مەترسییەکانی ئەم پیلانانە دەکرد، کە دەبوونە کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەییمان, بۆیە دەتوانین

بێژین YNDK بووە قوتابخانەیەکی چەلەنگ بۆ پێگەیاندنی کادری نەتەوەیی، ئەمەش مانای ئەوەیە کار و چالاکی و خەباتی YNDK لە چوارچێوەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییماندایە، بەهۆی زۆری هەڵوێستە نەتەوەییەکانی YNDK دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان زۆر بەوردی چاودێری کارەکانی (YNDK)یان کردووە، زۆر هەوڵیاندا YNDK لە ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی بەلاڕێدا ببەن بە هەڕەشەکردن و دانانەوەی پیلان، بەڵام YNDK سەرەڕایی قوربانیدانی زۆریش هەر لە بریندارکردنی سکرتیری گشتیی YNDK و راودوونانی و هەڕەشەکردن لە هەڤاڵان تاکار گەیشتە رادەی شەهیدکردن و ئەوەبوو لە ٣١/ ٢٠٠٠/٥ هەڤاڵ سەربەست مەحموود ئەندامی مەکتەبی سیاسیی YNDK و سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا یان شەهید کرد، YNDK هەر سوور بوو لەسەر کار و خەباتی و سارد نەبۆوە بەم هەڕەشە و کارە تیرۆریستییانە.

هەروا YNDK هیچ کاتێك دانی نەناوە بەو سنوورەی داگیرکەران کوردستانیان پێ پارچە کردووە، YNDK لە کار و خەباتی لەسەر ئاستی کوردستان مەزن سڵی نەکردووە، ئەمەش هەر لە کۆبوونەوەی ستافەکانی لە شانە تاوەکو سەرکردایەتی باس لە رەوشی هەموو بەشەکانی کوردستان دەکرد و توانیویەتی سەرجەم ستافەکانی بەدیموکراسی بارگاوی بکات، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ پەرەسەندن و وشیار بوونەوەی هەڤاڵانی و توانیویەتی وشیارییێکی نەتەوەیی فرە لە نێو جەماوەر چێ بکات، ئەمەش ئەم راستییە دەسەلمێنێ کە YNDK هەڵگری فەلسەفەی بیری نەتەوەیی کوردییە، بەو مانایەی تاکە هزر کە بتوانێ خزمەت بەرەوشی کوردستان بکات بیری نەتەوەیی کوردییە، بەڵگەش بۆ ئەمە داگیرکەرانی کوردستان هیچ کاتێك لەبەر

خەباتی چینایەتی و ئایینی نەهاتوونە کوردستان و داگیری بکەن، بەڵکو لە سۆنگەی نەتەوەیی چاویان بڕیوەتە وڵاتمان، لەبەر ئەوە چەکی رووبەڕوونەوەمان بەرامبەر دوژمنان و داگیرکەران کوردستان تەنیا بیری نەتەوەیی و یەکڕیزی و چالاککردنی بزاڤی کوردایەتی و کارکردن بێت بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ باشترین دەرفەت بۆ کورد هاتۆتەکایەوە، تا هەنگاو بەرە و سەربەخۆیی بنێت، دوێنێ بەبێ ویستی خۆمان بەعێراقی عەرەبیەوە لکێنراین، ئەمڕۆ بەداخەوە سەرکرایەتی کورد خۆی دەستپێشخەرە کە کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە بلکێندرێتەوە، بەشداری چالاکانەشی هەیە لە دروستکردنەوەی عێراق و هیچ گەرەنتییەك نییە رژێمی داهاتووی عێراق جارێکی تر کارەستمان بەسەر نەهێنێتەوە، ئەمڕۆش کە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق داڕێژراوە ئەو مافانەی بۆ کورد تێدا چەسپاوە لە مافەکانی نێو بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ زێتر نییە بەڵکو کەمترە. لەبەر ئەوە سەرکرایەتی کورد لە باشووری کوردستان نەدەبوو بە هیچ شێوەیەك لە دروستکردنەوەی عێراقی عەرەبی بەشداربێتەوە، نابێ گومان لەسەر ناوچە کوردییەکانی بن دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە کوردستانین و عێراق داگیریکردووە، بۆیە پێویستە بێ قەید و شەرت هەموو ناوچە تازە ئازادکراوەکان هەر هەمووی بخرێتەوە سەر حکومەتی کوردستان.

لە هەمان کاتدا ئەمڕۆ تێڕوانینێك سەری هەڵداوە کە ئیتر کورد بەمافی خۆی گەیشت بەو واتەی کار و خەباتیش هێندەی وەبەر نەماوە هێز و لایەنەکان بیکەن، ئێمە وەکو YNDK چۆن لە ماوەی پێشوو بەهیچ شێوەیەك سازشمان لەسەر دۆزی نەتەوەییمان نەکردووە, ئەمڕۆش بە هەمان شێوە دەست لەکار و

خەبات و ستراتیژمان کە خۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو دیموکرات دەبینێتەوە هەڵناگرین و بەردەوام دەبین لە خەبات و بەرخۆدان تا سەربەخۆیی کوردستان دێتەدی.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە (١٥٨)ی ڕۆژی ٢٠٠٤/٩/٢١ بڵاوکراوەتەوە.

# YNDKهەڵگری پەیامی نەتەوەیی کوردە

دروست بوون و دامەزراندی هەر ڕێکخراوە و پارتێکی سیاسی کاریگەری ئایدیاییەك یان بوونی کۆمەڵێك پاڵنەری سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کە واقیعی تاڵ بەهۆی نەبوونی کیان، ئاڵۆزییەك لە ژیانی و گوزەرانی نەتەوە گەلێك دروست دەکات، ئەم هۆکارانە دەبنە هەوێنی لەدایکبوون و دامەزراندنی کۆمەڵە و پارت و ڕێکخراوەکان، هەریەك لەم ڕێکخراوانە هەڵگری هزرێکی تایبەت بەخۆی دەبێت، لە پاڵ هەوڵدانی بۆ گەیاندنی بەرنامەکەی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەڕیزی پێشەوەی خەبات و بەرخودانی ئەم پارت و ڕێکخراوانە دەبێت لەو کاتەی وڵات لە قۆناخی رزگارییدا هەنگاو دەنێت بەرەو کیان و بەدەوڵەتبوون، کاریگەری ئەم ڕێکخراو و پارتانە دەوەستێتە سەر راستی دروستی بەرنامەکەی کەلە ناخ و هەناوی کۆمەڵگەکەی چەکەرەی سیاسی خۆی کرد بێت بە تایبەت ڕێکخراوێك هەڵگری هزری نەتەوەیی بێت و هاتبێتە گۆڕەپانە سیاسییەکە لە پێناو بەدیهێنانی داخوازییە نەتەوەییەکان، ئەمەش پێویستی بە سەرکردایەتییەکی لێهاتوو لێزان هەیە، بۆ ئەوەی بەدیدگایەکی نەتەوەیی بڕوانێتە داهاتووی گەلەکەی، بەمەش دەتوانێ لە ئاست بەرپرسیاریەتی و سەرکردایەتی کردندا بێت بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی نەتەوەکەی، بەپشت بەستن بە هزری نەتەوەیی و بەم هۆیانەوە YNDK لە ١٩٩٥/٣/٢١ لەسەر دەستی کۆمەڵێك کەسایەتی نەتەوەیی سەربەخۆخواز هاتە دامەزراندن کە خوێندنەوەیەکی دروستیان بۆ مێژووی نەتەوەکەمان هەبوو بۆ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی و ئازادی وڵات، بە شێوەیەکی پێشکەوتنخوازانە و نەتەوەییانە تاوەکو شان بەشانی هێز و لایەنە وڵاتپارێزەکانی کوردستان بێت بۆ بەرەو پێشبردنی بزاڤی سیاسی ـ نەتەوەیی لە باشووری کوردستان و بەیەك

بەستنەوەی خەبات و تێکۆشانی هەموو بەشەکانی کوردستان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و تایبەتمەندی هەریەك لە بەشەکانی کوردستان بۆیە YNDK بووە شوێنی لە یەکتر نزیکبوونەوەی نەتەوەییەکان و بە دیارکەوتنی توانا و وزەکانی وڵاتپارێزان، ئەمەش وایکرد YNDK لە ماوەیەکی زۆر کورتی تەمەنی لە گۆڕەپانی سیاسی و نەتەوەییەکەدا بەدیار بکەوێت، چونکە توانی زۆر بوێرانە ڕووبەڕووی هەموو نەخشە و پیلانی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان ببێتەوە، زیاتر لە ڕێکخراوەکانی دیکە درکی بەمەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەییمان کرد و بەرنامەیەکی چڕوپڕی دارِشت بۆ سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی کەسایەتی تاکی کورد لەسەر بنەمای باوەڕ بەخۆبوون و سەربەخۆیی کوردستان، بە وشیارکردنەوەی تاکی کورد کە ئێمەش نەتەوەیەکی زیاتر لە ٧٠ ملیۆنین و هەموو تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانمان تێدایە: لە مێژوو خاك و جوگرافیا و کەلتوور و زمان و داب و نەریت، بۆ ئەوەی کیانێکی سەربەخۆی خۆمان هەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردی، بۆیە YNDK بووە قوتابخانەیەك بۆ پێگەیاندنی کادری نەتەوەیی بەتوانا. هەڵوێستە نەتەوەییەکانی YNDKبەرامبەر پیلان و نەخشە گڵاوەکانی داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان پایە و پێگەی YNDKی هێندەی تر قایمتر کرد، تا ببێتە جێگەی ئومێدی هەڤاڵان و جەماوەری کوردستان، بۆیە داگیرکەران و ناحەزانی بیری سەربەخۆیی کوردستان زۆر بە وردی چاودێری کارەکانی (YNDK)یان کرد و زۆر هەوڵیاندا کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردە خەباتی، بەڵام YNDK سەرەڕای قوربانیدان و هەڕەشە و پیلانەکانی دوژمنان و داگیرکەران هەر سوور بوو لەسەر کار و خەبات و گەیاندنی پەیامەکەی و سڵی لەزەحمەتییەکانی بەردەم خەبات و تێکۆشان نەکردەوە، هەر

بەردەوام بوو لەسەر درێژەدان بە خەباتی پیرۆزی کوردایەتی کە بەردی بناخەی کارەکانی (YNDK)یە لەرابردوو ئێستا و داهاتوو، هیچ کاتێك باوەڕی بەم سنووره دەستکردانەی داگیرکەران نەکردوە، کە کوردستانیان پێ لەتکردووە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ پەرەسەندنی YNDKنەك هەر لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی کوردستان. YNDK هەموو کات داوای ئەوەی کردووە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بە بەشداری هێزو لایەنە وڵاتپارێزەکان و کەسایەتی نەتەوەیی و رۆشنبیرانی نەتەوەکەمان لە کوردستانی مەزندا ساز بکرێت بۆ شەن و کەوکردنی بارودۆخی کوردستان لە هەموو بوارێکەوە، تا بتوانن لە ژێر رۆشنایی ئەم شیکردنەوانە بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ کار و خەباتی نەتەوەییمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دابنین، تا بەهۆیە ئاسایشی نەتەوەییمان بپارێزین و بەرنامە بۆ کار و خەباتی داهاتوومان دابنیین بە تایبەت بارودۆخی باشووری کوردستان لەبارە بۆ دروست بوونی کیانێکی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردی بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشت بۆ بزاڤی سیاسی ـ کوردایەتی هەموو بەشەکانی کوردستان، کە دەوڵەتی کوردی خەون نییە وەك ئەوەی هەندێ لە سیاسەتوان و رۆشنبیران وای بۆ دەچن، ئێمە لە YNDK وای نابینین، بەڵکو پێمان وایە دەوڵەتی کوردی مەحاڵە نییە و رۆژی دێ ئەم ئومێدەی کورد بێتە دی، بەڵام ئەمە بە هەوڵ و تێکۆشان دەبێت و پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەنگاوی بۆ بنێت بەوشیارکردنەوە و خۆ نەبەستنەوە بە دەوڵەتانی نەتەوەکانی سەردەست، هەر وەك چۆن ئێستا لە باشووری کوردستان لە جیاتی ئەوەی نێو ماڵی خۆمان رێکخەینەوە، خەریکی دروستکردنەوەی دەوڵەتی لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی عێراقین، کە سەرەتا سیاسەتوانانی عێراق تا پێگەی خۆیان قایمترکرد بە

هەموو شتێك بۆ گەلی کوردستان رازیبوون ئێستا دەستی خۆیان دیوە ورد وردە لە بەڵێنەکانیان پەشیمان دەبنەوە و تەنانەت نکوڵی لە مافە سەرەتاییەکانمان دەکەن، بۆیە لەم قۆناخە پێویستە وشیارانە و دیپلۆماسییانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکەین، چونکە ئەمرۆ لەسبە و داهاتوو لە بارترە بۆ ئەوەی کیانی خۆمان چێبکەین.

رژێمی بەعس رووخا و سەددام لەسێدارە دراو چووە زبڵدانی مێژوو، بەڵام ئەمرۆ هەزاران بەچکە سەددامی دیکە لە بەغدا بە ئاواتە جارێکی تر وەکو سەردەمی رژێمی بەعسی رووخاو، گەلی کوردستان دووچاری مەرگەساتی نەهامەتی بکاتەوە و لە مافەکانی بێبەش بێت، بۆیە گرنگە پێش ئەوەی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی بخەینەوە سەرپێ، هەنگاوەکانمان لەپێناو یەکخستنەوەی نێومالی کورد و یەکریزی و یەکگرتوویی گوتاری سیاسی کوردستان بێت و هەنگاو بەرە و سەربەخۆیی کوردستان بنێین کە مەحاڵ نییە و هەر دێتە دی، و ئەمە هەلێکە و زۆر بەدەگمەن بۆمان دووبارە دەبێتەوە

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە(٣٣١)ی رۆژی ١٨/٣/ ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.

# YNDK خەبات و خەمی لە بەرژەوەندی خاک و خەڵکدایە

رۆژی دامەزراندنی YNDK رۆژێکی پڕشنگدار و تەژی سەرکەوتن و سەرفرازییە، ئەو رۆژە بۆ کورد وەرچەرخانە و سەرکوتنە بەسەر زوڵم و ستەم و رۆژی ئازدی سەربەخۆییە بۆ نەتەوەکەمان و جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی کوردی و سەرەتای بەهار و بوژانەوە و سەوز بوونە، لەبەر ئەوە YNDK ئەم ریکەوتەی هەڵبژارد و کردیە ساڵرۆژی دامەزراندی یەکێتی نەتەویی دیموکراتی کوردستانYNDK کۆمەڵێك کەسایەتی وڵاتپارێز و رۆشنبیر و نەتەوەیی لەناو هەناوی کۆمەڵگە کوردی بەخوێندنەوەی کەتواری کوردستان و ناوچەکە و جیهان و مژدەی دامەزراندنی رێکخراوێکی نەتەوەییان بە جەماوەری هەموو بەشەکانی کوردستان راگەیاند،YNDK لە ماوەیەکی کورت بەهۆی سیاسەتی راستگۆیانە و کارکردنی لە بەرژەوەندی خاك و خەڵکی کوردستان بووە خاوەن پێگەی جەماوەری خۆی نەك هەر لە باشووری وڵات، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی کوردستان بووە، جێگەی ئومێد و شوێنی وڵاتپارێزانی کوردستان.

YNDKخودان هەڵوێست بووە دەهەمبەر هەموو ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە کاروباری رۆژانەی ژیانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان هەبوو، بۆیە بەهۆی زۆر پێداگیری لەسەر هەڵوێستەکانی، دەسەڵات گلەیی لێکردووە تا هەندێ کات بووەتە هۆی ئەوەی بودجەی حزب رابگیرێ و هەڕەشەی داخستنی رۆژنامەی میدیای لێبکەن, ئەمانەش هەموو بەهۆی ئەو هەڵوێستانەی YNDK بووە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ چ لەسەر ئاستی ئەقلیمی, بە تایبەت

هەڵوێستە نەتەوەییەکانی لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە تۆتالیتاریانەی داگیرکەرانی کوردستان دەرهەق بە کورد لە بەشەکانی کوردستان دەیکەن و داگیرگەران لەزۆر کەناڵەوە هەوڵیاندا هەڵوێستی YNDK بکڕن و کاریان لەسەر ئەوە کرد ببێتە نۆکەر و داردەستی ئەوان، بەڵام YNDK هەموو ئەو پارە و ئیمتیازاتانەی دوژمنان و داگیرکەرانی رەتکردۆتەوە، زۆر بەزەقی پێی وتن هەڵوێستی نەتەوەیی ئێمە بۆ فرۆشتن نییە و سازش لەسەر خەڵکی خۆمان ناکەین، لەم پێناوەدا YNDK شەهیدیشی بەخشیوەتە خاك و نیشتمان.

لەبەر ئەوە YNDK بووە هێزێکی نەتەوەیی کاریگەر و لەگۆڕەپانی سیاسی و رۆشنبیری کوردستان و سڵی لە خزمەتکردن نەکردۆتەوە، هەموو کات لەسەنگەری خەڵکدا بووە و لە دەرەوەی سەنگەری دەسەڵات بووە، رەخنەی توندی لەسیاسەتکاران و دەسەڵاتداران لەسەر گەندەڵی و کەمی خزمەتگوزرای گرتووە، کە بە پێی پێویست دوای چەندینساڵ ئازادی و بەتەواوی خزمەتگوزاری پێشکەش بە جەماوەری تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و بەخشەری کوردستان نەکردووە، ئەو جەماوەرەی لە هەموو شۆڕش و راپەڕینێك هەوێنی سەرکەوتن و ئازادی بووە، هەر بۆ نموونە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان ئەگەر جەماوەر نەهاتبانە سەر شەقامەکان راپەڕین نەدەبوو، هەروەها لە ڕۆژئاوای کوردستان لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٤ راپەڕینی جەماوەر بوو پەیکەری بەعسیان لەڕۆژئاوی کوردستان تەفروتوناکردوو، لایەنە سیاسەکانیش تەماشای جەماوەریان دەکرد و داوای ئارامی و هێمنیان لێدەکردن، لەبەر ئەوە دەسەڵاتی سیاسی دەبێ بە جەماوەر پشت ئەستوور بێ و دەبێ بەرامبەر قوربانییەکانی جەماوەر خزمەتیان پێشکەش بکات زیاتر ئاوڕ لە خانەوادەی شەهید و ئەنفالکراوەکان بداتەوە.

ئەمە هەڵوێستی و تێڕوانینی YNDK بووە، بەرامبەر هەموو ئەو پرسانەی پەیوەندییان بەژیانی خەڵکی کوردستانەوە بووە و لەمەڕ پرسە سیاسییەکانیش خودان هەڵوێست بووە و داگیرکەران چیان دژ بەنەتەوەی کورد کردووە YNDK هەڵوێستی هەبووە لەبەرامبەریان، لەبەر ئەوەیە دوژمنان و داگیرکەران حسابی وردیان بۆ هەڵویستەکانی YNDK کردووە و بەرێگریان لەبەردەم پیلان و نەخشە گلاوەکانیان هەژمار کردووە، YNDK بەرامبەر تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان لە هێزە یەکەمەکان بوو کە ئیدانەی کردووە و سەردانی ئەو ناوچانەی کرد، کە داگیرکەران تۆپبارانی کردوون بەتەنگ خەڵکە لێقەوماوەکە هاتووە و کاری بۆ نەهێشتنی و ئاسەواری بەعەرەبکردن و گەڕانەوەی هەموو ناوچە دابڕاوەکان کردووە، بۆ ئەوەی بەزووترین کات بگەڕێنەوە سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان لەبەر ئەوە YNDK بەبەردەوامی قسەی لەسەری دیاریکردنی سنووری کوردستان بە هەموو ناوچەکانیەوە کە لە مێژووی کۆن کوردنشین بوونە هەر بە کوردستانی دەمێننەوە کردووە، نەك خاکی کوردستان بکەوێتە بەر رەحمەتی کەسانی رەگەزپەرست و شۆڤێنزم دەنگ بۆ گەڕانەوەی بدەن یان نەدەن.

YNDK پەیوەندی برایانەی لەگەڵ سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان هەبووە، راگەیاندنەکەی بەتایبەت لە رێگەی بڵاوکراوەکانی لەوانە رۆژنامەی میدیا کە بە یەکێك لە رۆژنامە پڕ خوێنەرەکان لەڕەوتی رۆژنامەگەری کوردی هەژمار دەکرێ توانیویەتی بەرپرسیاریانە لەمەر پرسە نەتەوەییەکان و گەیاندنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی وشیاری نەتەوەیی و راستگۆی و بێ لایەنی درێژە بەکاروانی رۆژنامەوانی

کوردی بدات، لە هەموو رۆژنامەکانی تر بەوە جیادەکرێتەوە کە هەواڵی هەموو بەشەکانی کوردستان دەدات.

YNDKهەموو کات جەختی لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی کردۆتەوە، بەستنی ئەم کۆنگرەیە بە ئەرکێکی بەپەلە و گرنگ دەزانێت، تیایدا هێز و لایەنەکان و هەموو بەشەکانی کوردستان بەشداربن لەگەڵ کەسایەتی ولاتپارێز و نەتەوەیی و رۆشنبیرەکانی کوردستان بۆ ئەوەی لەم کۆنگرەیە ستراتیژی نەتەوەییمان لە هەموو بەشەکان دابرێژین و خەبات و تێکۆشان بگەیەننە قۆناخێکی دیکە و گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو بەزووترین کات کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ببەستین چیتر بەهۆی رەچاوکردنی بەرژەوەندی ئەقلیمی دوای نەخەین.

YNDK تاکە رێگە بۆ کێشەی نەتەوەییمان سەربەخۆیی کوردستان بە چارەسەر دەزانێت، لەبەر ئەوەی کوردیش کە نەتەوەیەکی زیاتر لەحەفتا ملیۆن کەسییە، وەکو هەموو نەتەوەکانی تر پێویستە کیان و دەوڵەتی خۆی هەبێت، لەبەر ئەوەی کورد کۆنترین نەتەوەی خۆرهەلاتی ناڤینە کە خاوەنی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیەتی لەخاك و جوگرافیا و مێژوو گەل و داب و نەریت و ئایینی تایبەت بەخۆی و دەسەلاتی سیاسی هەیە، لەبەر ئەوە هەنگاو و خەباتمان پێویستە بەردەوام بێت بۆ سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە (٤٢٧)ی رۆژی ٢٠١٠/٣/١٦ بلاوکراوەتەوە.

# حزب و دەسەڵات

ئاشکرایە لە هەموو وڵاتێکی دیموکراسی یاسایەك هەیە کاری پارت و لایەنە سیاسییەکان لە هەموو رووێکەوە تەنانەت لە رووی داراییشەوە رێکدەخات و بە یەکسانی زەمینەی کار بۆ حزبەکان دەڕەخسێنێت، بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت و هەڵی کاری سیاسی و بەشداریان لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی وەکو یەکتر دەبێت، ئەوەش بۆ دروستکردنی گیانی کێبڕکێی نێوان حزبەکان و قووڵکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسی و ئازادییەکانە، بە هۆیەوە پرۆسەی سیاسی وڵات بە شێوەیکی دروست و تەندروست گەشە دەکات، هاوکاری حزبەکان لە نێو ئەو یاسایانە رێکخراوە و حزبەکان هاوکاری دارایی دەکرێن بەپێی یاسای بودجەی حزبەکان، بۆ ئەوەی کاروبارەکانیان رایی بکەن و بتوانن دەربڕین لە هزر و ئایدیۆلۆژییان بکەن و چالاکی سیاسی و رۆشنبیری خۆیان ئەنجامدەن و نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە بکەن کە پەیوەندییان پێوەکردونە و لە ریزەکانیانن، لە هەڵبژاردنەکانیش هەلی بەشداریکردن و پێکهێنانی لیست بۆ هەموو حزبەکان وەکو یەکتر دەبێت و هاوکاری دەکرێن تا بتوانن پڕوپاگەندە بۆ لیست و کاندیدەکانیان بکەن، حزب  هەیە بەشداری هەڵبژاردن دەکات و هەیانە بەشداری ناکات نە لە پەرلەمان و لە حکومەتن، بەڵکو وەکو چاودێر و ئۆپۆزسیۆن کاری خۆی دەکات، بۆیە بوونی حزب لە هەر وڵاتێك گرنگە و پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتە پێکدەهێنێت، لە کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە پەرلەمان نەیتوانیوە یاسای حزبەکان بە داراییشیانەوە رێك بخات هەر جارەی بە شێوەیەك پرۆژە یاسایەك رێکدەخەن و پاشان کۆدەنگی لەسەر دروست نابێت، هۆکارەکەشی بۆ بارودۆخ و گۆڕانی سیاسی دەگەڕێتەوە لەگەڵ ئەو راو

سەرنجە کەسییانەی هەندێ لە سیاسەتمەدارانی کوردستان کە بە مەزاج و بەرژەوەندی دەیدەن و رەنگدانەوەی لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانە جێدەهێڵێت.

لایەن و حزبەکان کە هەر یەکەیان ئایدیۆلۆژیا و بەرنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە و نوێنەرایەتی چینێك یان خەڵکانێك دەکەن، ئینجا ئەو ئەندام و لایەنگرانەی زۆر بێت یان کەمبێت، گرنگ ئەوەیە نوێنەرایەتی هزر و کەسانێکی هەیە و لە ژیانی سیاسی هەوراز و نشێوی زۆر دەبینێت و هەوڵدەدات بەشداری سیاسی هەبێت و کاریگەر بێت، لە هەڵبژاردنەکانیش هەوڵی بە دەستهێنانی کورسی دەدات و هەندێ جار حزب ناتوانێ بگاتە پەرلەمان یان لە خولێکی پەرلەمانی خۆی نایەوێ و پاشان لە هەڵبژاردنی تر بەشداری دەکات و دەچێتە پەرلەمان، خەرجی سەرەکی هەڵبژارنەکان لەسەر بودجەی خودی حزبەکەیە، لەگەڵ هەموو خەرجییەکانی حزبەکە، هاوکاری دارایی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی بۆ پارت و حزب و رێکخراوەکان زۆر گرنگە بۆ ئەنجامدانی کارەکان و بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان، لە یاسای هەموو ئەو وڵاتانەی یاسای ئەحزابیان هەیە چەند بەندێك پەیوەندی بە دارایی حزبەکانەوە هەیە و ساڵانە هاوکاری حزبەکان دەکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن لە پرۆسەی سیاسی وڵاتەکەیان بەشداربن و بنەماکانی دیموکراسی قووڵبکەنەوە و بەشدار بن لە ئیدارەکردنی وڵات.

لە کوردستان خەریکە بە پێی پرۆژە یاسای پشتگیری دارایی بۆ حزب و کیانە سیاسییەکانی کوردستان لە ژێر رۆشنایی و گفتوگۆکانی هەردوو لێژنەی یاسایی و ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دانانی بودجەی حزبەکان لەسەر ژمارەی کورسییەکان بێت، پێشتر رای ئەوەش هەبوو لەسەر رێژەی دەنگ بێت، لە هەمان کاتدا لیژنەی دارایی پەرلەمان لە راپۆرتی خۆی لەسەر

پرۆژە یاسای بودجەی حزبەکان پێشنیاری بڕی پارەی(٢٥-٥٠) ملیۆن بۆ هەر کورسییەك کردووە و ئەو حزبەی کورسی نییە ١٠ ملیۆن دیناری پێدەدرێت تا خولێکی تری پەرلەمان و ئەگەر کورسی نەهێنێ ئەوەشی لێدەبڕدرێت، پرسیارەکە لێرەیە ئەو حزبەی کورسی نییە بەو بڕە پارەیە چۆن دەتوانێ تا خولێکی تری پەرلەمان کارەکانی جێبەجێبکات، ئەو بڕە پارەیە تەنیا بەشی کرێی بارەگاکان و دەرکردنی رۆژنامەیەك ناکات و چۆن و بەچی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بکات تا کورسی بەدەست بهێنێت، ئەم پێوەرانە ناواقیعی زۆری تێدایە و پێچەوانەی یەکسانی و دادپەروەری و دژی بنەماکانی دیموکراسییە، ئەو یاسایە ئەگەر بەم شێوەیە و لەسەر ئەو پێوەرە لە پەرلەمان پەسندبکرێت، تەنیا ئەو حزبانە زەرەر دەکەن کە پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی ئەقلیمی نییە و سەرچاوەی داراییان لە وڵاتانی دەرەوە نییە، تا ئێستا پابەندی هەموو هێڵە نیشتمانییەکان و بڕیارەکانی دەسەڵاتی کوردستانن و ژێر بەژێری پەیوەندییان بە وڵاتانەوە نییە، یان ئەو حزبانەی جگە لە پەیوەندی دەرەوەیان سوود لە هاوکاری خێرخوازان بۆ لێقەوماوان لە کاتی وەرگرتنیان بۆ خۆیان بەکاریدەهێنن یان ئەو حزبانەی لە رێی گەندەڵی و هەڵووشینێ سامانی وڵات پێویستیان بە بودجە نییە و هەر بەردەوامن لەسەر بەهەدەر بردنی سەروەت و سامانی وڵات، ئەمانە زەرەر ناکەن و سەرچاوەی داراییان زۆرە و پەکیان ناکەوێت، دەرچوونی یاساکە بەم شێوەیە دەرگای پەیوەندی حزبەکان لەگەڵ وڵاتانی دەورووبەر دەکاتەوە و دواتر بە زیان بۆ پڕۆسەی سیاسی کوردستان دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر حزبێك لەلایەن دەسەڵاتی نیشتمانی خۆی هاوکاری نەکرێ ناچار دەکرێ کە دەست بۆ لایەنی دیکە درێژ بکات و لە ماوەی رابردوو لەسەر رووپەڕی

رۆژنامەکان بینیمان سکرتێری حزبێك وتی گەر وابێ پەیوەندی لەگەڵ شەیتانیش دەبەستین.

لە هەندێ وڵات چاکسازی لە یاسای حزبەکان دەکەن بۆ هاوکاریکردنی حزبەکان نەك بڕینی هاوکارییان و ناعەدەلاتی هەبێ و لە بودجەی وڵات تەنیا لایەنەکانی دەسەڵاتدار سوودمەند بن، ئەوەتا لە ئوردن دوای ئەوەی حزبەکان داوای هەموارکردنی یاسای ئەحزابیان کرد و خۆپیشاندانیان کرد پەرلەمانی ئوردن یاساکەی هەموارکرد و یارمەتی حزبەکانی رێکخست و هەر حزبەی ٧٠٠٠٠ حەفتا هەزار دۆلاری بۆ داناو ساڵانە بڕی ٧ ملیۆن دۆلاری بۆ حزبەکان دانا، لە مەغریب لەسەر رێژەی کورسی نییە، بەڵکو لەسەر لە ٥%ی دەنگدەران دەدرێت و لە یاسای ئەحزابەکانی هەندێ وڵاتی تریش هاتووە حزب سەرچاوەی داراییەکەی هاوکاری دەوڵەتە. هەر وڵاتەی بە پێی بارودۆخی خۆی یاسای ئەحزاب رێکدەخا و لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان دانانی بودجەی حزبەکان بە پێی کورسی نا واقیعییە و هێشتا ئەو وڵاتەکەمان ماویەتی تاوەکو باری سیاسی عێراق و ناوچەکە چەسپاو دەبێت، بەڕێکردنی ئەو یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ژیانی سیاسی و حزبی کوردستان دەبێت و لێدانی دیموکراسییە و دەبێتە هۆکارێکی راستەخۆ بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی حزبەکانی کوردستان و کەمکردنەوە و نەهێشتنی کاریگەرییان و دژی فرە حزبی و نوێنەرایەتیکردنی خەڵکە لە رووی ئایدیۆلۆژیا و بڕینی بژێوی هەزاران کەسە کە لە دوای راپەڕینەوە تاوەکو ئێستا لەسەر هاوکارییەکی کەمی حزبەکەیان دەژین.

بۆیە پێویستە بە وردی ئەو پڕۆژە یاسایە بخوێندرێتەوە و لێنەگەڕێین بەم شێوەیەی ئێستا پێشنیارکراوە کە تەنیا لەسەر ژمارەی کورسییەکان بودجە

دادەنرێت بەڕێبکرێت، لەبەر ئەوەی بەم شێوەیە لە ئێستا و لە داهاتوو ئەم یاسایە ناگونجێ و پەشیمان بوونەوەی لەدوا دێت، چونکە دەبێتە هۆی بەرتەسکردنەوەی پانتایی دیموکراسی و لێدانە لە رای خەڵك و نوێنەرایەتی هزر و ئایدیۆلۆژیاکان لە باشووری کوردستان، هەر حزبەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو کورسی هێنابێ یان نەیهێنابێت نوێنەرایەتی خەڵکێك دەکات و بەم شێوەیە ئەو یاسایە بڕوات واتا کپکردنی دەنگی خەڵکە و دژی فرە حزبی و بنەماکانی دیوکراسی و ئازادییە، بە خوێندنەوەی واقیعی ئەمڕۆی کوردستان هەر حزبەی مۆڵەتی هەبێت دەبێت یارمەتی دارایی لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ دابینبکرێت و لە دانانی بودجەی حزبەکان پێویستە رەچاوی تەمەنی حزب و مێژوو راگەیاندن و ئایدیۆلۆژیا و هەڵوێستی نیشتمانی لە رابردوو بکرێت، نابێ ئەو هاوکارییەی ئێستای حزبەکان چەندە کەمبکرێتەوە یان ببڕدرێ، دەکرێ ئەو حزبانەی کورسییان لە پەرلەمان هەیە هاوکاری دارایی زیاتری ئەو کورسییانەیان بۆ بخرێتە سەر هاوکارییە سەرەکییەکەیان تا خولێکی دیکە بودجەی ئەو حزبانەی کورسییان نییە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە بەمە دەرفەت بۆ حزبەکان یەکسان دەبێت بۆ کێبڕکێ و بەشداری کردنیان لە ژیانی سیاسی وڵات، دەکرێ چالاکی حزبیش وەکو رێکخراوەکان گرنگی پێبدرێت ئەو حزبەی چالاکی زۆرە و هۆکارێکە بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسەی سیاسی و رۆشنبیری وڵات، هاوکاری بەردەوامبێت و بۆشی زیاد بکرێت، هەر حزبەی چالاکی کەمبوو یارمەتی و بودجەکەی کەمبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەوە بزانرێ زۆر حزب هەیە مێژووی درێژی لەو وڵاتە هەیە و چالاکی زۆرە و لە رووی راگەیاندنەوە ئەکتیڤ بووە و خزمەتی زۆری بە خەڵك گەیاندووە و خودان هەڵوێستی نیشتمانی بووە، ئەمڕۆ بە هەر هۆکارێکەوە بێت کە باسمان کرد

سەرچاوەی دارایی دەرەکی نییە و بەشدار نییە لە گەندەڵی و هەڵوشینی سامانی وڵات، لەبەرە ئەوەی بەرنامەکەی و نیشتمانییەکەی رێگەی پێنادات سەرچاوەی دارایی گومانی و بەرێگەی ناشەرعی بێت، ئەوە پرسیارێکە چی بکات بچێتەماڵەوە و دەرگای حزبەکەی دابخات، ئەوە نابێت چونکە هەموو حزبەکان لە هەڵبژاردن دەنگیان هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی رێژەی دەنگی کورسییەکان هێندە زۆر بوو کورسی بەدەست نەهێناوە، بۆیە پێویستە پەرلەمانتارە بەرێزەکانمان وریا بن و یاسایەك پەسند بکەن, کە لەگەڵ واقیعی کوردستان و لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و پلۆرالیزم و بەشداری هەموو لایەك و ئازادییەکان بگونجێ نەوەك بەشداری دەرکردنی یاسایەك بن لە دوارۆژ زەرەر بە پرۆسەی سیاسی بگەیەنێ و پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی و پلۆرالیزم بێت.

* ئەم وتارە لەرۆژنامەی میدیا ژمارە(٤٥٨) لەرۆژی ٢٠١٠/١١/٢ بڵاوکراوەتەوە.

# کۆنگرەی YNDK

# بەرەو کۆنگرە

کۆنگرە وێستگەیەکە بۆ تاوتوێکردنی کارەکانی ماوەی رابردوو، تیایدا راشکاوانە پەنجە دەخرێتە سەر کێماسییەکان و چارەسەری گونجاوی بۆ دەدۆزرێتەوە و خاڵە بەهێز و پۆزەتیڤەکانیش زیاتر پەرەی پێدەدرێت، هەر لەکۆنگرە بەرنامەیەکی پوخت و چڕوپڕ و هەمەلایەن بۆ کارەکانی داهاتووی حزب دادەنرێت، کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتری دەبات.

YNDK بەهۆی پێویستی و ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکە روویانداوە، کە پێشبینی روودانی رووداو و گۆڕانکاری زیاتریشی لێدەکرێت، بڕیاری بەستنی کۆنگرەی داوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا سازیدەدات، کۆنگرە بۆ ئەوە دەبەستین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە گیان ببەخشینەوە کارەکان و بەگڕوتینێکی زیاترەوە درێژە بەخەباتی نەتەوەییمان بدەین لەپێناو ئاواکردنی وڵات و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان.

ئەوەی گرنگە بۆ کۆنگرەی YNDK ئەو ئەندامانەی شەرەفی ئەندامییەتی کۆنگرەیان پێدراوە، بە هەموو توانایانەوە کار بۆ سەرخستن و سەرکەوتنی کۆنگرە بکەن، کۆنگرەکە لە قالبی کەسی دوور بێت و بەرژەوەندی حزبی و نەتەوەییمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکان دابنێین و بەشدارییەکی چالاکانە لە رۆژانی کۆنگرە لە هەموو بەشەکان بکەین، بە بەشدارییەکی پێشـــکەوتنخوازانە بە گفتوگۆیەکی ئازادانە و دیموکراسییانە لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی حزب و هەموو ئەو پرس و مەسەلانەی پەیوەندی بە بارودۆخی کوردستانەوە **هەیە**، لە گۆڕەپانە سیاسییەکە بۆ ئەوەی بتوانین پێگەی YNDK بەهێزتر بکەین، بە مەبەستی خزمەتکردنی زیاتر، خاڵێکی دیکە کە هۆکاری سەرکەوتنی کۆنگرە و زامنی بارودۆخێکی باشترە بۆ

YNDK کارکردنی بە کۆمەڵە بۆ سەرکەوتنی کارەکانی کۆنگرە، با لە راو سەرنجەکانمان جیاوازبین و گفتوگۆیەکی سەردەمیانە دەربارەی هەموو پرسەکان بکەین، لە ئاکامدا خاڵی پۆزەتیف بۆ کارەکانمان بەدیاردەکەوێ، هەر ئەمەش زامنی سەرەکی سەرکەوتنی کارەکانمانە، تاوەکو کۆنگرەی YNDK بە بڕیار و راسپاردەی بەجێ کۆتایی بەکارەکانی بهێنێ.

# پرسی سەربەخۆیی لە کۆنگرەی YNDK

پرسی سەربەخۆیی کوردستان، یەکێکە لە مەسەلە هەرە گرنگەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی ئەم ناوچەیەو, تا ئێستا خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ نییە، هەموو نەتەوەکانی رۆژهەلاتی ناوین خاوەنی دەولەتن، کەچی نەتەوەکەمان بەپێی رێککەوتننامە نێودەولەتییەکان و بەرژەوەندی زلهێزان چەندین جار دابەشکرایە سەر نەتەوە سەردەستەکانی عەرەب و فارس و تورك و بەچەند دەوڵەتێکەوە لکێندرا، کورد چەندین هەلی بۆ گونجا لە بارترین هەل لە پەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ بوو کە تیایدا کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی لە پاش ساڵێك خۆ بەڕێوەبردنی خۆجێیی وەکو نەتەوەکانی دیکە کە لە پاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوونە، خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و پاشان لە ساڵی ١٩٢٣ بەهۆی پەیماننامەی لۆزانەوە، سیڤەر لە باربرداو جارێکی دیکە خەونی دەوڵەتی کوردی لە گۆڕنرا، پاشان چەندین هەلی دیکە هاتنە پێشەوە لەوانە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە رووخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ کەچی نەمانتوانی سوود لەم دەرفەتە زێڕینە ببینین.

ئەوەی گرنگ و پێویستە لە کۆنگرەی YNDK پرسی سەربەخۆیی کوردستان، پانتاییەکی زۆری پێبدرێ و ئەم مەسەلەیە بە وردی شەن و کەو بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە بۆ ئێمە لە هەموو پرسێکی دیکە گرنگترە، پێویستە کۆنگرەی YNDK زۆر بەگرنگییەوە قسە لەسەر سەربەخۆیی بکات، لەبەر ئەوەی ئەم بارودۆخەی ئێستا لە ناوچەکە دروست بووە، هەوڵبدەین بیقۆزینەوە، بە تایبەت ئێستا حکومەتی عێراقی ئەم هەموو پێشێلکارییەی دەرهەق بە گەلی کوردستان دەیکات و بەپێی دەستوور ئەگەر عێراق هەموو

داخوازییەکانی کوردستان بەجێ نەگەیەنێ، ئەوا گەلی کوردستان بۆی هەیە لەم کۆمارە ئیختیارییە بکشێتەوە، بۆیە پێویستە ئەندامانی کۆنگرەی YNDK بە هەستیارییەوە هەڵوەستە لەسەر ئەم پرسە بکەین و هەنگاو بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ بنێین، بۆیە هەنگاوی داهاتوومان داوای بڕیاری بوێرانەمان لێدەکات.

# پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە کۆنگرەی YNDK

یەکێك لە پرسە هەرە گرنگەکانی کە تائێستا هەوڵی زۆری بۆ دراوە، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە بە بەشداری حزب و لایەن و کەسایەتی و وڵاتپارێزەکانی کوردستان، لێرەو لەوێ گفتوگۆی لەسەر دەکرێت تا ببەسترێت، بەڵام تائێستا بە ئاکام نەگەیشتووە، YNDK هەموو کات لە مینبەر و لە رێگەی پەیوەندییە فراوانەکانی بانگەشەی ئەوە دەکات، پێویستە بەزووترین کات کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ سەرجەم نیشتمانپەر و لایەنەکان و نەتەوەییەکان و هەموو پێکهاتەکان ببەسترێت.

ئەم پرسە جارێکی دیکە YNDK دەیباتەوە کۆنگرەی خۆی تاوەکو بەدیدگا و تێڕوانینێکی نوێیەوە لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێ، مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە هەستیار و گرنگە و پەیوەندیدار بە چارەنووس و دوارۆژی نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکات، پرسیاری راستەوخۆ و کاریگەر ئەوەیە بۆچی هێندە پێداگیری لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەین؟ ئەی بۆ ئەم کۆنگرەیە لەم ئان و ساتە ببەسترێت؟ ئەم وەڵامانە ئەرکی کۆنگرەی (YNDK)ە وەڵامی دروست و بەپێزیان بداتەوە، ئەم مەسەلەیە بە وردی شەن و کەو بکات، بۆچی رێگری لە بەستنی دەکرێت؟ ئەم رێگرییانە چۆن هەڵبگیرێن؟ .

لەبەر ئەوەی کاتی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە بەشداری سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەم قۆناغە زۆر گرنگە، تاوەکو رێگرییەکانی بەردەم مافە نەتەوەییەکانمان دەست نیشان بکەین و ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان دابنێین.

لەبەر ئەوەی کاتی هاتووە کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمافەکانی بگات و چیتر شەرم لە داگیرکەران نەکات و بوێرانە باس لەمافەکان و سەربەخۆیی کوردستان بکات.

# دوای کۆنگرە

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK پێنجەم کۆنگرەی لە ڕۆژانی١٢-٢٠١٢/١٢/١٣ لە هۆڵی شەهید سەربەست لە شاری هەولێر، لەکەشێکی ئازادانە و دیموکراسییانە کارەکانی دوو ڕۆژەی بە دەرکردنی چەندین بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگ و چارەنووسساز سەرکەوتووانە کۆتایی پێهێنا، ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرە بووە جێگەی سەرنجی ڕاگەیاندنەکان.

ئەوەی تێبینی کرا ئەم کۆنگرەیە، بووە خاڵی وەرچەرخان بۆ نوێبوونەوەی YNDK و چەندین گۆڕانکاری گرنگ و سەردەمییانە لە بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆ کرا، هەموو ئەو بڕگە و بەندانەی نێو پێڕەوی ناوخۆ و ڕاپۆرتی سیاسی ڕاپۆرتی مەکتەبە ناوەندییەکان گفتوگۆی گەرمیان لەسەر کرا و پاشان پەسندکران، تا هەڵبژاردن دەرگای خۆ کاندیدکردن بەسەر هەڤاڵان کرایەوە و زۆر ئازادانە هەڤاڵان خۆیان بۆ سەرکردایەتی نوێی YNDK کاندید کرد، لە ئاکام ٨ ئەندامی هەمیشەیی و دوو ئەندامی یەدەگ دەرچوون و چەند هەڤاڵێکیش دەرنەچوون و هەموو لایەکیش ئاکامی هەڵبژاردنیان بە گیانێکی وەرزشییانە قبووڵکرد و لە نێو پیرۆزبایی و چەپڵە ڕێزان پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی کۆنگرە و ئەندامە دەرچووەکان کرا.

کۆنگرەی پێنجەمی YNDK کۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردەی زۆر گرنگی دەربارەی کێشەی ڕەوای نەتەوەکەمان و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و پشتیوانی لە دۆزی نەتەوەییمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و چاکسازی و میکانیزمەکانی بنبڕکردنی گەندەڵی و کۆمەڵێك پرسی دیکەی گرنگ تایبەت بە کوردستان و ناوچەکە دەرکرد، لە کۆتاییدا کۆمەڵێك کادری بە توانا هاتنە نێو سەرکردایەتی نوێی YNDK، کە گڕوتینی زیاتر دەبەخشنە کار و

خەباتی داهاتووی یەکێتیمان YNDK، ئەوەبوو YNDK لە دوو ڕۆژی کۆنگرە توانی بەخۆداچوونەوە و بەرنامەی نوێ بۆ کار و خەبات و تێکۆشانی دابڕێژێ و ئایندەیەکی گەشتر چاوەڕێی (YNDK)ـە.

# شەهید سەربەست

# وێستگەکانی ژیان و خەباتی شەهید سەربەست مەحموود

شەهید سەربەست مەحموود ناوی تەواوی (سیروان مەحموود فەتاح)ە، ساڵی ١٩٧٤ لەگوندی (مۆریاس) ی سەر بە قەزای شارباژێری پارێزگای سلێمانی لەدایك بووە. لە بنەماڵەو خێزانێکی شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێز پەروەردە کراوە، شەهید سەربەست خوێندنی سەرەتایی لە گوندی ( مۆریاس) و هەردوو قۆناخی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.

هەر لە تەمەنی خوێندنی دواناوەندیدا دەست دەکات بە خوێندنەوەی گۆڤار و رۆژنامەو پەرتووکە جیاجیاکان. ساڵی ١٩٩١ دەبێتە قوتابی بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین و ساڵی ١٩٩٥ بە پلەیەکی زۆر باش خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات. لە ڕۆژانی ١٧-١٩/ ٣/ ١٩٩٥ وەك ئەندامێکی دامەزرێنەر بەشداری کردووە لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK کە لە شارۆچکەی عەنکاوەی پارێزگای هەولێر بەستراو دوای تەواو بوونی کۆنگرەکە لە ڕۆژی نەورۆزی ١٩٩٥دا YNDKهاتە راگەیاندن. شەهید سەربەست مەحموود هەر لە یەکەمین رۆژی دامەزراندنی YNDK وە بەگیانێکی نەتەوەییانەوە دەستی بە خەبات و تێکۆشان کرد و لەڕۆژانی ٥ - ٧/ ١٩٩٦ لەشارۆچکەی شەقڵاوەدا زۆر چالاکانە بەشداری کرد، لە دووەمین کۆنگرەی YNDKو لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیاندا بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو و ئینجاش بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی رێکخستنی رێکخستنی YNDK.

لە دوای کۆنگرە زۆر چالاکانە کاری ڕێکخستنی لە شاری سلێمانی و ناوچەی شارەزوورو هەوراماندا ئەنجام دەدا، سەرپەرشتی کاروباری ڕێکخستنی YNDKی دەکرد.

هەروەها لە ڕۆژانی١٠و١١و١٢/ ١٩٩٩ لە کۆنگرەی سێیەمی YNDK کە لەشاری هەولێر بەسترا، بە هاوکاری هەڤاڵان توانی کۆنگرەکە بکات بە کۆنگرەیکی نموونەیی بەئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرایەوە.

بەهۆی توانا و لێهاتوویی کرا بە سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا، وێڕای بینینی رۆڵی سەرەکی لەدەرکردنی گۆڤاری (سەرخۆبوون) کە خۆی خاوەنی ئیمتیازی بوو، شەهید سەربەست مەحموود بیرمەندێکی لێهاتووی نەتەوەیی و، وڵاتپارێز و کورد پەروەرێکی دڵگەرم و، مرۆڤێکی رەوشت بەرز و بەوەفا و سەرنج راکێش و بە بەزەیی و بوێرو هەق پەرست بوو.

مخابن دوژمنان تیرۆریستان ڕێگەیان نەدا شەهید سەربەست مەحموود زیاتر تێبکۆشێ و خزمەتی زیاتر بە نەتەوەکەی بکات لە ئێوارەی رۆژی ٣١/ ٥/ ٢٠٠٠ دا زۆر بەنامەردی و درِندانە و هۆڤییانە لە شاری هەولێر شەهیدیان کرد، تەرمی پیرۆزی شەهید سەربەست رۆژی ١/ ٦/ ٢٠٠٠ لە هەولێرەوە برایەوە شارە خۆشەویستەکەی خۆی و لە مەڕاسیمێکی تایبەتیدا لەگۆڕستانی (گردی سەیوان)ی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا. ئەوەی جێگەی داخە تا ئێستا دۆسیەی شەهیدکردنی سەربەست مەحموود بەکراوەیی ماوەتەوەو دەزگاکانی پەیوەندیدار تا ئێستا بکوژانی شەهید سەربەستیان نەدۆزیوەتەوە، بۆیە پێویستە بەزووترین کات بکوژانی بدۆزرێنەوە و ئاشکرا بکرێن و بەسزای خۆیان بگەن.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید سەربەست مەحموود و گشت شەهیدانی ڕێگەی سەربەخۆیی و ئازادی و یەکگرتنەوەی کوردستان.

**ئەو وتانەی لەسەر شەهید سەربەست مەحموود وتراوە:**

* سەربەست مەحموود ڕۆژنامەنووسێکی شارەزا و ئازا و هەق بێژبوو.

**پڕۆفیسۆر د. جەمال نەبەز**

* سەربەست مەحموود، خەباتکار و سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسێکی زۆر بەنرخی نەتەوەکەمان بوو.... **جەواد مەلا سەرۆکی** KNC

* شەهید سەربەست مەحموود سیاسەتکار و قەڵەمێکی بوێر و هەقگۆبوو.... **غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی** YNDK

# شەهید(سەربەست مەحموود)

# سیمبۆلی بەرخۆدانی نەتەوەییمانە

ئاشکرایە دیاردەی تیرۆریستی مانای کوشتن و بڕین و ترساندن و تۆقاندنی کۆمەڵگە دەبەخشێ، هەروەها رەفتارێکی دزێو و ناشیرینی نەیارانی وشەی راستەقینە و کاری ئیرهابی فیکرە و رێگە گرتنە لە بەردەم ئازادی هزر و وتار نووسین، ئەم کارەش لە ڕێگەی دەستەو کۆمەڵێکەوە بۆ بەرژەوەندی خودی ـ سیاسی وڵاتێك یان لایەنێك ئەنجامدەدرێت بۆ لەناوبردنی کەسایەتی وڵاتپارێز و سیاسەتوانانی بە ئەمەك و دڵسۆز کە رێگرن لە بەردەم کارە خیانەتکار و گڵاوەکانی ئەم دەستانە، بۆیە سڵ لە هیچ خراپەکارییەك ناکەنەوە چڕنووکی نەگریسیان دەگەیەننە بینا قاقای کەسانی شۆڕشگێڕ و مۆمی تەمەن و خەباتیان دەکوژێنەوە، هەروا زۆرن ئەو رۆڵە جوامێرانەی بەر شاڵاوی گەردەلوولی مەرگ بوونەتەوە کە دروشمی کۆڵنەدان و شەهید بوونیان کردۆتە سەرە ڕمی خەبات و شۆڕشی سیاسی و رۆشنبیری و کارکردنیان، شەهید(سەربەست)یش یەکێك بوو لە رۆڵە هێمن و لەسەر خۆیەی فوو لە چرای ژیان و خەباتی کرا لەرۆژی ٢٠٠٠/٥/٣١ بووە قوربانی دەستی داگیرکەران و دوژمنانی ئەزموونی دیموکراتی باشووری کوردستان، بەم مەبەستە گەرەکە بڵێن گەشتێك بەنێو ژیان و هزر و بیری ئەم کە لە پیاوە بکەین، دەبینین شەهید قەڵەمێکی بە بڕشت و کاریگەری گۆڕەپانی سیاسی رۆشنبیرییەکە بوو، هەمیشە بە بوێری لە هەڵوێستەکان و دۆستایەتی هەق ناسرا بوو، بۆیە هەر لە تافی لاوێتی بیری نەتەوەیی لە مێشك و دەروونی چەکەرەی کرد و هەر زوو خۆی خزاندە رێکخراوێکی نەتەوەیی بۆ خزمەتکردنی نەتەوە ستەمدیدە و زوڵم لێکراوەکەی و لەگەڵ چەند هەڤالێکی دیکە هۆگری

بیری سەربەخۆخوازی دەبن و لە رۆژی ۱۹۹۵ /۳/۲۱ مژدەی راگەیاندنی رێکخراوێك بەناوی YNDK دەگەیەننە جەماوەری کوردستان، ئینجا دەتوانین بڵێن بیر و هزری ئەم شۆڕشگێڕە هەر لە زووەوە هەستکردن بوو بە چەوسانەوەی داگیرکردن و لەتکردنی کوردستان و هەڵوشینی خێر و بێری وڵات لەلایەن بێگانە و دوژمنان، لەم خاکەوە دەکرێ بڵێن راستی خەباتی شەهید لەگەڵ هاتنە مەیدانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان گەشەی کرد.

لە پێناو برەودان بەبیری نەتەوەیی سەربەخۆخوازی، هەر لەم سۆنگەوە شەهید سەربەست بەهۆی تەڤلی بوون بە شۆڕشی نەتەوەیی بیری سەربەخۆ توانی ئاڕاستەی هەڤاڵانی دەوروبەری بکات و ئەویش تەڤلی دەورە و خولی پەروەردەیی دەربارەی بیری نەتەوەیی بکات، لە ماوەی چەندین ساڵەی تەمەنی YNDK چەندین رۆڵە و کادیری بەم بیرە پێگەیاند.

شەهید سەربەست سیاسەتوانێکی وڵاتپارێز و بە ئەمەکی نەتەوەکەی بوو، هەمیشە کاری بۆ تێکشکاندنی سنووری وەهمی نەخشەکێشراو لەلایەن داگیرکەران لە ڕێگەی نووسین و و ئاڕاستەکردن دەکرد و لەو باوەڕدا بوو کە دەبێ رۆڵەکانمان وا پەروەردە و گۆش بکەین، تا دەگەنە لوتکە لە بەزاندن و رەشکردنەوەی ئەم سنوورە وەهمییە کوردستانی پێ لەتوپەتکراوە، هەمیشە بیر و هۆشی لەلای یەکگرتنەوەی کوردستان و یەککردنی بیر و هێزەکان بوو، بۆیە ئەستەم نییە گەر بڵێین هەڤاڵ سەربەست یەکێك بوو لەو قارەمانە بەها پیرۆزانە و داستانێکی فیداکاری و قوربانیدان و سیمبۆلی بیری نەتەوەیی سەربەخۆخوازی کورد بوو، چونکە شەهید ئاستی هۆشیاری سیاسی نەتەوەیی لە پلەیەکی بەرزدابوو، هەمیشە وەکو مۆم ئاسا لە پێناو ئاسۆیەکی گەش بۆ وڵاتەکەی خۆی ببوە مۆم و دەتواوە بەردەمی هەڤاڵان و گەڵەکەی بەهێزی

فیکر و خوێنی جەستەی رووناك دەکردەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین رۆژی شەهیدکردنی ئەم قارەمانە رۆژی قوربانیدان و بەرخودانی نەتەوەییە و بووە مەشخەڵی رێگەی (٧٠) ملیۆن کورد لە پێناو دابینکردنی دوارۆژێکی پڕ سەروەری بۆ نەتەوەکەی و گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد.

بەم پێودانگە هیچ رۆژێك هەڕەشە و گوڕەشەی دوژمنان نەبۆتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم کار و خەباتی و هەمیشە نەیانتوانیوە هەستی شۆڕشگێڕی راستەقینەی ئەم بلیمەتە لاواز بکەن  و هەردەم بوێر بووە لە دەربڕینی راو بۆچوونەکان لە پێناو پوچەڵکردنەوەی نەخشە و پیلانەکانی داگیرکەران بۆ ئەمە تەماشای دەکەین هەموو کات بە پێشنیار و سەرنجەکانی هەڤاڵانی  ئاڕاستە دەکرد تابتوانن زۆرترین خزمەت بە نەتەوەکەیان بگەیەنن، بۆیە شەهید ببووە ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لەسەر دۆند و لوتکەی چیا سەرکەشەکانی کوردستان، بەهۆی باوەڕی پتەوەی بە بیری نەتەوەیی رەسەنایەتی دیرۆکی نەتەوەکەی لە پێناو راستی و ڕێگەی خۆشکردن لە بەردەم ئازادی و دیاریکردنی و مافی چارەنووسی نەتەوەکەی، بەم پێیە دوژمنان و داگیرکەران هیچ کاتێك چاویان بە شەهید سەربەست هەڵنەدەهات و ببووە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ پووچەڵکردنەوەی مەرامەکانیان لەبەر ئەمە دوژمنانی ئەزموونی باشووری کوردستان کاریان بۆ پووکانەوەی و لەناوبردنی ئەم جۆرە قەڵەمەی وەك هەڤاڵ سەربەست دەکرد، بەشێوەیەکی زۆر هۆڤیانە و دڕندانە پۆلێك رق و کینەی هەیانبوو خستیانە سەر گیانی  پاکی نەمری و شەهیدیان کرد.

بەڵام دوژمنان دەبێ چاك بزانن هەڤاڵی شەهید درێژەی بەرخودانی نەتەوەییدا بە شێوەی تەڤلیبوون بە کاروانی سەروەر و نەمرەکان، بۆیە دەبێ بڵێین شەهیدکردنی هەڤاڵ سەربەست یەکێك بوو لەو زنجیرە کارەساتە لەبن

نەهاتووانەی کە بەسەر نەتەوەکەمان هاتووە، کە هەر هەموویان بوونەتە مژدەی سەرکەوتنی ئیرادەی گەل و کۆتایی هاتن بە سەردەمی تاریکی و ژێر دەستەیی بێشك رۆژی کپکردن و خنکاندن و تیرۆرکردنی شەهید ئەو مژدەیەمان پێدەبەخشێ کە هەڤاڵ سەربەست چەندە پەرۆشی بیری نەتەوەی و دڵسۆز و بەئەمەك بوو دەهەمبەر نەتەوەکەی، لەم گۆشە نیگایەوە کە بڵێین سۆز و پەیمانی ئێمەش لە پێناو خاك و وڵات گرێدراوە بەسۆزی هەڤاڵ سەربەستی شەهید و تیرۆرکردنی بەدەستی ناحەزان و نەیارانی ئەم ئەزموونە زیاتر سوورمان دەکات لەسەر خەبات و تێکۆشان، بۆیە دەبێ بڵێین رۆژی شەهیدکردنی هەڤاڵ سەربەست مەحموود رۆژی مژدەی قۆناغێکی تازە و نوێیە لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەییمان بۆ YNDK و تەواوی لایەنە سیاسییەکان و جەماوەر و خەڵکی کوردستان.

دوژمنانیش دەبێ ئەمە چاك بزانن هەر کارێکی تیرۆریستی لە دژی ئیرادەی گەل دەکرێ، رۆژێك دێت بەر نەعرەتەی میللەت دەکەون و خۆناگرن و ریسوا دەبن و دەتوێنەوە، بۆیە گەرەکە هەموو لایەك (لایەنە سیاسییەکان ـ حکومەتی هەرێمی کورستان ـ جەماوەری کوردستان ـ رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان) هاوکار بن لەگەڵماندا بۆ ئاشکراکردنی بکوژانی و ئەنجامدەرانی ئەم کارە تیرۆریستە، چونکە ئەم کارە لە دژی هەموو لایەکمان کراوە و زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سیاسەتوانان و رۆژنامەنووسان و هەقدۆستان، بۆیە دەبێ هەر ئاشکرا بکرێن و تاوانبارانیش بە سزای گەل و بگەن و خوێنی هەڤاڵ سەربەست مەحموودیش کە بەناهەق رژاوە هەرگیز بەفیڕۆ ناچێت.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاك و بێگەردی شەهید سەربەست و گشت شەهیدانی ڕێی سەربەخۆبوونی کوردستان، بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو دیموکرات.

* ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (٦٨)ی رۆژی ٢٠٠٠/٦/١٥ بڵاوکراوەتەوە.

# خولی شەهید سەربەست بۆ فێربوونی رێنووسی لاتینی

رۆژی ٢٠٠٠/١٢/١٤ مەکتەبی ناوەندی رێکخستنی یەکێتیمان YNDK خولێکی پەروەردەیی بۆ فێربوونی رێنووسی کوردی بە پیتی لاتینی بۆ کۆمەڵێك لە ئەندامانی سەرجەم ستاف و نووسینگەکانی YNDK بەنێوی ( خولی شەهید سەربەست) کردەوە کە ماوەی خولەکە(١٢) رۆژ بوو و بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات بۆ زیاتر زانیاری وەرگرتن سەبارەت بەخولەکە و نێوەرۆکی خولەکە و ئەندازەی سەرکەوتوویی و کەڵك و سوودەکانی لەسەر زاری بەشداربووان، بەچاکمان زانی لەنزیکەوە بەرپرسی مەکتبەی رێکخستن و سەرپەرشتیاری خول هەڤاڵ شاخەوان خالید بهێنینە ئاخاوتن.

لەیەکەم وێستگەماندا و لە دەستپێکدا بۆ ئاشنابوون بە چۆنیەتی گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی خولەکە و گرنگی مێژووی بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە نووسینی کوردیدا، هەڤاڵ شاخەوان خالید سەرپەرشتیاری خولەکەمان بەسەر کردەوە و چەند پرسیارێکمان ئاڕاستە کرد و بەڕێزیشی بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی داینەوە:

بیرۆکەی خولەکە لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی ناوەندی رێکحستندا کە ئەو کات شەهید سەربەست تیایدا ئامادەبوو خرایە بەرباس و شرۆڤەکردن و لە ئاکامدا خرایە بەرنامەی کار، بۆ ئەم مەبەستە لەم دواییە بیرمان کردەوە کە ئەم بیرۆکەیەی شەهیدی رێبازی کوردایەتیمان زیندوو بکەینەوە، ئەوە بوو لەماوەی ١٤تا٢٠٠٠/١٢/٢٦ سازمان داوە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هەڤاڵانی شەهید بۆ زیندووکردنەوەی و بەرز ڕاگرتنی بیرۆکە و بیروباوەڕی شەهید (سەربەست مەحموود) کە تائێستا لە نێونماندا پەیامەکانی بەزیندوویی

ماوەتەوە و هەرواش دەمێنێ، ئامانجی خولەکەش فێرکردن و راهێنانی هەڤاڵانە لەسەر رێنووسی کوردی لە کوردستانی مەزن.

وەکو چۆن بەهۆی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان بەسەر وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان بوار و دەرفەت لە بەردەم کورد بۆ هێنانە کایەی زمانێکی ستاندەر و رێنووسی یەکگرتوو تەسك کرایەوە و بەزۆرەملێ ئەلف و بێی خۆیان بەسەر سەپاندین، جا کە ئەلف و بێیەك هی کورد نەبێ بێ گومان لەنگی لەخوێندنەوە و نووسینی کوردیمان دروست دەکات، لەبەر ئەوە رێنووسی لاتینی بۆ نووسینەوەی ئەلف و بێی کوردی شیاوتر و دروست ترە، بۆ ئەوەی لە ڕێنووس و ئەلف و بێ ی بێگانانیش دەربازبین پێویستە خۆمانی لەگەڵدا ماندوو بکەین و هەوڵبدەین رێنووسی لاتینی بەشێوەیەکی فرە بڵاوبێتەوە و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەسەر رابهێنین بەپێی بەکارهێنانیشی دەرکەوتووە لە کاتی پێکهێنانی وشە و رستە لەسەر زوبان ئاسانتر دەبێت، هەروا لە کاتی نووسینەوەی وتار و نووسینەکان پاراوتر دەبن، رەنگە ئێستا ئەم ڕێنووسە دژایەتی بکرێ بە بڕوای هەندێ کەس هێنانە کایەی ئەم رێنووسە تاکەکانی لە ئەلف و بێی عەرەبی کە قورئانی پێ نووسراوە دوورخاتەوە، ئەمەش راست نییە، چونکە قورئان شتێکی جێگر و نەگۆڕە و هیچ ڕێنووسێك کاری تێناکات، لەبەر ئەوە نابێ ئەم لایەنە کۆسپ و لەمپەری بخەنە بەردەم بڵاوبوونەوەی ڕێنووسی کوردی بەلاتینی، چونکە ئەم ڕێنووسە بۆ ئێمە گرنگە و گونجاوە گەرەکە لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگە و خوێندنگەکان بکرێتە مەنهەج و خوێندەڤانی هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە لەسەری رابهێنرێ. ئێمە وەك YNDK لەکارنامەی چالاکییەکانمان کردنەوەی خول بە بنچینەی پەرەپێدانی واری رۆشنبیری هەڤاڵان و هێنانە کایەی

وشیاری نەتەوەیی دادەنێین  لە ئایندەش خولی زمان لە بەرنامەدایە لەوانە خولی پەروەردە و رۆشنبیری لە چوار چێوەی بیری نەتەوەیی بۆ هەڤاڵان ساز دەدەین، گومانیشی تێدانییە هەر رێکخراوێکی نەتەوەیی خوادن ستراتیژی یەکپارچەیی خاکی کوردستان و سەرخۆبوون و پێکهێنانی کیانی کوردی لەچوار چێوەی دەوڵەتی کوردی دەبێ ئەوە بەرنامەی بێت.

* ئەم لێدوانە لە ڕۆژنامەی میدیا ژمارە(٨٥) لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٠١/١/١٥ بڵاوکراوتەوە.

# پەیڤێک لە ساڵیادی شەهیدکردنی

# (سەربەست مەحموود)

لەنێوان بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، زۆرن ئەوانەی هەموو تەمەنیان کردۆتە قوربانی خاك و نیشتمان و هەموو ژیانیان لە پێناو بیری سەربەخۆخوزای تەرخان کردووە، سەر ئەنجام بەهۆی بیری رەسەن و کوردایەتی کەوتوونەتە بەر چڕنۆکی ڕەشی داگیرکەران و ناحەزانی کورد، یەکێك لەو قارەمان و سەرکردە لێهاتووانە شەهید (سەربەست مەحموود)ە، کە بەدەستێکی چەپەڵ و نەگریس لە ئێوارەی ٢٠٠٠/٥/٣١ بەو پەڕی دڕندانەی دوور لە هەموو بەهاو رێسایەکی مرۆڤانە و ئایینی و یاسایی شەهیدکراو چووە کاروانی هەمیشە نەمران.

شەهید (سەربەست مەحموود) بە درێژایی تەمەنی رۆژێك لە رۆژان لە کاری سیاسی و رۆژنامەڤانی نەیزانی ماندوێتی و شەکەتی چییە، لەبەر ئەوە تا رۆژی تیرۆرکردنی بوێرانە و ئازایانە داکۆکی لە کێشەی رەوای نەتەوەکەی کرد، لەم سۆنگەوە شەهیدی هەمیشە زیندوو (سەربەست مەحموود) دەروێشی تەکییەی رێبازی کوردایەتی بە شۆڕشگێڕێکی بە توانا و هەق بێژ و زیرەك و خاوەن گیانی کوردانە و بە دیسپلن ناسرا بوو، لە ماوەی کورتی تەمەنیدا توانی وەك سەرکردە و بیرمەندێکی نەتەوەیی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان خۆی بناسێنێ لە نووسین و تۆژینەوەکانی هەمیشە بە سەرنج تێڕامانەکانی پیلانی دوژمنانی دەخستەڕوو لە پێناو پووچەڵکردنەوەیان هەروا شەهید هەر لە رۆژی دامەزراندنی یەکێتیمان YNDK لە رۆژی ١٩٩٥/٣/٢١ وەك سەرکردەیەك توانی رۆڵی کاریگەر و بەرچاوی خۆی لە بەرەو پێشبردنی خەبات و بەرخودانی یەکێتیمان YNDK لە پێناو خزمەتکردنی کوردستان

ببینیَ، بە شاهیدی هەموو هەڤاڵان شەهیدی سەرکردەمان وەك ڕێکخستنکاری پلەیەکی YNDK ناسرا بوو، لە ماوەی کار و خەباتی ئاشنایەتی هەڤاڵبەندی لەگەڵ سەرجەم ڕێکخستنەکانی یەکێتیمان YNDK دروست کردبوو، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لە بڵاوکردنەوەی گیانی هەڤاڵبەندی لە نێو ڕێکخستنەکانی YNDK، لە هەمان کاتدا هەڵوێستە سیاسییەکانی لە گوتارەکان ببووە مایەی سەرنج و تێڕامانەکانی سەرجەم سیایەتوانانی نەتەوەکەمان، چونکە شەهید سەربەست بە حەق دەیتوانی ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینیَ، لە خوێندنەوە و پێشبینییەکانی لە ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکە، ئەمانەش نیشانە و بەڵگەی ئەوەن کە شەهید سەربەست مەحموود پەروەردەی بیری ڕەسەنی کوردایەتی بوو، لەبەر ئەوە بە بەردەوامی کۆڕ و سەمیناری لەسەر ئەو بوارە سازدەدا و لە ماوەی سەرکردایەتی کردنی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستنی YNDK توانی دەیان کادیری پەروەردە و گۆشکراو بە بیری نەتەوەیی و سەربەخۆخوازی پێبگەیەنێت و بیانخاتە خزمەت خاك و نیشتمان، ئەمڕۆش ساڵیادی شەهیدکردنی ئەم کەڵەپیاوە تێدەپەڕیَ بیروباوەڕ و تێڕامانەکانی دەربارەی ئەم پرسانەی تیشکمان خستنە سەر لە نێوانماندا گوزەر دەکەن، لە بیرمە لە زۆربەی کۆبوونەوەکان جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە سەرکردایەتی YNDK چۆن هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەر متمانەی لەوان وەگرتووە بەم شێوەیەش دەبیَ لە نێو جەماوەر کار و چالاکی ئەنجامدات و لێیان دانەبڕیَ و دوورنەکەوێتەوە و کاری سەرەکیمان بڵاوکردنەوەی وشیاری نەتەوەیی بێت، لێرەدا وتەیەکی ئەم کەلەپیاوە دێنمەوە یاد کە دەیفەرموو ( هەر کاتێك حزب لە جەماوەر دابڕیَ و دوور بکەوێتەوە، ئەوا ئەم حزبە وردە وردە بیَ هێز دەبیَ و دوایی دەتوێتەوە) گەر بە هەستیاری لەم

وتەیە وردبینەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە شەهید سەربەست چەندە بە مەزنی بیری دەکردەوە، لای روون بوو حزب بۆ خزمەتی جەماوەر دروست دەبێت، لەبەر ئەوە نابێ لە جەماوەر دوور بکەوێتەوە لە تەك ئەمانە بیری نەتەوەیی هێندە بە گەورەیی لە هزری چەکەرەی کردبوو، لە هەموو کۆڕ و سەمینار و ئەو خولانەی بۆ هەڤاڵانی سازیدەدا، بە شێوەیەکی چڕ و پڕ لە سەربەخۆیی کوردستان دەدوا ئەوەی گوێی لێبوایە، هەر چەندەی بەهۆی نالەباری رەوشی سیاسی کوردستان بەهۆی شەڕی ناوخۆیی بێ ئومێد بوایە، دووبارە ئومێدی ئاسۆیەکی گەش بە گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەخۆی و ئازاد دەهاتە بیر و هزری و قەناعەتی تەواوی بە قسەکانی شەهید دەکرد دەست خۆشانەی لێدەکرد ئەمەشیان سیفەتێکی دیار و بەرچاوی شەهیدە کە بە پاراوی و بەڵگەی زانستی و کوردانە گوتارەکانی پێشکەش دەکرد، لەبەر ئەوە شەهید ببووە خۆشەویستی هەڤاڵان و جەماوەری YNDK و هەر بۆنە و کارێك بهاتایە پێش شەهید خوێندنەوەی راست و دروستی کوردانەی خۆی تێدا دەردەبڕی، لەم سۆنگەوە دەتوانم بێژم شەهید سەربەست مەحموود بە هەق سیاسەتوانێکی وڵاتپارێزی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بوو، هەر بۆ ئەم مەبەستە شەهید سەربەست وەك وتەبێژی یەکێتیمان YNDK دەهەمبەر پیلانی داگیرکەران و دوژمنان بە بوێری هەڵوێستی سیاسی YNDKی لە روانگەیەکی نەتەوەیی دەخستەڕوو، لایەنێکی تری درەوشاوەی ژیانی ئەم بیرمەندە نەتەوەییە خامە بوێر و رەنگینەکەی بوو، لە بواری رۆژنامەوانی لەو کاتەی سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری سەرخۆبوون بوو بە شاهیدی بەشێکی زۆر لە رۆشنبیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئەم دوو ئۆرگانە نەتەوەیی ببوونە سەکۆیەکی ئازاد بۆ سەرجەم

رۆشنبیران، لە نووسین و تۆژینەوەکانی ئەم رووە بەزەقی هەستی پێداکرا، بەو واتایەی نووسین و وتارەکانی هەر هەمووی لەروانگەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەخزمەتی فەلسەفە، بیری نەتەوەیی و بیری سەربەخۆخوازی و داکۆکیکردن لە ئەزموونی دیموکراسی باشووری کوردستاندا بوو.

لەبەر ئەوە خوێنەران بە وردی لە کاتی دەرچوونی رۆژنامەی میدیا و گۆڤاری سەرخۆبوون و بڵاوکراوەکانی تری یەکێتیمان YNDK بە دوای وتار و نوسینەکانی شەهید سەربەست دەگەڕان و دەیانخوێندەوە، چونکە بە ڕاستی نووسینەکانی لە ئاست تێرکردنی واری فکری تاکەکان و رۆشنبیران بوو، لەبەر ئەوە شەهید بڵاوکراوەکانی YNDKی کردبووە سەکۆ و مینبەری رەسەنی بیری کوردایەتی بە هۆیەوە بیری نەتەوەیی برەوی پێدەدرا، لەبەر ئەوە شەهید سەربەست مەحموود وەك رۆژنامەڤانێکی چەلەنگ لە بواری رۆژنامەگەری کوردی هاتبووە ناساندن کە دەتوانم بێژم لە رووی بوێری و هەق بێژی لە باشووری کوردستان نموونەی کەمبوو، چونکە هەر کاتەی خامەکەی دەخستە سەر پەڕاوی سپی تیایدا رووداوەکانی وەك خۆی تۆمار دەکردن و هەڵوێستی روون و ئاشکرای دەربارەی دەردەبڕین، لەبەر ئەوە گەرەکە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ساڵانە یادی ئەم رۆژنامەڤانە بکاتەوە و کاری زیاتر بۆ کۆکردنەوەی نووسینەکانیان بکات، چونکە شەهید سەربەست مەحموود لە ماوەی رابردوو بە یەکەم رۆژنامەڤان دادەنرێ کە وشەکانی بەر گوللەی تیرۆریستان کەوت و خۆی و وشەکانیان شەهید کرد.

شەهید سەربەست بەهۆی شارەزایی و زیرەکی لە هەموو ئەم بوارانەی تیشکمان خستە سەر، تەنگی بە دوژمنان و داگیرکەران و ناحەزان هەڵچنیبوو لەگەڵ

هەر رۆژێکی نوێی ژیانی شەهید دوژمنان مەرگی خۆیان دەبینی، لەبەر ئەوە شەهیدیان خستە نێو سێرەی تفەنگەکانیان و شەهیدیان کرد.

بەڵام دوژمنان لەم تیرۆکردنە زۆر هەڵە بوون، شەهید سەربەستیان لێ شەهید کردین، بەڵام نەیانزانی شەهید سەربەستی لە دوای خۆی دەیان سەربەستی بەجێهێشت، شەهید سەربەست چەند مرۆڤێکی ئازاو بوێر بوو بەهەمان ڕادەش مرۆڤێکی دیموکرات و خاکەرایی بوو، بە کاروباری نێو رۆژنامەدا هیچ کاتێك وەك سەرنووسەرێکی خۆسەپێن و بیرۆکراسی مامەڵەی لەگەڵ هەڤاڵانی خۆیدا نەدەکرد.

بۆیەش ئەو دەستە چەپەڵانە بەڕاستی سەرنووسەرێکی ئازا و بوێر و هەقبێژ و دیموکراتی ئەوتۆیان لێستاندین کە هەمیشە لەیاد و هزری ئێمەدا زیندووە، بەو تایبەتمەندییە بەرزانەی بەپەیژەکانی نەمریدا بەرە و بەرزی و ژیانی هەتا هەتایی هەڵفریوە، دەسا با هەر لەفرِدابی گیانی سەرکردە و بیرمەند و رۆژنامەنووسی نەتەوەپارێز و مرۆڤ و ئازادی پەروەر و کە ئەویش شەهید سەربەستی هەمیشە زیندووە لەنێودڵ و دەروونماندا.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا لەژمارە(٩٦)لە ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٣١ بڵاوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەیەک بۆ چەمکی ناسیۆنالیزم لە هزری(شەهید سەربەست)دا

(بیری نەتەوەیی کوردی بۆشایی رۆحی و عەقلییەتەکانی مرۆڤی کورد پڕدەکاتەوە)....لە وتەکانی شەهید سەرەبەست.

شەهید سەربەست لە دیرۆك و مێژووی نەتەوەکەمان بەیەکێك لە هزرڤانە لێهاتوو دڵسۆزەکانی بیری نەتەوەیی کوردیمان (کوردیەتی) هەژمار دەکرێت ئەم سەرکردە بیرمەندە بە ئەمەکە هەموو ژیانی بۆخزمەتکردنی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی تەرخانکردبوو، وەك بەرەڤانێکی چەڵەنگ و بوێر هەڵوەێستەی لەسەر پرسە نەتەوەییە چارەنووسسازەکانی پەیوەندیدار بە داهاتووی کورد و کوردستان دەکرد، زۆر زیرەك و ژیرانە پرس و رەهەندەکانی شەن و کەو دەکردن و دەیخستنە خزمەت دۆزی رەوای نەتەوەکەمان، لە پێناو ئاواکردنی وڵات و هەنگاونان بەرە و سەربەخۆیی کوردستان. بۆیە دوژمنان نەیارانی بیری نەتەوەیی و هزری پێشکەوتنخوازی چاویان بەم هزرڤانە نەتەوەییە هەڵنەدەهات و شەهید سەربەست لە ٢٠٠٠ /٥/٣١ دا لەلایەن دەستێکی رەش چەپەڵ شەهید کرا، ئەم سەرکردە هەڵکەوتووەی نەتەوەکەمان بەیەکجاری ماڵئاوایی لێکردین، بەڵام شەهید سەربەست بەهۆی نووسین و وتار و لێکۆڵینەوە نەتەوەییەکانی هەردەم بە نەمری لە نێوماندامادوەتەوە، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد لە هزری ئەم بلیمەتە بکەین، تا لە خەبات و بەرخۆدانی داهاتوومان سوودی لێوەربگرین، ناسیۆنالیزم لە ئارمانجدا ئاواتی بەیهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییە و لە ناوەڕۆکدا دەکرێ رەگەزپەرستانە بێت و دەکرێ رزگاریخوازانە هەنگاو بنێت، بۆ رزگاری نەتەوە و داننان بە هەموو نەتەوەکانی تری سەر رووی زەمین، کە

ئەمەی دووەمیان دوورە لە گیانی رەگەزپەرستانە، بۆیە شەهید سەربەست ئەوەی دووەمیان هەڵبژاردبوو دوور لە گیانی رەگەزپەرستانە، باوەڕی وابوو هەموو نەتەوەکانی ژێردەست دەبێ بە مافی نەتەوەیی خۆیان بگەن و ببنە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆیان، ئێمەش وەکو وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراو مافی خۆمانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان هەبێت، شەهید سەربەست لەوە گەیشتبوو ئەو ناسیۆنالیزمەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و نەتەوەکانی سەردەست پەیڕەوی دەکەن ناسیۆنالیزمە بەمانا و ناوەڕۆکە رەگەزپەرستەکەی، داگیرکەرانی کوردستان هەرگیز رۆژێ لە رۆژان دان بەمافە نەتەوەییەکانمان ناهێنن، لەبەر ئەوە پێویستە کوردایەتی بکەینە رێباز و قیبلەنمای خەبات و تێکۆشانمان بۆ سەربەخۆیی کورد و کوردستان.

شەهید سەربەست خوێندنەوەیەکی قوڵ و وردی بۆ نەخشەی پیلانی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان هەبوو، دەیزانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەموو شێوازێکی دڕەندانە و نامرۆڤانە دەگرنە بەر بۆ پاکتاوکردنی کورد و گۆڕینی دیمۆگرافیای خاکەکەی و هەڵلوشین و دزینی سەروەت و سامانی خاکی کوردستان، بۆیە هەوڵیدەدا تاکی کورد بە بیری نەتەوەیی جۆش بدات و وشیاریان بکاتەوە بە بیری سەربەخۆیی کوردستان، شەهید سەربەست کوردایەتی کردبووە رێباز و سەربەخۆیی کردبووە ئامانج, بۆیە لە وتەیەکەدا دەیوت: " کوردایەتی وەك بیری نەتەوەیی مرۆڤی کورد پێویستە زیاتر لە هەرکاتێکی تر قسە لەسەر ئەم چەمکانە بکات کە واقیعی ژیانی ئەمڕۆی کورستان دەیهێنێتە ئاراوە" بەو مانایەی تاکی کورد دەبێ وشیار بکرێتەوە کە نەتەوەکەمان لە سەربەخۆیی زیاتر هیچ شتێکی دیکە رزگار و ئازادی ناکات، هیچ بیرێکی دیکە هێندەی بیری نەتەوەیی کوردییمان خزمەت بە خاك و وڵاتمان ناکات،

کورد نەتەوەییەکی رەسەنە و پێکهاتە نەتەوەییەکانی لە زمان و مێژوو جوگرافیا و کەلتوور و تایبەتمەندییەکانی تری نەتەوە دەوڵەمەندە، کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوە بەسەر چەند دەوڵەتێکی کۆلۆنالیستی، بەڵام ئەم سنوورەی کوردستانی پێ لەتکراوە وەهمییە و بەهیچ شێوەیەك دانی پێدانانرێت، لەبەر ئەوە یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان رۆژێك دێت ببێتە واقیع لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، چونکە تاکە چارەسەر بۆ کێشەی کورد دروستبوونی دەوڵەتی کوردییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا کێشەی کورد بە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ چارەسەر نەبێت، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئارامی بەخۆیەوە نابینێت ، چونکە کورد دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرێت، بۆ ئەمە دەیوت پێویستە گوتاری سیاسی و کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستان یەکبخرێت کە ئامانجە ستراتیژییەکەی سەربەخۆیی کوردستانە، بەڵام تایبەتمەندی سیاسییانەی هەموو بەشەکانی کوردستان وەك یەك نین، چونکە هەر بەشەی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەهۆی ئەم کەلتوور و واقیعە تاڵەی بەسەریدا سەپاوە، بەمەش شێوازی خەبات لە هەریەك لە بەشەکانی کوردستان دەگۆڕێت، بەڵام لە کۆتایی هەموو کورد یەك ئارمانجی هەیە، ئەویش دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، بەڵام بە داخەوە خەباتی دیپلۆماسییانەی کوردی, حزبیەو بۆ ئەوەی خەباتی دیپلۆماسی کورد بکەوێتە بەرژەوەندی نەتەوەییمان دەبێ لەم حاڵەتە بەحزبیبوونە دەربچێت و ببێتە گوتارێکی سەربەخۆی کوردی کوردستانی، تیایدا بەرژەوەندی نەتەوەییمان بپارێزێ، نەك بەرژەوەندی حزبی لە ریزی پێشەوە بێت و بەرژەوەندی نەتەوەییمان بکەوێتە دوای بەرژەوەندییە حزبیەکان، بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات پێویستە کورد بە یەك گوتار ئاخافتن بکات ئەویش گوتاری

سەربەخۆیی کوردستانە، پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان بەدەست بهێنین, ئەمەش بەهاوتەریبکردنی بەرژەوەندی زلهێزەکانی جیهانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کورد, چونکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەمڕۆدا بەرژەوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی بڕیار بەدەست لە ئارمانجەکان نزیکمان دەکاتەوە نەك سۆز و پێدا هەڵگوتن و خۆبەکەمتر زانین لە ئاست نەتەوە و سیاسەتوانانی دونیادا، ئەمەش بەرنامەڕێژی پێویستە و دەبێ کورد لەو سەردەمەدا خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی هەبێت و سوودیان لێوەربگرێت، هەموو ئەمانە لەنێو بۆتە و گەمەی سیاسەتی جیهان وادەکات جێگات ببێتەوە و ئارمانجەکانت بپێکێ، بۆیە پێویستە لە یەکتر نزیکبوونەوەی زیاتر هەبێت لە نێوان بەشەکانی کوردستان بە تایبەت لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، چونکە دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند وڵاتێکی جیاواز لە کەلتوور لەیەکتر دوور خستۆتەوە، بۆیە پێویستە زیاتر کار بکرێت بۆ یەکخستنی گوتاری سیاسی کورد لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن، شەهید سەربەست هەموو لە خەمی ئەوەدا بوو تاکی کورد دەبێ بە بیروباوەڕی نەتەوەییانە پەروەردە و گۆش بکرێن تا ئاستێکی بەرز شارەزییان لە مێژوو جوگرافیای وڵاتی خۆیان هەبێت و بتوانن سیاسەتی نێودەوڵەتی بەدروستی بخوێننەوە و بیرکردنەوەی دەوڵەتانی کۆلۆنالیستی کوردستان بە وردی تێبگەن کە بەدرێژایی مێژوو داگیرکەران توانیویانە کەلتووری زۆرە ملێی خۆیان بەسەر تاکی کورد بسەپێنن، بۆ شێواندنی ناسنامەی تاکی کورد. ئەمەش بە وشیارکردنەوەی تاکی کورد دەبێت بەم سیاسەتە چەپەڵە و ڕەگەزپەرستانەی داگیرکەرانی کوردستان شەهید سەربەست ئەزموونی باشووری کوردستانی وەك پاڵپشت بۆ خەباتی هەموو بەشەکانی کوردستان هەژمار دەکرد، پێی وابوو

هەموو تاکێکی کورد دەبێ پەرلەمان و حکومەتی باشووری کوردستان بەهی خۆی بزانێ و پارێزگاری لێبکات، چونکە داگیرکەرانی کورد هەموو هەوڵێکیان خستۆتەگەڕ بۆ لە باربردنی ئەو ئەزموونەی باشووری کوردستان داگیرکەرانی کوردستان سەرەڕای ناکۆکی و جیاوازیان لە بیرکردنەوە و داڕشتنی سیاسەتی وڵاتاکەیان بەڵام کۆکن لەسەر دژایەتیکردنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و بە بەردەوامی دانیشتن و ڕێککەوتننامە دەکەن لە پێناو دژایەتیکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستاندا، بۆیە شەهید سەربەست جەختی لەسەر پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمان دەکردەوە لە ڕێی وشیارکردنەوەی تاکی کورد و پاراستنی یەکڕیزی و یەکدەنگیمان لە ڕوبەڕوبوونەوەی هەموو ئەم مەترسییانەی هەڕەشەنە بۆ سەر نەتەوەکەمان، شەهید سەربەست مەحموود جەماوەری بەهێزی لەبن نەهاتووی پارێزەری هەموو دەستکەوتەکان دادەنا و دەیوت: "نابێ دەسەڵاتی سیاسی کوردستان پشت لە جەماوەر بکات"، چونکە پەراوێزکردن و وەلانانی داخوازییەکانی جەماوەری کوردستان کەلێن و درز لە نێوان دەسەڵات و جەماوەر دروست دەکات, بەپێی خوێندنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دنیا هەر دەسەڵاتێك جەماوەری پەراوێزکردبێ تەمەنی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە کورت دەبێت، بەو مانایەی نابێ دیوار لە نێوان دەسەڵات و جەماوەر هەبێت، گەرەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوانمان هەبێت و دەسەڵاتی سیاسی جەماوەر بەپارێزەرو بەرەڤانی خۆی دابنێ هەموو کات لە ئاست داخوازی و پێداویستییەکانیاندا بێت، واتا چۆن ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستان بە ڕەنج و خەباتی جەماوەر و شەهیدانی کوردستان هاتۆتە کایەوە، بەم شێوەیەش جەماوەر هێزەی لە بن نەهاتوو پارێزەری ئەم ئەزموونەیە بۆیە دەیوت: "دەبێ بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان وەفادری خۆمان بۆ

شەهیدانی نەتەوەکەمان نیشان بدەین و وەڵامی کۆلۆنالیستانی کوردستان بدرێتەوە".

شەهید سەربەست شەهیدانی کوردستانی زۆرلا گەورە و پیرۆز بوو، هەمیشە جەختی دەکردەوە لەوەی بە بەری رەنج و خەباتی خوێنی شەهیدان، پەرلەمان و حکومەتی کوردستان ئەم ئازادییەی هەمانە هاتۆتە کایەوە، بۆیە هەمیشە دەیگوت دەبێ گرنگی زیاتر بە خانەوادەی شەهیدانی رێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بدرێت، ئەم بۆچوونانەی شەهید سەربەست زۆر بەزەقی لە وتار و نامیلکە و لێکۆڵینەوەکانی رەنگی دەداوە، زۆر بوێرانە و چاونەترسانە دەپرژایە سەر پرسەکان و لە دیدگایەکی نەتەوەیی خوێندنەوەی بۆ دەکردن، شەهید سەربەست لە ڕووی سیاسی تەواو پێگەیشتبوو شارەزاییەکی ئەوتۆی هەبوو دەیتوانی سیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەری کورستان بە تەواوی بخوێنێتەوە، بەوردی ئەم سیاسەتە داگیرکارییانەی بە زمانێکی سادە و بەهێز دەخستە بەردیدی خوێنەر و پیلان و نەخشەکانی دوژمنان و داگیرکەرانی شیدەکردەوە، بۆیە لە گۆڕەپانە سیاسییەکە زۆر لێهاتووانە ناسرابوو، ئەم کەلەپیاوە سەرکردەیە تەنیا لە باشووری کوردستان نەناسرا بوو، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی کوردستان ناو و ناوبانگی هەبوو، شەهید سەربەست مەحموود وتار و بابەت و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ئاستێکی فراوان گرنگی پێدەدرا و دەخوێندرایەوە، بۆیە لە گۆڕەپانی سیاسی و رۆشنبیری کورستان وەك سیاسەتوان و رۆژنامەنووسێکی بوێر و پڕۆفیشناڵ ناسرا بوو.

شەهید سەربەست مەحموود سەرەڕای ئەوەی بە گەورەیی و لێهاتوویی بیری دەکردەوە لە ڕووی هزرییەوە بە پێش تەمەنەکەی خۆی کەوتبوو، سادەیی و خاکەرایی ئەم هزرڤانە شەهید سەربەستی هێندەی تر لای هەڤاڵانی و

خوێنەرەکانی خۆشەویست کردبوو، لەگەڵ هەموو کەسێك دەگونجاو مامەڵەیەکی جوان و بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوانە دەکرد کە لێی نزیکبوون و کاریان لەگەڵدا دەکرد، ئەمەش وایکردبوو لەکارەکانی چ وەکو سیاسەتوان چ وەکو رۆژنامەنووس سەرکەوتوو بێت، بەڵام دەستی رەش و چەپەڵی تیرۆر نەیهێشت شەهید سەربەست خزمەتی زیاتری خاك و نەتەوە و نیشتمانەکەی بکات.

شەهید سەربەست یەکێك بوو لەو کەسانەی زۆر لەسەر تیرۆر دەینووسی و لە یەکێك لەوتەکانە لەسەر تیرۆر دەیفەرموو" کاری تیرۆر و تۆقاندن چ بە پێی یاسای مرۆڤایەتی و بنەما دیموکراسییەکان، یاخود بەپێی یاسا و ئایینە ئاسمانیەکانیش بێت کارێکی ناپەسندەو بێزراو و حەرامە".

ئەوە بوو تێڕوانینی شەهید سەربەست بۆ تیرۆر و خۆشی بووە قوربانی دەستی رەشی تیرۆر، بەڵام داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان و نەیارانی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان راستە توانیان شەهید سەربەست تیرۆر بکەن، بەڵام شەهید سەربەست لە دوای خۆی دەیان سەربەستی دیکەی بە رێبازی پیرۆزی کوردایەتی پەروەردە و گۆشکردووە، کە لە ئێستا و داهاتوو دەبنە چقڵی چاوی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان لە پێناو هێنانە دی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید سەربەست و گشت شەهیدانی کوردستان کە لە پێناو ئازادی سەربەخۆیی کوردستان گیانی خۆیان کردە قوربانی خاك و وڵات.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە(٣٤٠) لە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٧ بڵاوکراوەتەوە.

# شەهید سەربەست خامەیەکی بوێر

رۆژی ٣١ /٥ ی ئەمساڵ دوازدە ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی شەهیدی سەرکردە شەهید سەربەست مەحموود تێپەڕدەبێت، شەهید سەربەست ئەندامی مەکتەبی سیاسیYNDK و سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری سەرخۆبوون بوو، خودان خامەیەکی بوێر و هەقگۆ بوو، وتار و نووسین و توێژینەوەکانی لەسەر پرسە نەتەوەییە چارەنووسسازەکان جێگەی سەرنجی هەموو لایەکبوون، تەنگی بە دوژمنان و نەیارانی بیری نەتەوەیی هەڵچنیبوو، چی نەخشە و پیلان هەبوو دەیخستە ڕوو شرۆڤەی ورد و دروستی بۆ دەکردن و لایەنە شارەوەکانی ئەم پیلانانەی ئاشکرا دەکرد، بۆیە دوژمنانی کورد و کوردستان خستیانە نێو سێرەی بیری تیرۆریستی خۆیان و لە ٢٠٠٠/٥/٣١ دەستی رەش و چەپەڵیان گەیاندە گیانی بەرزەفڕ و پیرۆزی ئەم سەرکردەیە و شەهیدیان کرد.

شەمشەمە کوێرەکانی مەملەکەتی تاریکستان وایانزانی بە شەهیدکردنی سەربەست مەحموود کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم خەباتی YNDK و بوێری و راستگۆیی رۆژنامەی میدیا دروست دەکەن، نەیانزانی شەهید سەربەست لە دوای خۆی نەوەیەکی بەجێهێشت و پەروەردەی هەمان خوێندنگەی کوردایەتی و وشەی هەقی کردوون.

شەهید سەربەست لە تەمەن بچووك بوو، بەڵام لە بیرکردنەوە و تێڕامان گەورە و سەرکردە بوو، توانیبووی ناو و ناوبانگ لە بەشەکانی کوردستان بە دەست بهێنێ و ئەوەی شەهید سەربەستی تەنیا بۆ جارێکیش بدیبایە، ئەوا هەرگیز لە یادی نەدەکرد، ئەم مرۆڤە پاك و بێگەردە لای هەموو دۆست و هەڤاڵانی خۆشەویست بوو.

ئەوەی جێگەی داخە ئەوا چەندین ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی ئەم شەهیدە سەرکردەیە تێپەڕدەبێت، بەڵام دەزگاکانی پەیوەندیدار لە لێکۆڵینەوەیان تا ئێستا نەیانتوانیوە بکوژانی بدۆزنەوە، بۆیە پێویستە هەوڵی زیاتر بخەنە گەڕ بۆ دۆزینەوەی بکوژانی و دادگایکردنیان لەبەر ئەوەی بەرگمان رەشە و برینمان نا ساڕێژە و شەهید سەربەستیش زیندووە لامان دەبێ بکوژانی بدۆزرێنەوە و بەسزای عادیلانەی خۆیان بگەن.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە(٥٣٣)ی رۆژی **٢٠١٢/٥/٢٩** بڵاوکراوەتەوە.

## لە ساڵیادی تیرۆرکردنی شەهید(سەربەست مەحموود)دا:

# لەسەر ڕێبازی شەهید سەربەست بەردەوام دەبین

تیرۆر بە مانای کوشتن و بڕین و ترساندن و تۆقاندنی کەس و کۆمەڵەیە لە کۆمەڵگە و ڕەفتارێکی دزێوی ناشیرینی نەیارانی وشەی ڕاستەقینە و کاری ئیرهابی فیکرە و ڕێگە گرتنە لە بەردەم ئازادی هزر ڕادەربڕین، ئەم کارەش لەڕێگەی دەستەو کۆمەڵێکەوە بۆ بەرژەوەندی خودی ـ سیاسی ولاتێك یان لایەنێك دەبێت بۆ لەناوبردنی کەسایەتی ولاتپارێز و سیاسەتوانانی بەئەمەك و دڵسۆز کە ڕێگرن لەبەردەم کارە خیانەتکارو گڵاوەکان ئەم دەستانە، بۆیە سڵ لە هیچ خراپەکارییەك ناکەنەوە چڕنووکی نەگریسیان دەگەیەننە بینا قاقای کەسانی شۆڕشگێڕ و مۆمی تەمەن و خەباتیان دەکوژێنەوە، هەروا زۆرن ئەو ڕۆڵە جوامێرانەی بە شالاوی گەردەلوولی مەرگ بوونەتەوە کە دروشمی کۆڵنەدان و شەهید بوونیان کردۆتە سەرە ڕمی خەبات و شۆڕشی سیاسی و ڕۆشنبیری و کار کردنیان، شەهید(سەربەست مەحموود)یش یەکێك بوو لە ڕۆڵە دڵسۆز و شۆڕشگێڕەی لەڕۆژی ٢٠٠٠/٥/٣١ بووە قوربانی دەستی تیرۆری داگیرکەران و دوژمنان

شەهید سەربەست سیاسەتوانێکی ولاتپارێز و بەئەمەکی نەتەوەکەمان بوو هەمیشە کاری بۆ تێکشکاندنی سنووری وەهمی نەخشەکێشراو لەلایەن داگیرکەران لەڕێگەی نووسین و و ئاراستەکردن دەکرد و لەو باوەڕدا بوو کە دەبێ ڕۆڵەکانمان وا پەروەردە و گۆشبکەین تا دەگەنە چلەپۆپە لەبەزاندن و ڕەشکردنەوەی ئەم سنوورە وەهمییە کوردستانی پێ لەت و پەتکراوە، هەمیشە بیر و هۆشی لەلای یەکگرتنەوەی کوردستان بوو، بۆیە ئەستەم نییە گەر بڵێن هەڤاڵ سەربەست یەکێك بوو لەو قارەمانە بەها پیرۆزانە و داستانێکی

فیداکاری و قوربانیدان و سیمبۆلی بیری نەتەوەیی سەربەخۆخوازی کورد بوو، چونکە شەهید ئاستی هۆشیاری سیاسی نەتەوەیی لە پلەیەکی بەرزدابوو هەمیشە وەکو مۆم ئاسا لەپێناو ئاسۆیەکی گەش بۆ وڵاتەکەی دەتواوە. لەبەر ئەوە خوێنی بەناهەق رژاوی شەهید سەربەست کە هەرگیز بەفیڕۆ ناچێت و هەزاران سڵاو لەگیانی پاك و بێگەردی شەهید سەربەست و گشت شەهیدانی رێی سەربەخۆبوونی کوردستان، بێتەدی کوردستانێکی سەربخۆو ئازاد و یەکگرتوو دیموکرات.

* ئەم وتارە لە ماڵپەری YNDK و ئەکاونتی فەیسبوك و تویتەر و گوگل پلەسی رۆژنامەی میدیا لە رۆژی ٢٠٢٠/٥/٣١ بڵاوکراوەتەوە.

# ڕۆژنامەی میدیا

# میدیا رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی کارای بینیوە

رۆژنامەی میدیا ژمارە سفری لە نەورۆزی ئاداری ساڵی ١٩٩٦ کەوتە بەردیدی خوێنەرانی و یەکەم رۆژنامەی حزبی بووە کە ئاڕاستەی ئەهلی و سەربەخۆیی پیشەیی وەرگرت، بێ ئەوەی حزب دەست بنێتە کارەکانیەوە، بە گەواهی نووسەران و رۆژنامەنووسان، میدیا لە نێو رەوتی رۆژنامەگەری کوردی سەکۆیەکی ئازاد و بوێر بووە, بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو هەژمار دەکرێ.

رۆژنامەی میدیا لە ماوەی تەمەنی نێو رۆژنامەگەریدا ئەزموونێکی بە نرخ و نموونەیی پێشکەش بەم بوارە کرد، بە خێرایی وەکو رۆژنامەیەکی ئەزمووندار کەوتە بەردیدی خوێنەرانی، تەنانەت لە هەندێ شاری کوردستان یەکەم رۆژنامە بوو لە رووی فرۆش و بەرزبوونەوەی تیراژەکەی، هەندێ جار چاپی دووەمی دەکرایەوە و هەر شارەی چاپی خۆی هەبوو، ئەوەش بە هۆی هەڵوێستی بوێرانە و هەقگۆیی و ئازایەتی و راستی لە زانیاری و هەواڵە گەرمەکانی بوو.

دەتوانین بێژین لەماوەی تەمەنی، وێڕای رووماڵکردنێکی بێلایەن و پڕۆفیشناڵی رووداو و هەواڵەکان، لە گواستنەوەی راستییەکان و درکاندنی زانیارییەکان تووشی کەمترین هەڵە بووە، میدیا ئەزموونێکی بەنرخی رۆژنامەگەری کوردییە و چەندین رۆژنامەنووسی پێگەیاندووە، کە ئەمڕۆ خزمەتی بواری رۆژنامەوانی کوردی دەکەن و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش چەندین جار داوەت کراوە، وەکو رۆژنامەیەکی ئەزمووندای هەموو بوارێك هەڵسەنگێنراوە و چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر کراوە و یەکێك لەو

چوار رۆژنامانە بووە کە لە پەرلەمانی سوێد گوێی لێگیرا و راستگۆیانە شرۆڤەی رەوتی رۆژنامەگەری کوردی کرد.
رۆژنامەی میدیا چەندین جار دووچاری هەڕەشەی داخستن بووە، پەیامنێرەکانی بەر لێدان کەوتوون، ئەمەش بەهۆی هەڵوێستەکانیەوە بووە، ئەو هەڕەشانەش کاریگەری لە سەر رەوتی راست و دروستی میدیا نەبووە، بەڵکو سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەمی، میدیا بەردەوام بووە لە سەر گەیاندنی پەیامی راستەقینەی رۆژنامەگەری کوردی.
رۆژنامەی میدیا چاوی خەڵك بووە و کامێرایەکی بە هێزی چاودێری دەزگاکانی دەستووری بووە لە پێناو دیاریکردنی کێماسییەکان و دەستنیشانکردنی ئەو کەموکوڕییانەی لە کوردستان هەبووە، چەندین حاڵەتی گەندەڵی لە رێگەی بەڵگەنامەوە ئاشکرا کردووە، پردێکی باشی نێوان دەسەڵات و خەڵك بووە، چەندین داواکاری و پێداویستی لە رێگەیەوە گەیاندراوەتە بەرپرسان و هەوڵی چارەسەرکردن و فەراهەمکردنی دراوە، بۆیە هەموو کات میدیا وەکو ئۆپۆزسیۆن تەماشاکراوە، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێکی بە قەڵەم و دوور لە زمانی زبر و توندوتیژی.
لە بواری ئینتەرنێت ماڵپەڕی www.yndk.com لە ماڵپەڕە پێشەنگەکانی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی بوو، لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە ئەو ئەزموونەی داهێناوە، رۆژنامەی کوردی گەیاندە نێو تۆڕی ئینتەرنێت، لە بەرنامەدایە رۆژنامەکە بە ستایل و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندتر بخەینە بەردیدی خوێنەرانی و کار بۆ ئەوە دەکەین رۆژنامەکە بێتەوە ریزی پێشەوە و خزمەتی رەوتی رۆژنامەگەری و ئەزموونەکەمان و گەلی کوردستان بکات. ئەمەش بەهەوڵ و

کۆششی تەواوی ستافی میدیا و ئەو قەڵەمە بوێر و رۆشنفکرانە دەکرێ کە هەموو کات میدیایان بە رۆژنامەی خۆیان و گەل زانیوە و هەوڵی بەرە و پێشبردنیان داوە.

* ئەم وتارە لە ڕۆژنامە میدیا ژمارە(٤٧٥) لە ڕۆژی **٢٠١١/٣/١٥** **بڵاوکراوەتەوە.**

# رۆژنامەی میدیا و ٥٠٠ راستی

دەرچوونی رۆژنامەی میدیا لە نێو هەناوی رۆژنامەگەری کوردی ئەزموونێکی فرە گرنگی ئەم بوارە بوو، بەهۆی ئەوەی رۆژنامەی میدیا لە بارودۆخێکی سەختدا لەدایکبووە، سەکۆ و مینبەرێك بووە، بۆ وڵاتپارێزانی کوردستان، دەیان، سەدان و هەزاران نووسەر و رۆژنامەنووسی لە ژێر یەك چەتری رۆژنامەوانی بەزمانێکی سەردەمیانەی پڕ زانیاری و پرۆفیشناڵانە کۆکردۆتەوە.

میدیای تەمەن ١٦ ساڵ بارتەقای ١٦ حزب زیاتر کاریگەری هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و سەرچاوەیەکی باشی زانیاری بووە، بۆ هاووڵاتییان، چەندین ئەکادیمی و زانستکار وەکو سەرچاوە و لێتۆژینەوە سوودیان لێوەرگرتووە، لەبەر ئەوە رۆژنامەی میدیا ئەرشیفێکی نەتەوەیی گرنگە. رۆژنامەی میدیا لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩٦ دەرچوو لە ماوەیەکی کورتی تەمەنی هەموو سنوورەکانی بەزاند بووە دەنگی هەموو تاکێکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و جالیەی کورد لە دەرەوەی وڵات.

وڵاتپارێزی میدیا تەنگی بە دوژمنانی کوردستان هەڵچنی و بارتەقای گەریلا و پێشمەرگە رووبەڕووی داگیرکەران دەبۆوە، لە سەنگەری بەرگری و ئاشکراکردنی پیلانی نەیارانی کورد و کوردستاندا بووە، لەبەر ئەوە میدیا باجیدا شەهیدیدا، هەوڵی راگرتنی و گرتن و راوەدوونان و بانگکردنی ستافەکەی بۆ ئاسایش درا و بۆیە بەرپرسان لێی نیگەران بوون، لەبەر ئەوەی میدیا رێگر بوو لە پڕکردنی گیرفانەکانیان. هەروەها خودی داگیرکەران لە رێگەی کەناڵەکانیانەوە هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەری میدیایان دەدا، بەڵام هەوڵەکانیان بێهودە و ئاکامی نەبوو.

میدیا یەکەمین ئەزموونی رۆژنامەی حزبی سەرکەوتوو بوو، کە توانی ئەو رۆژنامەیە بکاتە پلە یەك لە ڕووی خوێندنەوە و فرۆشی تیراژی و کاتێ لەچاپخانە بە هۆکارێکی تەکنیکی بۆ چەند کاتژمێرێك دواکەوتبایە بە سەدان تەلەفۆنی بۆ دەکرا ئاخۆ میدیا بۆ نەگەیشتۆتە دەست خوێنەرانیەوە.

میدیا رۆڵی ئۆپۆزسیۆن و رۆژنامەیەکی ئەهلی زیاتری بینینوە، سەکۆی ئازادیخوازن بووە، هەموو بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەك جێگەی لەم رۆژنامەیە بۆتەوە، راو بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازی بڵاوکردۆتەوە، راستگۆیانە دەنگی هەمووان بووە و وەکو خۆی داخوازی و ویستی خوێنەرانی گەیاندووە و پردێکی پتەوبووە لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا .

کاریگەری ٥٠٠ ژمارەی رۆژنامەی میدیا بووەتە هۆی لەقکردنی پۆستی چەندین بەرپرسی گەندەڵ، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە لەسەر هەڵلوشینی سامانی گشتی، ئەوەش میدیای گەیاندە ئەو ئاستەی خەڵك بە پاڵپشت و دەنگی خۆیانی بزانن و لە راستی و دروستی هەواڵ و راپۆرتەکانیش کەمترین پۆزشی هێناوەتەوە، لەبەر ئەوەی رۆژنامەی میدیا کاتێ هەواڵ و راپۆرتێك بڵاودەکاتەوە مەبەست و مەرامی تەنیا خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بووە.

میدیا لە هەر ژمارەیەك راستییەکی بە خوێنەرانی و خەڵکی کوردستانداوە لەسەر ئەم پەیامەی بەردەوام دەبێت، بۆ خزمەتکردنی خاك و وڵات و چاوەڕێی راستی زیاتر بکەن.

* ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (٥٠٠) لە ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

# میدیای خەڵک

نۆبەرەی رۆژنامەی میدیا کە ژمارە سفری بوو لە ئاداری ساڵی ١٩٩٦ کەوتە بەر دیدی خوێنەران تا باری دارایی باش بوو ٦٤٥ ژمارەی لێدەرچوو، ئەم رۆژنامەیە هەر لە سەرەتای دەرچوونی رەوتێکی نەتەوەیی و رەخنەیی وەرگرت، لە ماوەی تەمەنی رۆژنامەگەری، توانی وەك رۆژنامەیەکی بوێر پەنجە لەسەر کێماسییەکان دابنێ و بووە چاو و کامێرای خەڵك، توانی لایەنە شاراوە و تاریکەکانی باشووری کوردستان و هەموو بەشەکانی کوردستان رووناك بکاتەوە. تاکە رۆژنامەی حزبی بووە کە توانیویەتی زۆرترین خوێنەر لە هەموو بەشەکانی کوردستان و دەرەوە لە خۆی کۆبکاتەوە و زۆرترین نووسەر و رۆشنبیران تێیدا نووسینیان بڵاوکردۆتەوە، بەمەش سەرکەوتووترین ئەزموونی لە بواری رۆژنامەگەری پێشکەش کرد، کە تیایدا کارەکانی راستگەری و پرۆفیشناڵانە بووە.

رۆژنامەی میدیا راستگۆیانە هەواڵ و زانیاری بڵاوکردۆتەوە، هیچ کاتێك نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری هیچ لایەنێك و تەنانەت دەسەڵاتیش، بۆیە زۆر جار هەڕەشەی داخستنی لێکراوە، بەڵام میدیا لەسەر رەوتی رەخنەیی و سەنگەری خەڵکی بەرنەداوە، تەنانەت زۆر جار داگیرکەرانیشی دەهێنایە گۆ و بە رۆژنامەی میدیا نیگەران بوونە.

رۆژنامەی میدیا زۆری خستۆتە سەر بواری رۆژنامەگەری کوردی و جێگەی خۆی هەیە و ئەو سەنگ و قورساییەی لە بواری رۆژنامەنووسی هەیەتی بەدەست و بازووی قەڵەمی دڵسۆزانی بووە، توانیویەتی چەندین رۆژنامەنووس پێبگەیەنێ، کە ئێستا لەناو رۆژنامەگەری کوردی جێ پەنجەیان دیارە و باشترین دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان بەڕێوەدەبەن.

رۆژنامەی میدیا رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروستی بینیوە، لە ریگەیەوە سەدان گەندەڵی و گەندەڵکاران ئاشکرا کراون و بووەتە هۆی پاریزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەییمان، باشترین فاکتەر بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی رۆژنامەی میدیا لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هیچ کاتێك کلکایەتی و نۆکەرایەتی بۆ هیچ لایەنێك نەکردووە، هەر ئەمەش هەوێنی بەردەوامبوون و مانەوەی رۆژنامەکە بووە، جگە لەم سەنگ و قورساییەی رۆژنامەی میدیا لەسەر ئاستی ناوخۆ هەیەتی، لە دەرەوەی وڵاتیش بەهەمان شێوە، خوێنەری زۆرە و نووسەرانیش لە دەرەوە بەردەوام نووسینەکانیان لەم رۆژنامەیە بڵاوکردۆتەوە.

رۆژنامەی میدیا ماڵپەڕێکی هەواڵیشی هەیە کە رۆژانە هەزاران کەس کلیکی لەسەر دەکەن و هەواڵ و زانیاری لێ بەدەست دەهێنن، لە ماڵپەڕە پێشەنگەکانی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی بووە، کە لە ساڵی ٢٠٠١ یەوە چۆتە نێو نێتۆرك.

رۆژنامەی میدیا پێدەنێتە ساڵی حەڤدەهەمی بەهەمان نەفەس و رەوتی نەتەوەیی و رەخنەیی درێژە بە کاروانی رۆژنامەگەری خۆی دەدات، بە هەوڵ و کۆششی ستافەکەی خزمەتی خەڵك و وڵات و رەوتی رۆژنامەگەری کوردی زیاتر دەکات.

* ئەم وتارە لەڕۆژنامەی میدیا ژمارە(٥٢٤)ی ڕۆژی٢٠١٢/٣/٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

# مامۆستا عەبدوڵڵا نموونەی لێزانی و دڵسۆزی بوو

زۆرێك لەوەفاداران لە کانگەی کار و زەحمەتی و قۆناغە سەختەکانی پیشەیی، دوای کۆچی دواییان ناتوانرێ لەیادیان بکەین، نموونەی ئەمەش (مامۆستا عەبدوڵڵا قرگەیی)یە کە لە رۆژی ٢٠١٢/٧/٧ کۆچی دوایی کرد و بەیەکجاری لەگەڵ یادگارییەکان ئەو مرۆڤە مەزنە جێیهێشتین.

ئاشنایەتی زۆرم لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا قرگەیی هەبوو، لەو کاتەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی رۆژنامەی میدیا بوو، تا رادەیەك لێی نزیك بووم کە هەموو کات گرێی دڵی خۆی بۆ دەکردمەوە و دوای رۆیشتنی لەمیدیا هێندە دڵسۆز و بەوەفا و ئەمەکداربوو، دەیوت دکتۆر زۆر ئاگات لە رۆژنامەی میدیا بێت، ئەمە وەفای ئەو کەلە پیاوە بوو، کە دوای ئەوەی رۆیشت و لە رۆژنامەی رووداو گیرسایەوە و هەمان کاری ئیدارە و کارگێڕی لەئەستۆ گرتبوو، دڵی هەر لای ئێمەش مابوو، لە ئێمە زۆر بەوەفاتر بوو، ناوە ناوە تەلەفۆنی دەکرد و هەندێ جاریش ئەگەر لە بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK بام، دەهاتە لامان و سەردانی دەکردین، لە هەواڵ و تەندروستی دەپرسین، هەموو کات کەسەردانی دەکرین دەیوت: من برای ئێوەم و چییتان ئەرك بێت لە خزمەتدام، بەڕاستی مامۆستا قرگەیی نموونەی وەفاداری بوو بۆ دۆستان و برادەرانی و گەنجینەی زانیاری گشتی و شارەزایەکی نەقۆڵای زمانی عەرەبی بوو، لە ماوەی کارکردنیشی لە میدیا، جگە لە کاری ئیدارە و کارگێڕی ئەرکی وەرگێڕان و کاری رۆژنامەوانی رۆژنامەی میدیای چاپی عەرەبی دەکرد، بەهیمەت و ماندووبوونی ئەو نۆبەرەی میدیای عەرەبی تا دوا ژمارەی هەر ئەو کاری لە هەمووان زیاتر تێدا کرد، لە بیرمە زۆربەی جارەکان لەکاتی دەرچوونی میدیا تا درەنگانی

شەو و هەندێ جار تا بەرەبەیان کاری دەکرد و دەمایەوە، بەجددییەت و دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی خۆی بەزیادەوە بەجێ دەگەیاند، سەدای دەنگی مامۆستا عەبدوڵڵا قڕگەیی هەر لە گوێمە و تەواو نەبووە لەبەر ئەوەی بە ماوەیەکی کورت پێش کۆچی دوایی تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای ژمارەی دادوەرێکی لێکردم کە دیاربوو بۆ کاری رۆژنامە پێویستی پێ هەبوو. ئەم ماندوونەناسە هیچ کارێك زەفەری پێنەدەبرد و سەرەڕای تەمەن و داوە مووە سپییەکانی نیشانەی پیری، لە گەنجێك چالاکانە و ژیرانەتر کاری دەکرد و دەیزانی هاوسەنگی کارەکان چۆنن و دەبێ چی بکرێت تا کارەکان بەباشترین شێوە بەڕێوەبچن.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا عەبدوڵڵا قڕگەیی و شەهید سەربەست مەحموود و هەموو ئەو پێشمەرگانەی لە تەمەنیاندا خزمەتی زۆریان بە بواری رۆژنامەوانی و وڵاتەکەیان گەیاندووە. خوا بە بەهەشتی خۆیان شاد بکات و جێگەیان خۆش و گۆڕیان پڕنوور بێت.

# هەڵبژاردن

# رەهەندە فکری و نەتەوەییەکانی لیستی YNDKو کاریگەری لەسەر ڕەوشی کوردستان

لیستی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK)، کە لیستێکی سەربەخۆیە و کاندیدەکانی نێو ئەم لیستە (٢٠) پاڵێوراون و کەسانی سەربەخۆ و نەتەوەیی وڵاتپارێزی تێدایە، کە بەشی هەرە زۆریان دەرچووی کۆلێژ و زانکۆکانی کوردستانن و خاوەن ئەزموونی زۆرن لە بواری ڕێکخراوەیی و خزمەتی بەرچاویان هەیە لە بزاڤی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان، کاندیدەکانی لیستی ٥١ بەگیان و هەستێکی نوێخوازی پێشکەوتنخوازانە دەڕواننە رەوشی کوردستان، لیستی ٥١ هەڵقوڵاوی هەڵوێستە بوێر و نەتەوەییەکانی وڵاتپارێزان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDKن، کەوەك ڕێکخراوێکی جەماوەری هەموو کات هەوڵیداوە لە ئاست داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بێت. YNDK لەبەر ئەوەی لە ناخی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان لە دایکبووە، بۆیە هەر بەم نەفەسە هەر لە رۆژی دامەزراندنییەوە تاوەکو ئەمڕۆ وەکو خەمخۆرێك لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەیدا بووە و پەروەردەی نەتەوەیی سەدان کەسایەتی وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەرە و توانیویەتی وشیاری نەتەوەیی بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبکاتەوە و هەموو کات چقڵی چاوی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بووە و پیلان و نەخشە گڵاوەکانی نەیارانی خستۆتە بەرچاوی هەموو لایەك و کردوویەتی بە بڵقی سەر ئاو، هەموو کات خوێندنەوەیەکی وردی بۆ هزری ناسیۆنالیستی نەتەوەکانی سەردەست هەبووە، تاوەکو ئێمەش ئامادەکاریمان تێدا بێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پلانانەی کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر بیری ناسیۆنالیزمی کوردی و ئاسایشی نەتەوەییمان هەیە، YNDK لە هەناوی میللەتەکەی هاتۆتەوە دەرێ و بۆ

ئەوەی وەك لایەنێکی نەتەوەیی بتوانێ خزمەتی خاك و وڵاتەکەی بکات، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا YNDK توانی ببێتە جێگەی متمانەی جەماوەری کوردستان و لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتییە دابێت و توانی ببێتە بەشێکی گرنگ لە بزاڤی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان.

لیستی ٥١ بەسێ قۆناغ خۆی ئامادەکردووە، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، قۆناغی پلاندانان و خۆ ئامادە کردن و دروستکردنی گروپی کار لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان و ئامادەکردنی بەرنامەی لیستەکە و رێکخستنی چاودێرییەکان، قۆناغی دووەم هەڵمەتی پڕوپاگەندەیە کە وەکو سەرجەم لیستەکان لیستی (٥١)یش کەوتۆتە خۆ لە هەڵوێستی پۆستەر و فلیکس و هۆکارەکانی تری پڕوپاگەندە لە رێی رۆژنامە و کەناڵەکانی تیڤی، ئینجا قۆناغی دەنگدان دێت کە بڕیارە هەڵمەتی پڕوپاگەندە کە لە ٦/٢٢ دەستی پێکرد تا ٧/٢٢ بەردەوام بێت، هەر هەموو هەڤاڵان بە گیانێکی پڕ حەماسەتەوە پروپاگەندە بۆ لیستی ٥١ دەکەن ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە خەڵکانێك هەن بەهۆی هەڵوێستەکانی YNDK و ئەندام پەرلەمانەکەی لە ناو پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ ئامادەیە و هاتۆتە نێو گروپی کار و پڕوپاگەندە و بڕیاری ئەوەیداوە دەنگ بە لیستی ٥١ بدات و دەزانێ ئەم لیستە کاندیدەکانی خاوێن و پاکن و هەر هەموویان کەسانی پسپۆڕ و لێهاتوو و زیرەك و خاوەن ئەزمووون هەر کاتێ بچنە پەرلەمان دڵسۆزانە خزمەتی ئەوان و گەلەکەیان دەکەن، ئەم بە تەنگەوە هاتنەی جەماوەری کوردستان لە هەموو شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستان بۆ لیستی ٥١ ئەوە دەگەیەنێت YNDK توانیویەتی ببێتە جێگەی ئومێد و متمانەی خەڵکی کوردستان، ئەو خەڵکەی رۆژانە سەردانی بارەگاکانی YNDK دەکەن کە بێ ئەوەی ئەندام

بن و پەیمانی پشتگیری و دەنگدان بە لیستی ٥١ دەدەن وایکردووە لیستی ٥١ هێندەی تر سوور بێت، لەسەر گەیاندن و درێژەدان بە پەیامی راستەقینەی بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان و ئەوەی بۆ خەڵکی کراوە زۆر کەمترە لەو قوربانییانەی کە خانەوادەکانی کوردستان لە شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی بزاڤی سیاسی و چەکداری کوردستان داویانە، بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان زۆر زیاتر خزمەت بکرێن.

لیستی ٥١ بە بەرنامەیەکی چڕوپڕی هەمەلایەن بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکات، دوای تاوتوێکردنی بەرنامەی لیستی ٥١ لە لایەن سەرجەم هەڤاڵانەوە بەرنامەکە تەواو بوو, لەبەرنامەکە تیشك خراوەتە سەر بوارەکانی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و رۆشنبیری کە بە شێوەیەك دارێژراوە، هەموو کەموکوڕییەك لەم بوارانە بە وردی شەن و کەوکراون و چارەسەری دروستیان بۆ دیاریکراوە، هەر کێشەیەك لە هەر بوارێك دیاریدەکرێت، پێویستە چارەسەری دروستیشی بۆ دابنرێت لە تێڕوانینی سیاسەتی نوێ و هاوچەرخ حیکمەت تەنیا لە دەستنیشانکردنی کێشەکان نییە، بەڵکو گرنگی لەوە دایە چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە، ئەوە تێڕوانینی لیستی (٥١)ە، بۆیە لە نێو بەرنامەکەی سەردەمیانە دەڕوانێتە هەموو وارەکان و لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە پێویستە خزمەتی زیاتر پێشکەش بە هەموو شار و شارۆچکە و دێهاتەکان بە یەکسانی بکرێت و نابێت ئەوە بمێنێت گرنگی بە شوێنێك بدرێت شوێنێکی دیکە پەراوێز بکرێت و چاککردنی کەرتی کارەبا زۆر پێویستە بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەیەك دابنرێت تاوەکو ماڵەکان هەموو کات ڕووناك بن و ڕێگاوبانەکان ئەو شوێنانەی کە تا ئێستا ڕێگای بۆ نەکراوە یا چاکنەکراونەتەوە، پێویستە ڕێگاکانیان چاکبکرێت و لە ڕووی

نەهێشتنی گەندەڵی کەسەرتاسەری ئەم وڵاتەی تەنیوەتەوە پێویستە دەستەیەکی سەربەخۆی نەزاهە پێکبهێنرێت و سەر بە هیچ لایەك نەبێت و کاری خۆی بکات و هیچ لایەك واتا حزبەکان دەست نەخەنە نێو کارەکانی و هەر بڕیارێك لەو لیژنەیە دەربچێت پێویستە جێبەجێبکرێت و ئینجا ئەو کەسە هەر پلە و پایەکی بەرزی حزبی یان حکومی هەبێت، هۆکارێکی تر بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ئەوەیە دەستەی چاودێری دارایی لەسەر دەزگاکان و وەزارەتەکان بەکاری خۆی هەڵبستێت و لە دەزگاکانیش کەسانی شیاو لێهاتوو پسپۆڕ لە شوێنەکان دابنرێن و بەو شێوەیە دەتوانین گەندەڵی نەهێڵین و بنبڕی بکەین.

لایەنێکی دیکە کە بەرنامەی لیستی ٥١ کاری لەسەر دەکات، ئەویش جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حزبە لە دەسەڵاتی حکومەت تا سێبەری حزب بەسەر دەسەڵات و حکوومەتەوە نەبێت کێشەکانمان چارەسەر نابێت، بەشی هەرە زۆری بەرپرسە ئیدارییەکان بەهۆی پسپۆڕییان لە دەزگاکان دانەنراون، بەڵکو بەهۆی ئینتیمای حزبی دانراون بۆیە ئەو کەسەی حزب دایناوە هێندەی ڕەوچاوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حزب دەکات هی دەزگاکە ناکات، پێویستە بە شێوەیەکی پراکتیکی کار بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ( یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری ) بکرێت ئەم سێ دەسەڵاتە کۆڵەگەی سەرەکی هەموو وڵاتێکن ئەگەر سەربەخۆ نەبن لە کارەکانیان و حزب دەست بخاتە کاریان، ئەوا هیچ وەختێك ناتوانن بە تەواوی بەکاری خۆیان هەڵسن، هەر کاتێ دەسەڵاتەکان بەکاری خۆیان هەڵسان، ئەوا دادپەروەری کۆمەڵایەتیش دەستەبەر دەبێت، تێڕوانینی لیستی ٥١ بۆ پێکهێنانی حکومەت ئەوەیە پێویستە حکومەتەکەمان تەکنۆکرات بێت و حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستان بێت، ئەوانەی پۆستە وەزارییەکان وەردەگرن پسپۆڕی بواری وەزارەتەکەیان بن و تەنیا لایەنی حزبی

تیایاندا رەچاو نەکرێت، بە قەد ئەوەی پسپۆڕی و لێهاتوویی کەسەکە پێوەر بێت، بۆ وەرگرتنی لە پۆستەکەی و پێویستە هەموو وەزارەتەکان پلانی حکومەت هەڵیان بسوورێنیَ نەك حزب ئیدارەیان بکات، بەمەش قۆرخکردنی بازاڕیش لەلایەن حزبێکەوە یان چەند حزبێك کۆنترۆڵ ناکرێت، هەروا سەبارەت بە خزمەتگوزاری زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان لیستی ٥١ لە بەرنامەیدایە کار بکات و هەوڵبدات شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو هاوولاتییانە دابین بکرێت، کە بێ جێگەن بەوەی حکوومەت زیاتر هاوکاری خەڵك بێت، بۆ زەوی پێدان و دروستکردنی خانوو زیادکردنی پێشینەی خانوو و گرنگیدانی زیاتر بە خانەنشینان یان ئەو خانەنشینانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر وەزیفەکانیان دەرفەتیان بۆ ساز بکرێت بۆ گەڕانەوەیان و چاککردنی رەوشی مامۆستایان و خوێندەڤانان دابینکردنی سەرجەم پێداویستی خوێندن بۆ خوێندەڤانان پێویستە بۆ وەرگرتن و دامەزراندنیان کار بکرێت و هاوکاری زیاتری ئەم خوێندەڤانانە بکرێت کە لە دەرەوەی شارەکەیان دەخوێنن و هەوڵبدرێت بێ جیاوازی لە بەشە ناوخۆییەکان دابنرێن، نەوەك ئەوانەی واستەیان هەیە ببردرێنە شوێنی باش و ئەوانی تریش شوێنی خراپ، ئەوە نادادپەروەرییە و نابێ جیاوازی لە نێوان خوێندەڤانان بکرێت، بۆ گەنجانیش لیستی ٥١ بە شێوەیەکی ورد کێشەکانیانی دیاریکردووە و میکانیزمی چارەسەری دروستی لە هەموو روویێکەوە بۆ دیاریکردوون، کە گەنج پێویستە لە هەموو روویێکەوە هاوکاری بکرێت بۆ مەسەلەی خوێندنی و جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان و زەمینەسازی بکرێت، بۆ ئەوەی گەنج زیاتر پەرە بە بواری زانستی و رۆشنبیری خۆی بدات، تا بتوانێ داهێنان بکات و ببێتە بەشێك لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ولاتەکەی، هەروەها هاوکاری بکرێت لە کاتی هاوسەرگیری و دابینکردنی شوێنی

نیشتەجێبوون بۆیان ئەوەی بەرنامە و پلان هەبێت بۆ دروست کردنی شوقە و یەکەی نیشتەجێبوونی زیاتر، تاوەکو ئەوانەی لە کرێچیدان رزگاریان بێت. هەوەرها ئەو گەنجانەی بێکارن بیمەی کۆمەڵایەتیان پێبدرێت تا کاریان بۆ دەدۆزرێتەوە پێویستە هەموو ئەو کەسانەی بێکارن کاریان بۆ بدۆزرێتەوە و هەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان. هەروەها پێویستە گرنگی زیاتر بە ناوەندەکانی زانستی و زانکۆکان بدرێت، زیاتر پەرە بە بواری زانستی بدرێت حزب دەست نەخاتە کاری زانکۆکان، چونکە چەندەی حزب دەست بخاتە کاری زانکۆکان بواری زانستی دووچاری ئیفلیج بوون دەبێت، لەبەر ئەوەی هەموو وڵاتانی دونیا بۆ وەرگرتنی بڕیاری سیاسی وڵاتەکەیان پشت بە لێکۆڵینەوەی ناوەندەکانی زانستی زانکۆکان دەبەستن و دەیخەنە نێو بەرنامە و کار و پڕۆژەکان بۆ خزمەتکردن و بەرەو پێشبردنی وڵاتەکەیان، بۆ مەسەلەی ئازادییەکان و دیموکراسی لیستی ٥١ هەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ بۆ فەراهەمکردنی تەواوی ئازادییەکان و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا و یەکسانی هاووڵاتییان لە کوردستان بەرقەرار بێت بۆ پاراستنی سەروەت و سەروەری هەموو تاکێك و وڵاتەکەمان.

ئەمە هێڵە فکری و نەتەوەییە سەرەکییەکانی نێو بەرنامەی لیستی (٥١)ە، ئەم خاڵانە بە شێوەیی پراکتیکی لە کاتی نوێنەرایەتیمان لەنێو پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر دەکەین و خزمەتی خەڵك و جەماوەری کوردستانی پێدەکەین، ئەوانە تەنیا دروشم نییە بە جەماوەری خۆمانی بفرۆشین،

هەڵوێستەکانی پێشوومان بەڵگەی ئەوەن کە ئێمە ئەوەی دەیڵێین هەر ئەوەش دەکەین. بۆیە لیستی ٥١ ئومێد و بەدیهێنەری ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانە.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە (٣٩٤)ی ٢٠٠٩/٦/٣٠ بڵاوکراوەتەوە.

# لیستی YNDK خاوەنەکەی خەڵکی کوردستانە

یەکێتی نەتەویی دیموکراتی کوردستان YNDK، بەلیستی ٥١ کە لیستێکی سەربەخۆیە بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکات، کەوا بڕیارە ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەنجامبدرێت، لیستی ٥١ بە کۆمەڵێك کاندید کە ژمارەیان (٢٠) کاندیدە (١٣) یان پیاون و (٧)یان ئافرەتن، بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات، YNDK لەڕێی لیستی ٥١ گەرەکییەتی جارێکی تر بچێتەوە پەرلەمان، بە شاهێدی خەڵکی کوردستان پەرلەمانتارەکەی YNDK، هەر لە ڕۆژی دەستبەکاربوونی تاوەکو ئەمڕۆ کە چوار ساڵە بەحەق نوێنەری خەڵکی کوردستان بووە، لە هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان قسە و گفتوگۆکانی لە بەرژەوەندی جەماوەری کوردستان بوو.

لیستی ٥١ کاندیدەکانی هەمووی کەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرن و مەبەستییانە بە هەمان نەفەس و بەرنامە، بە گوڕوتینی زیاتر و پڕ حەماسەتەوە بچێتەوە پەرلەمانی کوردستان، کاندیدەکانمان هەموو کات خەمخۆر و بە هەڵوێست بوونە، تەنانەت لە سەرجەم بارەگاکانی YNDK، پرسگە بۆ چاوەڕێکردنی هاوڵاتییان نییە، بەڵکو خەڵك هەموو کات راستەوخۆ پێی ناوەتە بارەگاکانمان، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرپرسانی ئێمە هیچ کاتێك خۆیان بە گەورەتر نەزانینەوە و خۆیان لە خەڵکی جیا نەکردۆتەوە پێیان وابووە نابێ پرد و رێگر لە نێوان ئێمە و هاووڵاتییان هەبێت، بەڵکو دەبێ خەڵك راستەوخۆ بگاتە لامان، YNDK لە ماوەی رابردوو ئەوەی لە توانایدا بوویێت، بۆ خەڵکی کردوویەتی و هیچ وەختێك درێخی نەکردووە لە خزمەتکردنی خەڵکی و پێمان وایە خزمەتکردن ئەرکی سەرشانمانە و بۆ ئێمە سەرفرازییە خزمەتی میللەتەکەمان بکەین، بۆیە کاندیدەکانی ئێمە وەکو هەندێ

لایەن و کاندیدی لیستی تر نین لە دوای ئەوەی بچنە پەرلەمان تەنانەت ئەو خەڵکەی دەنگیشی پێداون لە بیریان بکەن و خەڵك نەناسنەوە، پەرلەمانتارەکەی ئێستامان بەڵگەی ئەو قسانەمانە و خەڵکی کوردستان لە پەرلەمانی داهاتوو بە چاوی خۆیان دەبینن کاندیدەکانی لیستی ٥١ دەبنە چ داکۆکیکارێکی سەرسەخت بۆ بەدیهێنانی داخوازی و پێداویستی و مافەکانی گەلی کوردستان و پارێزگاریکردن لە ئەوان و دەستکەوتەکانی وڵاتەکەمان و کارکردن و هەوڵدانمان بۆ دابەشکردنی سەروەت و سامانی وڵات بە شەفافیەت و یەکسانی بۆ هەموو لایەك، نەك حزبێك یان لایەنێك لێی بخوات و میللەتیش هیچی پێ نەبڕێت، دزینی سامانی خەڵك و وڵات تاوانە و ئەوانەی ئەمکارە دەکەن و سامانی خەڵکی بە فیرۆ دەبەن و خۆیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن، دەبێ سزا بدرێن و بەناو و وێنەوە ئاشکرا بکرێن و لە تەلەفزیۆنەکان نیشان بدرێن، کاندیدەکانی لیستی ٥١ دەیانەوێ بە گیانێکی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی لە پەرلەمانی داهاتوو کار بکەن، لەو کەسانە نابن کە تەنیا بۆ گیرفانی خۆیان هەوڵ دەدەن، ئێمە مەبەست لە چوونمان بۆ پەرلەمان بەدەستهێنانی پلە و پایە و پارە و ئیمتیازات نیە، ئێمە دەمانەوێ خزمەتی خەڵکی خۆمان بکەین پەرلەمانتارەکەی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان هەتا ئێستا رۆژێك لە ڕۆژان هەڵنەستاوەتەوە داوای بەرژەوەندی و ئیمتیازات بۆ خۆی و پەرلەمانتارەکان بکات، بەڵکو هەر کاتێ هەڵسابێتەوە بۆ بەرژەوەندی خەڵك قسەی کردووە، کاندیدەکانی لیستەکەمان ڕاو بۆچوونیان لە بەرژەوەندی میللەتەکەیانە، وا پەروەردە و گۆشکراون هەموو تەمەنیان بۆ سەرخستنی ئەزموونی باشووری کوردستان و خزمەتکردنی خەڵك دەبێت، بۆیە شایانی ئەوەن دەنگیان پێبدرێت و ببنە نوێنەری راستەقینەی گەلەکەیان.

هەموو ئەو دروشمانانەی لە بەرنامەی لیستی ٥١ بەرزمانکردۆتەوە هەمووی لە بواری کرداری جێبەجێ دەکەین، لیستی ٥١ کاتێ کێشە و گرفتەکان لە هەموو بوارەکانی سیاسی نەتەوەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و رۆشنبیری دەستنیشان دەکات، لە هەمان کاتیش چارەسەری بۆ دیاریکردوون تاوەکو دروشمەکانمان تەنیا بۆ هەڵمەت و پڕوپاگەندە نەبن و ئێمە دروشم فرۆش نین بە سەر جەماوەری کوردستان، قسە و کردارمان یەکە ئەوەی دەیڵێین ئەوەش جێبەجێ دەکرێن، لە داهاتوو خەڵکی کوردستان هەموو کردەوەکانمان دەبینن کە چۆن هات و هاوارمان تەنیا بۆ ئەوانە و بۆ بەرژەوەندی خۆمان نابێت و بەڵکو هەموو بەرنامە و کارمان بۆ خزمەتی جەماوەری دەبێت لە ڕابردوو لە داهاتووش کاندیدەکانی لیستی٥١ لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەیان دەبن و هەمیشە دەچنە نێو خەڵك و گوێ لە داواکارییەکانیان دەگرن، تاوەکو کەموکوڕی و پێداویستییەکانیان بزانن و چارەسەریان بکەن.

خاڵە هەرە گرنگەکانی نێو بەرنامەی لیستی٥١ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵکی کوردستانە، بەهۆی ئەوەی تا ئێستا خەڵکانێکی کەمدەرامەت هەن قوتی رۆژانەیان دەست ناکەوێت و بە کولەمەرگی دەژین، بۆیە پێویستە بیمەی کۆمەڵایەتی بەکەم دەرامەتان بدرێت و تا ئەو کاتەی کە هەلی کارکردنیان بۆ دەدۆزرێتەوە و گوزەرانیان باش دەبێت، وڵاتی ئێمە دەوڵەمەندە ئێستا نەوتی خۆمان بە فەرمی رەوانەی دەرەوە دەکرێت، لە ماوەی رابردوو رژێم و داگیرکەرەکانی کوردستان بە نەوتی خۆمان ئێمەیان دەسووتاند، دەبا ئەمڕۆ لە سایەی حکومەتی خۆمان بە نەوتی خۆمان بحەسێینەوە، هەموو دەرامەتی ئەو وڵاتە پێویستە بە شەفافیەتەوە ئاشکرا بکرێت و قۆرخ نەکرێت لەلایەن ئەم و ئەو بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بەکارنەهێنرێت، ئەمە سەروەت و سامانی

کوردستانە، کەواتە هی هەموو گەل و تاکێکە لەم کوردستانە، پێویستە بە دادپەروەری ئەم سامانە دابەشبکرێت، چیتر هەندێ کەس نەخوات و هەندێکیش قوڕەی سکی بێت، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو هاوولاتییانی کوردستان بەیەك چاو سەیر بکرێن و یەکسان بن و جیاوازی لە نێوان ئاراز و ئازاد نەکردێن، نەڵێن ئەو کوڕی بەرپرسە و لێی گەڕێن و ئەوەی تر کوڕە هەژارە بۆی تێبکوشن و دووچاری کێشە و گرفت بکرێت، پلە و پایەکان بۆ بەرپرسان خزمەتکاریەکەش بۆ خەڵکی بێدەرامەت بێت، یان کورسی خوێندنی باڵاو هەلی خوێندن لە دەرەوە بەزەماڵە تەنیا بۆ دەست ڕۆیشتووان بێت، خەڵکە دەست کورتەکەش بە خەون دەرەوە نەبینێت، هەموو ئەو بەهرە و توانایەی هەیەتی بە هەدەر بڕوات نەخۆی سوودی لێ ببینێت نە کۆمەڵگەکەش، ئەم ناعەدالەتیە نابێ بمێنێ، حکومەت کە باوکی هەموو میللەتە نابێ جیاوازی بکات لە نێوان هاوولاتییان و پێویستە بۆ هەمووان وەك یەکتر بێت و هەوڵبدات خەڵك دەسەلاتەکە بە حکومەت خۆی بزانێت، یاسا سەروەر بێت و بۆ هەمووان وەك یەك بێت، نەوەك لەسەر هەندێك جێبەجێ بکرێت و لەسەر هەندێکی تر جێبەجێ نەکرێت، ئەم دووفاقییە نابێ هەبێت، پێویستە ولات بەرە و مەدەنییەت بچێت و مەدەنیبوونی ولاتیش تەنیا بە سەروەری یاسا و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلایەتی دەبێت.

بارودۆخی خەڵکی دەبێت چاکتر بکرێت، هەموو ماڵە کوردێکی نیشتمانپەروەر ماڵی هەموو پێشمەرگەی کوردستان بوو، خەڵك لەسەر هاوکاری بوون و پاڵپشتی بۆ پێشمەرگە دەربەدەر دەبوون و ماڵەکانیان بەسەردا دەڕووخێندرا، بۆیە پێویستە زۆر لەوەی ئێستا خزمەتی گەلی خۆمان بکەین ئەوانەی شوێنی نیشتەجێبوونیان نییە و و شوێنیان بۆ دابین بکەین و هاوکاریان بکەین کاتی

زەوییان پێدەدرێت لە ڕووی پێشینەی خانووبەرە هاوکارییەکە بای ئەوە بکات بتوانێ خانووی لەسەر بکات و ئاو و کارەبا بە یەکسانی بەسەر هاووڵاتییان دابەشبکرێت، هەڵی کارکردن بۆ گەنجان فەراهەمبکرێت و هاوکاری ئەو خوێندەڤانانە بکرێت کە کەم دەرامەتن و هەلی ماستەر دکتۆرا بۆ هەمووان وەکو یەکتری بێت، خانەنشین و فەرمانبەران زیاتر هاوکاری بکرێن بە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانیان، مامۆستایان کە لە ساتە ناخۆشەکان و گرانی و نەبوونی ئەو وڵاتە بێ مووچە کاریان دەکرد، زیاتر ئاوڕیان لێبدرێتەوە، ئافرەتان چیتر نەچەوسێندرێنەوە و بەرنامەی وشیارکردنەوە هەبێت، بۆ نەهێشتنی توندوتیژی کە ڕۆژانە دەرهەق بە ئافرەتان دەکرێت، وەرزشوانان زیاتر ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و هاوکاری و کۆمەکی زێتر بکرێن، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وەزرشییان و پێشخستنی وەرزش لە وڵاتەکەمان، ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان چیتر هەڕەشەیان لێ نەکرێت و ئاستی ژیان و بژێویان بەرزبکرێتەوە، ئەمانە و زیاتریش لە بەرنامەی لیستی ٥١ دایە بۆ ئەوەی لە داهاتوو هەموویان جێبەجێبکەین و داوا لە هەموو خەڵك دەکەین دەنگ بەو بەرنامە تێروتەسەلە بدەن تا کاندیدەکانی لیستی ٥١ لە پەرلەمانی داهاتوو کار لەسەر خۆشگوزەرانی و داخوازییەکانیان بکەن و بە هەموو جۆرێك خزمەتیان بکەن.

* ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (٣٩٦)ی ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٤ بڵاوکراوەتەوە.

# لیستی YNDK بۆ خزمەتکردنە

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، کاندیدەکانی لە لیستی ٥١ دایە، ئەم لیستە کەسانی نیشتمانپەر و وڵاتپارێزن، لە ڕابردوو ڕۆڵەی بەئەمەك و دڵسۆزی ئەو وڵاتە بوونە، هەموو کات لە ئاست داخوازی و بەرپرسیارییەتی جەماوەری کوردستاندا بووینە، لەناو ئیش و ئازاری میللەتەکەمان ژیاون و خەمخۆری خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت بووینە، لە داهاتوو بەهەمان شێوە خزمەتی زیاتری کوردستان دەکەن، بۆیە کاندیدەکانی لیستی ٥١ بوونەتە جێگەی متمانەی خەڵکی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانیان.

کاندیدەکانی لیستی ٥١ بەبەرگێکی شارستانی و مەدەنی گەرەکیانە مافەکانی گەلی کوردستان بەدەستبهێنن بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ هاووڵاتییان کوردستان.

خەڵکی کوردستان بە درێژایی مێژوو بەهۆی چەوسانەوە و داگیرکردنی وڵاتەکەمان لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە نەفەسی ئازادی و خۆشگوزەرانی نەبووە، دوای رووخانی رژێمی بەعس و ئازادکردنی بەشێکی زۆر لە وڵاتاکەمان خەڵکی کوردستان بەکۆمەڵێك هیوا و ئاواتەوە روانیانە ئاسۆی ئەو ئازادییە و زۆر شت کرا، بەڵام تائێستا زۆر شتی تر ماوە بکرێت و خەڵکی کوردستان پێویستە زۆر لەوە زیاتر خزمەت بکرێن.

لیستی ٥١ بەخوێندنەوەی دیرۆکی نەتەوەییمان و لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەم ناخۆشی و زەحمەتییەی هاووڵاتییانی کوردستان بینویانە، لە ژێر رۆشناییان بەرنامەیەکی فراوانی دارشتووە بۆ ئەوەی لە داهاتوو لە پەرلەمانی کوردستان بیانخاتەڕوو بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی کامەران و خۆش بۆ هاووڵاتییانی کوردستان، لیستی ٥١ هەموو لایەنێکی ژیانی کوردستانیانی رەچاوکردووە و

خستویەتییە نێو بەرنامەکەی، بۆ ئەوەی لەپەرلەمانی داهاتوو ببێتە داکۆکیکارێکی بەهێز بۆ مافەکانی خەڵك و بەدیهێنانی داخوازی و ئاواتەکانیان، پێویستە لە ڕووی خزمەتگوزاری هەموو پێداویستییەك فەراهەمبکرێت لە چاککردنی کەرتی کارەبا و ئاو و ڕێگاوبان و گرنیگدانی زیاتر بە گوندەکان و بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ کە وڵاتەکەمان پێویستی بەوەیە لە ڕووی کشتوکاڵی گرنگی زیاتر بە جووتیاران بدرێت، بە خۆڕایی هەموو کەلوپەل و پێداویستی کشتوکاڵیان بۆ دابینبکرێت، بەمەش پێویستیمان بەوە نابێ سەوزە و میوەجات لە دەرەوە هاوردە بکرێت، وڵاتی ئێمە هەروەك چۆن کشتوکاڵییە بە هەمان شێوە دەتوانین بەهۆی دەوڵەمەندی کوردستان بە نەوت و کانزاوە، لە ڕووی پیشەسازییەوە وڵات ببوژێنینەوە، کردنەوەی کارگەی گەورە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی پێویستمان بە کەلوپەلی بیانی نەبێت، ئەوە جگە لەوەی بە هەزاران خانەوادە بژێویان دەکەوێتە ئەو کارگانە و بە هەزاران گەنجیش لە بێکاری رزگاریان دەبێت، پلاندانان بەم شێوە دەبێت نەوەك بازار لەلایەن هەندێکەوە قۆرخ بکرێت و تەنها سوود و بەرژەوەندی بە چەند کەسێك بگەیەنێت.

لیستی ٥١ بە وردی کار لەسەر چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی هاووڵاتییان دەکات، تا ئێستا کێشەی سووتەمەنی لە وڵاتی دەوڵەمەند بە نەوت چارەسەر نەکراوە، پێویستە بەرنامەیەك هەبێت بۆ هەرزانکردنی سووتەمەنی بۆ هاوڵاتییان، تەنانەت نەوت و بەنزین نرخەکەی زۆر هەرزان بێت و بە ئاسانی دەست بکەوێت، سەرچاوەی دارایی خەڵك زۆر نییە، تاوەکو پێداویستییەکانی بازاڕی رەش بە نرخێکی گران بکڕێت، ئەو خانەوادانەی کەم دەرامەتن پێویستە حکوومەت بیمەی بێکاریان پێبدات تا ئەو وادەیەی کاریان بۆ دەدۆزێتەوە. لە

ڕووی تەندروستی هاوکاری ئەو کەسانە بکرێت کە ناتوانن چارەسەری خۆیان بکەن، ئەوانەی تا ئێستا کێشەی خانوویان هەیە و هەر لە کرێچی دەناڵێنن هاوکاری بکرێن و حکومەت پێویستە پلانی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بە فراوانی هەبێت، بە شێوەیەك ئاستی بژێوی خەڵك بەرزبکرێتەوە، تاوەکو بتوانن بژێوی ژیانیان بە ئاسانی دابین بکەن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هەموو رووێکە و هەبێت بە یەك چاو سەیری هاووڵاتییان بکرێت و کار و پیشە و خوێندنی باڵا تەنیا بۆ کوڕە بەرپرسان نەبێت، با کوڕە هەژارانیش ئەم ئیمتیازاتانەی پێ ڕەوا ببینرێت، شار و شارۆچکە و گوندەکان هەمووی وەکو یەکتری تەماشا بکرێن خزمەتگوزاری بۆ هەمووان وەکو یەکتر بێت، نەوەك ئەو شوێنانەی بەرپرسانی لێبێت گرنگی پێبدرێت شوێنانەی تر بە لاوە بنرێت و هاوڵاتییان دەبێ وەکو یەکتری سەیر بکرێن، هەموو یاسا لەسەر هەندێك جێبەجێبکرێت لەسەر هەندێکی تر جێبەجێنەکرێت یاسا دەبێ سەروەری بەسەر هەموو لایەك وەکو یەك هەبێت و پێویستە وڵاتەکەمان ببێتە وڵاتی یاسا بەم شێوەیە دەتوانین مافەکانی هەمووان دەستەبەر بکرێت، بەمە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەستەبەر دەبێت، هەموو کەس ماف و سەروەری پارێزراو دەبێت، بە چەسپاندنی یاساکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ وڵاتەکەمان ئارام دەبێت و هیچ کەسێك مافی پێشێل ناکرێت و سامانی وڵاتیش بەشێوەیەکی یەکسانی دابەش بکرێت، نابێ تەنیا کەسانێك لێی سوودمەند بن، لیستی ٥١ هەموو توانایەکی دەخاتە گەڕ بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی هەیەتی، هەروەها کار دەکەین بۆ جیاکردنەوەی حزب لە دەسەڵات، ئێمە دەبێ بەو ئاڕاستەیە کار بکەین، کاتێ لە دەزگاکانی حکومەت دەبین بەرگی حزبایەتی فڕێبدەین و بە شێوەیەك کاریگەری حزب لەسەر دانانی بەرپرس و بەڕێوەبەرەکان نەبێت، کار

بەو بنەمایە بکەین "کەسی شیاو لە شوێنی شیاو"، بەم شێوەیە حکوومەتەکەمان دەبێتە حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستان، توێژی گەنجانیش پێویستە خزمەتی زیاتر بکرێن و پێویستە گوێیان لێبگیرێت هەموو پێداویستی و داخوازییەکانیان بەجێ بگەینرێت، ئەوانەی حەز بە خوێندنی باڵا دەکەن هاوکاری بکرێن بنێردرێنە دەرەوە بۆ تەواو کردنی بڕوانامەکانیان و پشتگیری بکرێن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و زانستیان و هاوکاری بکرێن بۆ پێکەوەنانی ژیانیان و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەوەی بتوانن بەرِۆڵی کاریگەری خۆیان هەڵسن لەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە.

ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و بە درێژایی مێژوو لە تەك باوك و براو هاوسەرەکانیان لە سەنگەری پێشەوە خەباتیان کردووە لە پاش راپەڕینیش رۆڵیان هەبووە لە بەڕێوەبردنی کارەکان و ئێستاش لە جاران باشتر رۆڵ دەبینن، بەڵام توندوتیژی تا ئێستاش رۆژانە دەرهەق بە ئافرەت دەکرێ، بۆیە پێویستە بە وشیارکردنەوە و سزادانی ئەو کەسانەی ئافرەتان دەچەوسێننەوە و توندوتیژی بنبڕ بکەین و لێنەگەڕێن ئافرەتانمان چیتر بچەوسێندرێنەوە، ئافرەت بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەن و پیاو بە تەنیا ناتوانێ پرۆسەی گەشەکردنی وڵات بەڕێوەبیات و هەوڵدەین رێژەی بەشداریان لە پەرلەمان و حکوومەت زیاتر بکرێت.

لیستی ٥١ هەموو ئەو خاڵانە لە نێو بەرنامەکەیەتی لە بواری کرداری جێبەجێیان دەکات و ئەوانە تەنیا دروشم نین لە دوای هەڵبژاردن لە بیریان بکەین. پەیمان بە خەڵکی خۆمان دەدەین لە پەرلەمانی داهاتوو لە ئاست

بەرپرسیارییەتی ئەواندا بین هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ بۆ بە جێگەیاندنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانە بۆیە بۆ سەرخستنی لیستی ٥١ بەدیهێنانی هیوا و ئاواتەکانمان با هەمووماں دەنگی پێ بدەین.

* ئەم وتارە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە (٣٩٧)ی رێکەوتی ٢١/٧/ ٢٠٠٩بڵاوکراوەتەوە.

# ديمانه

# پارتەکانی باکووری کوردستان شۆڕشگێرن تیرۆریست نین

دەوڵەتی تورك لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بنەماکانی ژیان و بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە دیدێکی ناسیۆنالیستی تورکییەوە، دەبینێت. لەم نێوەندەشدا، کوردی کردووەتە قوربانی بەرژەوەندی مانەوەی دەسەلاتی تاکرەوی، ئەگەرچی کوردەکان لە تورکیا چەندین رێگا چارەیان بۆ ژیاندۆستی لەگەڵ تورکەکان تاقی کردووەتەوە، بەلام هیچیان سەری نەگرتووە. لەبەر ئەم هۆکارەش رێگای سەربازی گرتەبەر و PKK لە ساڵی ١٩٧٨ بە رابەرایەتی (عەبدوڵلا ئۆجەلان) خۆی راگەیاند. ئەگەرچی لە ١٤/ ٨ /١٩٨٤ بەدواوە شەڕ لە نێوان تورکیا و PKK دا بەردەوامە، پارتی کرێکارانی کوردستان PKK هەموو کات لەپێناو مافەکانی نەتەوەکەمان خەبات و بەرخۆدانی کردووە، کەچی لەلایەن تورکیا و ئەمریکا و هەندێ دەوڵەتی دیکە وەك هێزێکی تیرۆریستی سەیرکراوە. لەبەر گرنگی ئەم پرسە (میدیا) تەوەرێکی تایبەت لەسەر ئەم باسە و رۆڵی PKK لەباکووری کوردستاندا دەخاتەڕوو.

شاخەوان خالید لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK،کە بەشداری ئەم تەوەرەیە، باس لەوە دەکات هێزەکانی باشووری کوردستان نابێ شەڕ لە دژی لایەن و هێزەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان رابگەیەنن.

**میدیا : PKK وەک هێزێکی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK هێزێکی سیاسی کوردی کاریگەر و ئەکتیڤە لە باکووری کوردستاندا، خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لەم بەشەی ولاتدا، لە دوای شۆڕشەکانی نەتەوەکەمان وەك شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و

ئاگری و ئارارات و چەندین راپەڕینی دیکە توانیویەتی ڕێبەرایەتی تێکۆشانی کورد لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردووو تەمەنی و لە ساڵی ١٩٨٤ بەدواوە خەباتی چەکداری لەدژی دەوڵەتی تورکیا بەرپا بکات بەو واتایەی PKK توانیویەتی لەماوەی سالآنی رابردوو خەباتێکی چەکداری سیاسی ڕێك درێژە پێبدات لە دژی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر، خەباتەکەی لە پێناو مافە نەتەوەییەکان بووە، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، ئەمەش لە ئەنجامی سیاسەتی ملیتارییانەی دەوڵەتی تورکیا بووە، کە بەدرێژایی مێژوو نکۆڵی لە بوونی نەتەوەیی و ناسنامەی کوردبوونی نەتەوەی کورد کردووە، بەشێوەیەکی رەگەزپەرستانە مامەڵەی لەگەڵ دۆزی کورد کردوو، بە ئاگر و ئاسن و خوێنڕشتن وەلآمی داخوازییەکانی نەتەوەکەمانی لە باکووری کوردستاندا داوەتەوە، بە هەموو شێوازێکی شۆڤێنیانەی دژ بە هەموو بنەماکانی مرۆڤایەتی کوردی بێبەش کردووە لە بەکارهێنانی زمانی دایك و خوێندن بە زمانی کوردی و ناونانی منداڵان بە زمانی کوردی و هەمووی لە کورد کردووەتە بڤە و لێنەگەڕێ وەکو نەتەوەیەك تایبەتمەندییەکانی خۆی بەکاربهێنێت، تەنانەت لە شارە کوردییەکانیش بە کوردبوون قەدەغەیە و نابێ باسی کورد بکرێت. ئەمەش وای لە پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرجەم هێزەکانی باکووری کوردستان کردووە، بە تایبەت PKK لە خەبات و تێکوشانی بێوەچاندا بن لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی کورد، بەرامبەر ئەمە تورکیا بۆ لێدانی ئەم هێزە و سەرکوتکردنی خەباتی نەتەوەییمان بە هەموو شێوازێکی دڕندانە بەرەنگاری خەبات و تێکۆشانی PKK جەماوەری کوردستان لە باکووری وڵاتدا بووەتەوە، تورکیا هەوڵی داوە رایەکی گشتیی نێودەوڵەتی خراپ لەسەر ئەم پارتە دروست بکات و بەهۆیەوە فشار بخاتە سەر

دەوڵەتان بۆ نمونە فشاری زۆری خستۆتە سەر سوریا تا لە بیقاع ئۆجەلان وەدەربنێ و هەوڵەکەی سەرکەتوو بوو، لە دوای ئەوەی دەوڵەتی تورکیای ئەتاتورك هەڕەشەی ڕەشکردنەوەی سوریای کرد لە نەخشەی جیهاندا، ئێستاش فشار دەخاتە سەر حکومەتی عێراق تا شەڕی PKK بکەن و لە ناوچە سنوورییەکان نەیانهێڵن، سەرەڕای ئەم هەموو پیلانە و هاوپەیمانییەتەی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ئەقلیمی و هێزە نێودەوڵەتییەکان دەیکات، بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان هەر بە خۆڕاگری ماوەتەوە و بەردەوامە لە خەبات و بەرەنگاربوونەوەی لە دژی ئارتەشی حکوومەتی تورکیا، ئەم سیاسەتەی تورکیا وایکردووە PKK دەستبەرداری خەباتی چەکداری خۆی نەبێت، چونکە تورکیا هیچ پڕۆژەیەکی چارەسەری هەنووکەیی و بنەڕەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێ نییە جگە لە ڕێگە چارەی سەربازی، ئەمە بەردەوامی بە خەبات و چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانداوە، ئەو گەلەکۆمە و هاوهەڵوێستەی هەندێ دەوڵەت و زلهێز لەسەر ئەم لایەنە کوردییە هەیانە و ڕەخنەی لێدەگرن، باشە ئەو هێز و دەوڵەت و لایەنانە ئەگەر ئەوەندە ئاشتیخواز و پارێزەری مافی مرۆڤن بۆ جارێك ڕەخنە لە دەوڵەتی تورکیا ناگرن بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە و جینۆسایدەی دەرهەق بە کورد دەیکات، ئایا ئەم هەموو کوشتن و زوڵم و دەستگیرکردن و ئازارەی کوردان لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە ناچێتە خانەی تیرۆرەوە؟ بەڵێ ئەمە تیرۆرە نەك دەرهەق بە تاکە کەسێك بەڵکو لە دژی نەتەوەیەك دەیکەن.

بۆیە ئەم هەموو ستەمەی تورکیا دژ بە کورد و PKK دەیکات ئەم هێزەی لەناو نەبردووە، بەڵکو لە جاران زیاتر بە هێزتری کردووە. تورکیا بە مامەڵەی ڕەگەزپەرستانەی لەگەڵ کورد هەموو ڕێسا و بنەماکانی مافی مرۆڤ و یاسا

و جارنامە نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکردووە، کەچی سەرەڕای ئەم هەموو پێشێلکارییانە رەخنە هەر لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەگیرێت، بەڵام بۆ تورکیا هەر دەبێ ئاسایی بێت هەرچی بکات دژ بەم هێز و نەتەوەیە ستەمدیدە و زوڵم لێکراوە ئەم دووفاقییەی ئەو دەوڵەتانەی پشگیری تورکیا دەکەن، بەهۆی ئەو ئاراستە و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییانەی کە پەیوەندییەکان دروست و رێك دەخەن و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەردوولا، تورکیا توانیویەتی بەهۆی پێگە جیۆپۆلەتیکەکەی کە لە ناوچەکەدا هەیەتی بەرژەوەندی زلهێزەکان لەگەڵ سیاسەتی وڵاتەکەی هاوتەریب بکات، ئینجا نەتەوەکانی تری ژێر دەستیش ئەگەر بچەوسێندرێنەوە لە دیدگای ئەم سیاسەت و بەرژەوەندییانە ئاساییە و رەخنەی ئاراستە ناکرێت.

**میدیا: قورسایی PKK لە گۆڕەپانی سیاسی باکووری کوردستان چ مانایەکی بۆ نەتەوەی کورد هەیە؟**

PKK هێزێکی دیار و کاریگەرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هەڵگری پەیامێکی پیرۆزە لە ڕووی نەتەوەیی چونکە داخوازی مافی زیاتر لە ٣٠ ملیۆن کورد لە باکووری کوردستان دەکات، PKK سەرەڕای هەڵەکان و گۆڕینی سیاسەت و ستراتیژی، بەڵام هێزێکە لەسەر ئاستی ئەقلیمی و نێودەوڵەتی هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەهۆی ئەم جەماوەرە زۆرەی پشتگیری ئەم پارتە دەکەن لە شار و شارۆچکە کوردییەکان تەنانەت لە شارەکانی تورکیاش بەهۆی بوونی کورد تیایاندا، ئەمەش وایکردووە دۆزی کورد لە تورکیا بە زیندوویی بمێنێتەوە، وەك نووسەری نێوداری تورك ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ " کورد کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە"، لەبەر ئەوە هێزە نێودەوڵەتییەکانیش حیسابی ورد بۆ ئەم پارتە دەکەن و وایکردووە هێزە

زەبەلاحەکانی جیهان داوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردی باکووری کوردستان بکەن، هەروەها ئەم پارتە لە ماوەی چەند ساڵی رابردووی تەمەنیدا سەرەڕای هەموو ئەم کۆسپ و تەگەرانەی بۆی دروستکرا هەر بە خۆڕاگری ماوەتەوە، لە ڕووی هزرییەوە کاریگەری زۆری لەسەر وشیارکردنەوەی تاکی کورد بە ناسنامە و شارەزابوون لە مێژوو و جوگرافیای کوردستان و ئەو سیاسەتە شوڤێنییە و رەگەزپەرستانەی دەوڵەتانی داگیرکەر و دوژمنانی دژ بە کورد پەیڕەوی دەکەن، بۆ هاووڵاتییانی کورد و رای گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی روونبکاتەوە هەوڵەکان دەرەنجامیان زۆر بووە، بۆ نمونە بیل کلینتۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جارێکیان لە کاتی سەردانی بۆ تورکیا لە نێو پەرلەمانی تورکیا داوای چارەسەری کێشەی کوردی لە کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا کرد، دەرئەنجامی دیکە کە وای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد لەسەر کێشەی کورد قسە بکات، بەندەکانی کۆپنهاگنە کە چارەسەری کێشەی کورد بەکارە هەرە سەرەکییەکانی دەوڵەتی تورکیا دادەنێ ئەگەر گەرەکییەتی ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، بۆیە یەکێك لەو خاڵە هەرە سەرەکییانەی تورکیای دواخستووە لە ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپا تا ئێستا لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە داوای چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکات، نەك لە ڕوانگەی سیاسی نەتەوەیەك کە خاوەنی خاکە و وڵاتەکەی داگیرکراوە و دابەشکراوە و دزراوە، ئەمەش پێویستی بە خورتترکردنی خەباتی دپلۆماسییە لە دەرەوەی وڵات بە تایبەت لە وڵاتانی ئەوروپا لەم بارەیەوە PKK بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و دۆست و لایەنگرانی لە ئەوروپا هەوڵی زۆریداوە و کاریگەری هەبووە، بەهۆی خەباتی مەدەنی ئاشتیخوازانەی لە ڕێی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکان و دانی یاداشتنامە لەسەر پێشێلکارییەکانی تورکیا دەرهەق بە

کورد دەیکات دەنگێگ بووە، تا خەباتی سیاسی کورد لە دەرەوە بە وڵاتان ئاشنا بکات، بۆ نموونە نووسەری کتێبی ( کوردانی یاسایی ) ئەیوب دەمیر کە لە کتێبەکەی رەخنە لە دەوڵەتی تورکیا و هێز و لایەنە کوردییەکان دەگرێ لەم دواییە ئەم کتێبەی بە چاپ گەیاند و لە نێوەندی میدیای تورکی قسەی زۆری لەسەر کرا دەڵێت " ئەگەر مەسەلەی چوونە نێو یەکێتی ئەوروپا لە ئارادا نەبوایە تورکیا نەیدەهێشت کتێبەکەم بە چاپ بگەیەنم"، هەروا نووسەری تورك ئیسماعیل بێشکچی کە بەهۆی پشتگیریکردن و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر دۆزی کورد ١٧ ساڵ لەزیندانی تورکیا ژیانی بەسەر برد لەسەر گرتنی ئەم نووسەرە چەندین رێکخراوی نێودەوڵەتی و ئەوروپی رەخنەی توندیان لە تورکیا گرت، لەیلا زانای پەرلەمانتاری کورد لەسەر کوردبوونی لە پەرلەمانی تورکیا دوورخرایەوە و پاشان چەندین ساڵ زیندانی کراو ئێستاش بە ١٠ ساڵی دیکە بەهۆی جوداخوازی و رەخنەکانی لە دەوڵەتی تورکیا دەرهەق بە کورد لە لایەن دادگای باڵای تورکیاوە حوکم دراوە، ئەمە و چەندین نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد و تورکی دووچاری زیندان و بەجێهێشتنی خاکی تورکیا بوونەتەوە، بەهۆی ئەم رەخنانەی لە دەوڵەتی تورکیایان دەگرت سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە ئەمانە هەموو بوونە هۆکاری کێشە و گرفت لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و نێونەتەوەیی بۆ دەوڵەتی تورکیا و هەر هەمووی کاریگەر بوون و ئەمەش کاریگەری ئەوانی لەسەر بوو، بە قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد تەواو بوونە لە باکووری کوردستاندا، بەڵام ئەوەی کورد لە باکووری کوردستان و هەموو بەشەکانی کوردستان زەرەری لێکردووە داگیرکەران توانیویانە دەنگدەرانی کورد لە هەڵبژاردنەکان هەڵبخەڵەتێنن بۆ نموونە زۆربەی سەرۆکەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا لە پێش

هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکەیان باسیان لەڕاستی و دروستی و یاسایی و رەوایی کێشەی کورد کردوو وادەی چارەسەر کردنی کێشەی کوردیان داوە و پاش سوود وەرگرتن و بەدەستهێنانی دەنگی زۆری کوردان وادەکانیان درۆ دەردەچێت و هیچ بۆ کورد ناکەن، لە ساڵی ١٩٩١ سلێمان دەمیراڵی سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورکیا بۆ راکێشانی دەنگەکانی کورد باسی لە ڕاستی دۆزی کورد و مافەکانی کرد و پاشان هیچی نەکرد، ئینجا لە ساڵی ١٩٩٢ چیللەر باسی مۆدێلی هەرێمی باسك و مافی مرۆڤی کرد و لە ساڵی ٢٠٠٥یش رەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکانی کوردان و بردنەوە و سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان AKP لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ئامەد وتی: " کێشەی کورد کێشەی ئێمەیە، لەو لایەنەوە ئێمە وەکو دەوڵەت هەڵەمان کردووە" ئەم هەموو وادانە هیچی جێبەجێنەکران، بەڵکو کوردەکان لە جیاتی پاداشت گوللە لەلایەن جەندرمەکانی تورکیاوە پێوە دەنرا، ئەمانە هەمووی کاریگەری زیندوویەتی دۆزی رەوای کوردن لە تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، بەڵام لایەنی بەرامبەر (دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان) شۆڤێنیانە و رەگەزپەرستانە مامەڵەیان لەگەڵ کورد کردووە، ئێستاش چەند مانگێك بەسەر وادەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا ماوە، دیسان پارتی داد و گەشەپێدان AKP دەیەوێ رای کوردان بۆ خۆیان کێش بکەن و دەنگەکانی کوردەکان کە ملیۆنەها دەنگن بە دەستیان بهێنن، بەڵام ئەمجارە بەپێی راپرسییەکان کوردەکان لە سیاسەتی AKP گەیشتوون و دەڵێن ئەمجارە دەنگیان پێنادەن بەهۆی ئەم هەموو وادەیەی لە هەڵبژاردنی پێشوو پێیاندراوە و هیچی لێ جێبەجێنەکران، لە هەمان کاتدا ئەردۆگان لەم دواییەدا رووی راستەقینەی تێڕوانینی پارتەکەی بەرامبەر کورد بەدیارخست کە وتی" هەموو ئەوانەی لە تورکیان تورکن ئەگەر

خۆیان بە تورك نازانن دەتوانن بار بکەن و ئەم وڵاتە بەجێبهێڵن" سەرەڕای ئەن سیاسەتە شۆڤێنییە لە هەمبەر کوردەکان لەسەر خاك و وڵاتی خۆیان لێیان دەکرێت دوژمنان هەر بەردەوامن لەسەر پیلان و داڕشتن و بەرنامەی هەمەلایەن لەگەڵ یەکتری لە دژی داخوازی و مافە نەتەوەییەکانی کورد نەك هەر لە باکووری کوردستان، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دادەڕێژن و بەشێوازی جۆراوجۆر کوردەکان دەچەوسێندرێنەوە و لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان بێبەشیان دەکەن و تەنانەت ناتوانن کوردبوونی خۆیان بۆ یەکتریش بدرکێنن. سەرەڕای ئەم هەموو نەهامەتیەی کە بەسەر کورددا هاتووە هەر بەخۆڕاگری و پشت ئەستوور بە چیاکانی کوردستان پارێزگاری لە مانەوەی خۆی کردووە، هەر بەخۆڕاگریش دەمێنێتەوە، ئەمە ئومێدی کوردە و کاریگەری لە ناوچەکە لەوەدایە زۆربەی دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ کێشەکەی چارەسەر بکرێت و کلیلی ئاشتی نەمانی کێشە و گرفت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە بەندە، بۆیە هەرچەندە دوژمنان و داگیرکەران نکۆڵی لە بوونی کورد بکەن و هەوڵی لەناوبردنی شۆڕش و ڕاپەڕین و دەستکەوتەکانی بدەن کورد هەر بەخۆڕاگری دەمێنێتەوە و دۆزی کوردیش زیندوو دەبێت.

**میدیا: PKK ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەپارێزێت یان هۆکار دەبێت بۆ لەمپەر دروستکردن؟**

تورکیا هەموو کات داخوازییە نەتەوەییەکانی کوردی لە باکووری کوردستاندا ڕەتکردۆتەوە و ڕازی نییە لەسەر مێزی گفتوگۆ کە ئێستا زمانی سەردەم دیالۆگە لە هەمو کێشەکان هەوڵدەدرێت لە ڕێی دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت، پارتی کرێکارانی کوردستان PKK چەندین جار

داوای گفتوگۆی کردووە تورکیا رەتیکردۆتەوە، چەندین جار ئاگربەستی تاك لایەنەی راگەیاندووە، بەڵام ئارتەشی تورکیا بەردەوام بووە لە چالاکییە سەربازییەکانی دژی کوردەکان، راستە پارتی کرێکارانی کوردستان کێشەی زۆری بۆ باشووری کوردستان دروست کردووە، بەڵام نەبووەتە هۆکار و نابێتە فاکتەرێك بۆ لەناوچوونی ئەزموونی باشووری کوردستان، پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان لە باشووری وڵاتدا بەری رەنجی چەندین ساڵەی خەبات و بەرخودانی جەماوەری باشووری کوردستانن. ئەم دەستکەوتانەی ئێستا لە باشووری کوردستان هاتووەتە دی خوێنی زۆری بۆ رژاوە خەباتی زۆری بۆ کراوە قوربانی زۆری بۆ دراوە، هەر وەك چۆن خەڵکی باشووری کوردستان هۆکاری سەرەکی بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتانەن هەر بە هەمان شێوەش پارێزەری ئەم دەستکەوتانە دەبن. تورکیا ئەگەر پێی بکرایە ئەم ئەزموونە برووخێنێ سڵی نەدەکردەوە، بەڵام پێی ناکرێت، ئینجا PKK دەکاتە بڕوبیانوو و تورکیا بە بوونی ئەم پارتە یان نەبوونی ئەم پارتە هەر دژایەتی سەختی پەرلەمان و حکومەتی باشووری کوردستان دەکات و هەموو کات لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت، بۆ دژایەتی کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە بە درێژایی مێژوو تورکەکان هۆکاری سەرەکی بوونە بۆ دژایەتیکردن و رووخانی ئیماراتی کوردی و کۆتایی هێنان بە شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. تورکیا تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان دەکات، ئایا تائێستا چەند گەریلا بوونەتە ئارمانج ئەوانەی شەهید دەبن و خانووەکانیان خاپوور دەبێت و زەرەریماددیان پێدەکەوێت و خەڵکی سڤیلی باشووری کوردستانن، خۆ ئەوانە ئەندام و گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان نین، پیلانی داگیرکەرانی کوردستان لێدانی شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردە لە هەموو

بەشەکانی کوردستان نەك لێدانی پارتێکی دیاریکراو، لە لایەکی دیکەوە رژێمی ئێران بە هەمان شێوە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان بە تایبەت مەرزی سنووری نێوان ئێران و تورکیا و عێراق کێ بەر ئەم تۆپبارانە دەکەوێت PKK یان PJAK، هیچیان بەرناکەون خەڵکی سڤیلی باشووری کوردستان بەردەکەون و زەرەرمەند دەبن، وایە تورکیا ئەم تۆپبارانەی دەبێتە هۆکارێك بۆ زەرەر گەیاندن بە هێزەکانی PKK ، بەڵام ئارمانجی سەرەکییان دروستکردنی کۆسپ و تەگەرەیە لە بەردەم پێشڤەچوونەکانی ئەزموونی باشووری کوردستان. تورکیا چاوی بە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان هەڵنایێ، بۆیە بە یەك هەڵوێست و یەك بەرنامە وڵاتانی ئەقلیمی کار بۆ لەناوبردنی ئەزموونی باشووری کوردستان دەکەن.

بەڵام پێویستە پارتی کرێکارانی کوردستان بیانوو نەداتە دەست داگیرکەران و دوژمنانە بۆ دژایەتی کردنی دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان. سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان تێکدان و ئاڵۆزکردنی پەیوندی نێوان کوردانە، بۆیە دەبێژن ئەم پارت ئەم لایەنانە هۆکارن بۆ نالەباری ئەویتر و لایەنێك لە دژی لایەنێکی تر تاو دەدەن تا شەڕ بکەوێتە نێوانیان، تورکیا هەوڵی زۆر دەدات لە رێی حکوومەتی عێراق لایەنە کوردییەکانی باشووری کوردستان بەشەڕ بهێنن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، تورکیا فشاری ئابووری دەخاتە سەر حکومەتی کوردستان بۆ ئەوەی هاوکاری تورکیا بکات لە لێدان و شەڕکردن لەدژی PKK هەر جارەی بە شێوازێك و جۆرێك لە داخستنی سنووری نێوان باشووری کوردستان و تورکیا، یان راگرتنی هێنانی سووتەمەنی و چەندین شێوازی تری فشار دروستکردن لەسەر پەرلەمان و حکومەتی کوردستان پەیڕەو دەکەن تا شەڕ لەگەڵ پارتەکانی بەشەکانی تری کوردستان

بکەن، بەڵام حکومەتی باشووری کوردستان ناچێتە ژێر باری فشارەکانی تورکیا بۆ شەڕکردن دژی پارتی کرێکارانی کوردستان.

**میدیا: ئەو دۆخە سیاسییەی ئەمڕۆی PKK لە نێوان ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەو ناکۆکییەکانی لەگەڵ لایەنە ساسییەکان چۆن دەبێت ؟**

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە ماوەی رابردووی ئەم قۆناخەی پێیدا تێپەڕیوە لە ڕووی ئایدیا و سیاسەتی پارتەکەیان جێگیر نەبووە، هەندێ جار وەك لایەنێکی چەپخواز و هەندێ جار وەك لایەنی نەتەوەییخواز هەندێ جاریش هەڵوێستەکانیان لە چوار چێوەی هزر و بەرنامەی مارکسیزم چێکردووە، ئەمەش لەوانەیە بەهۆی ئەم هەموو دوژمنکارییانەی داگیرکەران و نەبوونی ناوەندی بڕیار وەرگرتن بێت لە نێو ئەم پارتە، ئەوەی ئۆجەلان وتویەتی بووەتە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا ئەم پارتە، هەروەها PKK بەئاشکرا لە دروشمە ستراتیژەکانیان گەڕاونەتەوە دواوە ئەم گەڕانەوەیە لەدوای رێکەوتی ١٩٩٩/٢/١٥ بەئاشکرا و بەزەقی بەدیار کەوتن کە لەم رۆژەدا کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە کینیاوە بەرەو زیندانی دورگەی ئیمرالی رفێندرا، لەوە بەدواوە ئەم پارتە کۆنگرەی سازکرد و گۆڕانکاری لە سیاسەت و ستراتیژییەتی کرد و وازی لە دروشمە سەرەکییەکەی هێنا لە سەربەخۆیی کوردستان، کەوتە بانگەشەکردن بۆ هەندێ مافی مەدەنی و ئیداری و رۆشنبیری لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا لەوساوە PKK هەر لەژێر کاریگەری بڕیارەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان مایەوە و سەرەڕای ئەوەی لە زینداندا بوو، پێویست بوو کۆنسەی سەرکردایەتی ئەم پارتە خۆی بڕیاردەر بوایە لەسەر مەسەلە هەستیارەکانی نێو پارتەکەیان و ئەوانەی پەیوەندییان بە دۆزی نەتەوەیی کوردەوە هەبوو، چونکە زۆر وڵاتپارێز دوای وازهێنانیان لەسەربەخۆیی پاڵپشتیان

بۆ ئەو پارتە نەما، دوای لادانی ئەم دروشمە پشتگیری بۆ ئەوان کەمبۆوە، داوا و داخوازییەکانی PKK زۆر مەزنبوون، بۆیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئەندام لایەنگرییان هەبوو لە دەرەوەی وڵاتیش کوردان هاوکاری و کۆمەکییان بۆ کۆدەکردنەوە، بەڵام ئێستا داخوازییەکانی PKK رووی لە کورتی کردووە و ئەم بچووکبوونەوەیە لە داواکانی ئەم پارتە کاریگەری زۆری کردە سەری و ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات. چونکە پەروەردەی سەرەکی PKK ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بوو لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتن و ئەدەبیاتی ئەم پارتە جەخت لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەکرایەوە و هەر پارتێك ئەوە دروشمی نەبووایە بە حزب هەژماریان نەدەکرد و دەیانخستە خانەی خزمەتکاری وڵاتانی داگیرکەر و دوژمن و نەیارانی کورد و کوردستان، ئەم گۆڕانکارییە ریشەییە لە بەرنامە و دروشم کاریگەری خۆی لەسەر ئەم پارتە بەجێهێشت، ئێستاش تورکیا خەریکە گەلەکۆمەکی لەسەر PKK دروست دەکات لەگەڵ ئێران بە ئاگر و ئاسن کەوتوونەتە وێزەی کورد و دەیەوێ حکومەتی عێراقیش بە هەمان رێڕەو بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە مەسەلەکە نزیك بکاتەوە و لەڕێی حکومەتی عێراقیش فشاری زۆر لەسەر سەرکردایەتی کورد دروست بکات، بۆ لێدانی ئەم پارتە، بەڵام هەتا ئێستا سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان هەڵوێستی ئەوەی دەرنەبڕیوە کە دژی PKK هاوشان لەگەڵ تورکیا شەڕ بکات و هەموو کات دووپاتیکردتەوە ئەوە کاری ئەوان نییە لەگەڵ PKK شەڕ بکەن و ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە خود و ناوخۆی تورکیاوە هەیە ، لە هەمان کاتدا پارت و لایەنەکانی باشووری کوردستان هۆکار نەبوونە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی PKK لە دژی تورکیا، بۆیە ئەگەر لایەنی کوردی لە باشووری کوردستان

بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان هاوکاری تورکیا بکات لە دژایەتیکردن و شەڕکردن لە دژی PKK یان هەر پارتێکی تری کوردی خیانەتێکی نەتەوەیی دەکەن و دەکەونە هەڵەیەکی گەورەوە، چونکە ئەمە بەرنامەی تورکیا و هەموو دەوڵەتانی داگیرکەری تورکیایە لایەنە کوردییەکان بکەونە شەڕ لەگەڵ یەکتری ئاگایان لە کار و خەباتییان نەمێنێ بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، تورکیا گەرەکییەتی هەم ئاڵۆزی بخاتە نێو ریزەکانی ئەم پارتە و هەم ببێتە فاکتەرێك بۆ لەناوبردنی ئەزموونی باشووری کوردستان، بۆیە بەبوونی PKK یان نەبوونی بارەگا و پێگەکانیان لە چیاکانی باشووری کوردستان ئەم بارودۆخە بۆ پەرلەمان و حکومەتی کوردستان سەختە، چونکە دەوڵەتی تورکیا هەموو هەوڵێکی خستۆتە گەڕ بۆ رێگری لە بەردەم پێشڤەچوونەکانی ئەزموونی باشووری کوردستان بە تایبەت ئێستا کاردەکات تا ماددەی ١٤٠ ی دەستووری هەمیشەیی عێراق جێبەجێنەکرێت و دەیەوێ کەرکووك و ناوچەکانی تر نەگەڕێنەوە سەر ئیدارەی حکوومەتی کوردستان و مەبەستیەتی ویلایەتی موسل کە کوردستانیش بەشێکە تیایدا داگیر بکاتەوە، بۆیە هەوڵەکانی تورکیا هەمە لایەنن هەم لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستانە، هەم کارکردنیەتی بۆ دروستکردنی لەمپەر لە بەردەم کارو پێشڤەچوونەکانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان نەگەڕانەوەی کەرکووك و ناوچەکانی دیکە بۆ سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان، دانیشتن و کۆبوونەوەکانی حکومەتی تورکیا و حکومەتی ئێران و حکومەتی عێراق گەواهی ئەم راستییەن و هەماهەنگی و یەك بەرنامەیی وڵاتانی ئەقلیمی و داگیرکەری کوردستان و دژایەتیکردنی خواستەکانی کورد کۆی کردوونەتەوە، سەرەڕای ناکۆکییەکانیان، بەڵام بۆ دژایەتیکردنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان کۆکن و هەموویان بەشدارن لەو

یارییە و هەوڵدەدەن گۆڵ لە کورد بکەن و نەتەوەی کورد دووچاری دۆڕاندن بکەنەوە، هەموو دنیا دەزانێ پەیامی کورد چییە گەرەکییەتی بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بگات لە چوارچێوەی کیانیدا ئیدارەی خۆی بکات، زۆربەی نەتەوەکانی جیهان خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆیانن کورد جگە لەوەی کۆنترین مێژووی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە زۆربەی نەتەوەکان ژمارەی دانیشتووان زیاترە، بەڵام خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆی نییە، تەماشا دەکەین سەرەڕای ئەم هەموو بانگەشەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بۆ ئاشتی، بەڵام تورکیا هەر لە سێرەی تفەنگەکانیان تەماشای دۆزی نەتەوەیی کورد دەکەن، ئەم سیاسەتە میلیتارییەی دەوڵەتی تورکیا ئاکامی نابێت، چونکە پارتی کرێکارانی کوردستان لەناو ناچێت، بۆیە تورکیا گەر بیەوێ بێ کێشەدان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد بنێت، دەبێ واز لە سیاسەتی رەگەزپەرستانە و شۆڤێنیانەی بهێنێت و لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەری کێشەی کورد بکات، نەك ئەو سیاسەتە دوو فاقییەی ئێستای پارتی داد و گەشەپێدان پەیڕەوی دەکات، لەکاتێکدا وادە بە کورد دەدات کێشەکانی چارەسەر بکات پاشان بۆ رازیکردنی جەنەڕاڵەکانی تورکیا لە وادەکانی پەشیمان دەبێتەوە بۆیە پێویستە پارتی داد و گەشەپێدان گەر بەڕاستی دەیەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکات، پێویستە بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، چونکە خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەردەوامی دەبێت. خەبات و بەرخودانی کورد ئەمڕۆ یەکێك دەیکات سبەی رۆڵەیەکی شۆڕشگێڕی تری کوردستان بەڕێوەی دەبات و نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە دوای رووخانی ئیمپڕاتۆریەتی میدیا هەوڵدەدات دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکگرتووی هەبێت وەکو هەموو نەتەوەکانی تر خاوەنی کیانی

سەربەخۆی بێت، چونکە مافی خۆیەتی وەکو هەموو نەتەوەکانی سەر رووی ئەم زەمینە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا ئیدارەی خۆی بکات و لە خەبات و بەرخۆدان بەردەوام دەبێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە لە پارتێکەوە بۆ پارتێکی دیکە بۆ رزگاری کوردستان و گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو و دیموکرات.

* ئەم دیمانەیە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە (٣٦٧) لە ڕۆژی١٣/١٢/٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.

# شاخەوان خالید: مەبەستمانە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێنینە کایەوە

شاخەوان خالید و وتەبێژی لیستی ٥١ سەبارەت بەدوا ئامادەکارییەکانی لیستی ٥١ و هەڵوێست و ئاستی کارکردن و هەڵمەتی پڕوپاگەندەیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (میدیا) بە پێویستی زانی ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ئەنجامبدات.

**میدیا: هەڵبژاردنی کاندیدەکانتان لە لیستی ٥١ لەسەر چ بنەمایەک بوو؟**

کاندیدەکانی نێو لیستی ٥١ هەموو کەسایەتی نەتەوەیی وڵاتپارێزن، لە بزاڤی سیاسی باشووری کوردستان خاوەن ئەزموونن و بە تەمەنمان تێدایە و گەنجی زۆریشی تێدایە و بەشی هەرە زۆریان خاوەن بڕوانامەن و پسپۆڕن لە بوارە جیاجیاکان و خەڵکی تەکنۆکراتن و خاوەن کەسایەتی و رێزن لە نێو جەماوەر و هەموو کات خەمخۆری نەتەوەکەیان بووینە و بەشداری کارایان هەبووە لە شۆڕشەکان و راپەڕینی باشووری کوردستان، ئێمە وەکو لیستەکانی دیکە تەنیا بار قورساییمان نەخستۆتە سەر پارێزگایەك و یان شارێك یان ناوچەیەکی تایبەت و دیاریکراو لەکوردستان، بەڵکو کاندیدەکانی نێو لیستی ٥١ هی هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستانن هەموو پارێزگا و ناوچە و دەڤەرەکانی تێدایە، لەوە مەبەستمانە زۆرترین نوێنەری ناوچە و دەڤەرەکان بچنە پەرلەمان تاوەکو نوێنەرایەتی ناوچەکەیان بکەن و لە خزمەتی دەڤەرەکەیان بن، کاندیدەکانی لیستەکەمان لەناو جەماوەر و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و دانیشتنەکان و راگەیاندنەکان هەڵوێستی بوێر و ئازا و چاونەترسیان هەبووە و

سادە و خاکەرا بووینە لەگەڵ خەڵك و هەوڵیانداوە ئەوەی لە بەرژەوەندی خەڵك بووە ئەو بکەن بۆیە هەموو کات جێی متمانەی خەڵکی کوردستان بووینە.

**میدیا: زۆربەی لایەنەکان هاوپەیمانییەتیان کردووەو چوونە نێو لیستی هاوبەش، ئێوە بۆ هاوپەیمانییەتیتان لەگەڵ لایەنەکان نەکرد؟**

لەهەڵبژاردنەکان هەموو پارت و ڕێکخراوێك یا ئەوەتا بە لیستی سەربەخۆ یان لیستی هاوبەش لەگەڵ لایەنەکان بەشدار دەبێت و مەرج نییە لە هەموو هەڵبژاردنەکان بە لیستی هاوبەش بەشدار بن، ئێمە لە هەڵبژاردنی رابردوو چووینە نێو لیستی هاوبەش، بۆ ئەم هەڵبژاردنەش زۆر لایەن داوایان لێکردووین لیستی هاوبەشیان لەگەڵدا پێکبهێنین، بەڵام بڕیاری سەرکردایەتی و ئەندامانی یەکێتیمان YNDKئەوە بوو بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژدان بکەین، ئەوەش بە پشت بەستن بە ئەندامان و لایەنگرانی خۆمان و جەماوەری کوردستانە کە پاڵپشتی لیستی ٥١ دەکەن.

**میدیا: لیستەکەتان تا چەند بەرنامەکەی هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵك؟**

هەوڵدەدەین بچینەوە نێو پەرلەمان هەموو لایەنێك کە دەچێتە نێو پرۆسەی هەڵبژدان بۆ ئەوەیە دەنگ بهێنێ و بچێتە نێو پەرلەمان و بەشدار بێت لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات، پێوەرەکانی سەرکەوتنی لایەنە بەشداربووەکان لەوەدایە بەرنامەکەیان تا چەند خزمەتی خەڵك دەکات، لیستی ٥١ جگە لەوەی کاندیدەکانی کەسانی نیشتمانپەروەرن و خاوەن بەهرە و توانای بێ هاوتای خۆیانن، بەرنامەیەکی چڕوپڕمان بۆ هەڵبژاردن دارشتووە و هەموو خاڵەکانی نێو بەرنامەکە تەوەری هەستیارن و پەیوەندییان بە چاککردنی بوارەکانی ژیانی هاووڵاتییانی کوردستانەوە هەیە، واتا لە کوێ کەموکوڕی هەیە و دەستی

خزمەتگوزاری پێنەگەیشتووە، ئێمە خستومانەتە نێو بەرنامەکەمان بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خزمەتی جەماوەری کوردستان بکەین، لە ماوەی رابردووش ئێمە وەکو YNDK هەر لە رۆژی دامەزراندنەوە تاوەکو ئەمرۆ توانیومانە لە ئاست بەرپرسیاریەتی دابین و خزمەتی لایەنگرانمان و خەڵکی کوردستان بکەین و لەگەڵ هیچ وڵاتێکی ئەقلیمی پەیوەندیمان نییە و نەمانکردووە، چونکە ئەم پەیوەندییانە لەسەر ئاستی حزب و دەوڵەت زەرەر بە وڵاتەکان دەگەیەنێ، بۆیە بە شانازییەوە دەیڵێین پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی ئەقلیمی نەکردووە، چونکە نەماویستووە زەرەر بە میللەتەکەمان بگەیەنین.

کاندیدەکانی لیستی ٥١ رابردوویان خاوێنە و هەروا خاڵ و کلیلی سەرکەوتنی لایەنەکان لە هەڵبژاردن ئەوەیە پرۆسەکە بە خاوێنی بەرێوەبچێت، ساختە و فرت و فێڵی تێدا نەکرێت، ئومێد دەکەین هەمووومان لەو ئاستەدابین هەوڵبدەین هەڵبژاردنەکە خاوێن بێت، خاڵێکی تر ئەوەیە تۆ بەرنامەکەت بەهێز بێت ئیش و داخوازی خەڵکەکەتی تێدا بە جێ بگەینێ و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بچیتە نێو پرۆسەکەوە، باوەڕ و متمانەت بە خۆت و جەماوەرەکەت هەبێت و بەردەوام لە کارکردندا بیت، تا هەڵمەتی پرۆپاگەندە هەموو ئەم خاڵە بەهێزانەمان تێدایە و بەگیانێکی بەرزەوە رۆژانە بەردەوامین لەسەر پرۆپاگەندە و کارەکانمان زۆر بە باشی بەرێوە دەچن.

**میدیا: بەرنامەکەتان چی تێدایە بۆ ئەوەی لە نێو پەرلەمانی کوردستان بیخەنە ریزی پێشەوەی کارەکانتان رەوشی کوردستانی پێ بەرەو پێش بەرن؟**

بەرنامەی لیستی ٥١ بەشێوەیەکی نوێخوازی و پێشکەوتنخوازانە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان دارێژراوە، لە

دارشتنی بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی ٥١ هەموو ئەندام و لایەنگرانمان و سەرکردایەتی تێدا بەشدار بووە و رۆڵیان هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی بەرنامەکە و مەسەلەی بواری خزمەتگوزاری زیاتر و جیاکردنەوەی دەسەلاتی حکومەت لە حزب و نەهێشتنی گەندەڵی و جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژەی گەنجان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان لەبواری پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییەتی پەرەدانە بە بواری زانستی و رۆشنبیرییان و لە بەرنامەماندایە، هەروەها ئەو توندوتیژییانەی دەرهەق بە ئافرەتان دەکرێت، بۆ ئەوەی ئافرەتانیش وەکو پیاوان ببنە بەشێك لە گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی وڵاتەکەمان لە هەموو روێکەوە.

لیستی ٥١ مەبەستییەتی دادپەروەری کۆمەلایەتی بێتە کایەوە هەموو هاووڵاتییانی کوردستان یەکسان بن و بە یەك چاو تەماشای هەموو خەڵکی بکرێت و جیاوازییان لە نێواندا نەکرێت حکومەتی هەرێم حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستان بێت و بۆ هەموو لایەك وەکو یەك بێت. هەوڵدەدەین کێشەی نیشتەجێبوون لە پەرلەمانی داهاتوو چارەسەر بکەین، بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی زیاتر و هاوکاری خەڵك بکرێت بۆ دروست کردنی خانوو، خانەنشینان پێویستە زیاتر ئاوڕیان لێبدرێتەوە و بار و گوزەرانیان باشتر بکرێت و ناوەندەکانی زانکۆ دەسەلاتی حزبی بەسەرەوە نەمێنێت، تاوەکو ناوەندەکانی زانکۆ بە رۆڵی کارا و کاریگەری خۆیان هەڵبستن و ببنە ناوەندێکی راوەرگر و بەشدار لە دارشتنی سیاسەت و بەرنامەکانی وڵاتەکەمان، پێویستە رەوشی مامۆستایان و خوێندەڤانان باشتر بکرێت و پێداویستی و داخوازییەکانیان جێبەجێ بکەین، خاڵێکی تر کە بە لامانەوە گرنگە نابێ جیاوازی لەنێوان خانەوادەی شەهیدان بکرێت و پێویستە گرنگی زیاتریان پێبدرێت و جیاوازی لەنێوان شەهیدان نەکرێت بەوەی ئەوە شەهیدی هاووڵاتییە یان ئەوە شەهیدی

سەنگەرە، شەهید هەر شەهیدە و گیانی خۆی لە پێناو خاك و وڵاتەکەی بەخشکردووە، پێویستە بە یەك چاو تەماشای شەهیدان بکرێت و ئاوڕی زیاتر لە خانەوادەکانیان بدرێتەوە و زیاتر خزمەت بکرێن.

**میدیا: لەبەرنامەی هەڵبژاردنتان باس لە گەندەڵی دەکەن و میکانیزمتان چییە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە؟**

دیاردەی گەندەڵی بەرۆکی هەموو لایەکمانی گرتووە و هەمووومان لێی بێزارین و دەمانەوێ نەمێنێت بەڵام بەچی؟ پێویستە بۆ ئەم دیاردەیە بەرنامە و میکانیزمێکی دیاریکراوی بۆ دابنرێت لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەم مەسەلەیە پێکبهێنرێت وەکو دەستەی نەزاهەی سەربەخۆ کار بکات، نابێ سەر بەهیچ لایەنێك بێت، چونکە هەر لایەنێك دەست بخاتە کارەکانی ناتوانێ بەکاری خۆی هەڵبستێت، ئەم دەستەیە دەبێ هێزی یاسای لە پشت بێت لە هەر شوێنێك کەموکوڕی ببینێت لێی بکۆڵێتەوە و بڕیارەکانی بنبڕبن و راستەوخۆ و یەکسەر جێبەجێبکرێت، ئینجا ئەو کەسەی بڕیارەکەی لەسەر دەدرێت لە هەر ئاستێك بێت، هەروەها دەستەی چاودێری داراییش وەکو ئەو لیژنەیە بەکاری خۆی هەڵبستێت و چاودێری وەزارەتەکان بکات و لێنەگەڕێ گەندەڵی بکرێت، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە بەڕێوەبەر و بەرپرسەکانی دەزگاکانی حکومەت لەسەر بنەمای حزبی دانەنرێن، بەڵکو لەسەر بنەمای توانا و لێزانی دابنرێن، لە هەندێ دەزگا بەرپرس هەیە لە بوارێك پسپۆڕە لە بوارێکی دیکە دانراوە ئەمە نابێ، پێویستە هەر کەسەی لە چ بوارێك پسپۆڕی هەیە لەم بوارە دابنرێت، یەکێك دەناسم دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵە لە هۆبەی هاتوو دەرچووی فەرمانگەیەکی دیکە کە هیچ پەیوەندی بە کشتوکاڵەوە نییە دانراوە، بۆیە پێوستە کار بە بنەمای " کەسی شیاو لە

شوێنی شیاو" بکرێت، بەم میکانیزمە دەتوانین پێش لە گەندەڵی بگرین و بنبڕی بکەین.

**میدیا: لێکردنەوەی پۆستەر و وێنەی کاندیدەکان بۆتە دیاردە، هی لیستی ٥١یش لێدەکرێتەوە؟**

دیاردەی لێکردنەوەی پۆستەرات دیاردەیەکی ناشرینی ناشارستانییە و پرۆسەی هەڵبژاردن لە ناوەوە و دەرەوە لەکەدار دەکات و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر پاکو خاوێنی هەڵبژاردنەکە دەکات، بۆیە پێویستە بە زووترین کات بەری لێبگیرێت، هی ئێمەش لە هەموو پارێزگاکان و شار و شارۆچکە و گوند و دێهاتەکان لێدەکرێتەوە، ئەمڕۆ پۆستەر هەڵدەواسین بۆ بەیانی لێی دەکەنەوە، کۆمسیۆنمان لەم بارەیەوە ئاگادار کردۆتەوە و پێویستە حکومەتیش لەم رووەوە رێکاری هەبێت.

**میدیا: ئازادی رادەربڕین و پشتگیری نووسەران لەنێو بەرنامەکەتان جێگەی هەیە؟**

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسییەت ئازادی رادەربڕینە، لە بەرنامەی لیستی ٥١ پانتاییەکی باشی پێدراوە بە هەموو لایەکمان هەوڵبدەین ئازادییەکانی نووسین و رۆژنامەگەری لە باشووری کوردستان زیاتر فەراهەم ببێت و ئێمە هەر لە رۆژی دامەزراندنەوە هاوکار و پاڵپشتی نووسەران بووینە و بەشی هەرە زۆری هەڤاڵانمان دەستی نووسینیان هەیە و رۆژنامەنووسن، لە رێگای رۆژنامەی میدیا و بڵاوکراوەکانی تری YNDK بەسەدان رۆژنامەنووس و نووسەر پێگەیاندراون و ئێستا هەندێکیان دەزگای زۆر گرنگی رۆژنامەنووسی بەرێوە دەبن، جگە لەوەی راگەیاندنمان بەسەدان پەرتووکی بۆ رۆشنبیران و نووسەران بە چاپ گەیاندووە و بوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی

کتێبخانەی نەتەوەیی کوردیمان، ئێمە پڕۆژەی باشمان بۆ رۆشنبیران و نووسەران ئامادە کردووە، بۆ ئەوەی لە داهاتوو زیاتر پاڵپشتیان بین لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیان و بە چاپگەیاندنی کتێبەکانیان، چونکە هەر کەسێ بێت لە دەرەوە بیەوێ شارەزای کەلتوورمان بێت یەکسەر دەچێتە کتێبخانەکانمان لەوێ دەتوانێ شارەزای کەلتوور و مێژوومان بێت.

**میدیا: ئەم هەڵبژاردنە چ جۆرە گۆڕانگارییەک لەکۆمەڵگەکەمان دروست دەکات و ئایا کوردستان بەرەو ئاقارێکی باشتر دەبات؟**

هەڵبژاردن دیاردەیەکی دیموکراسییە وڵات پێیەوە پێش دەکەوێت، بەهۆی ئەوەی خەڵکی نوێ و بە توانای دیکە دێنە ناو دەزگا هەڵبژێردراوەکان و ئێمە چەند ئەزموونێکی هەڵبژاردنمان هەیە، بەڵام هەتا ئێستا هەیە بەهۆی میزاج و دامەزراندنەوە دەهێندرێنەوە نێو دەسەڵات، بێ ئەوەی بتوانن کارێك راپەڕێنن و گۆڕانکارییەك دروست بکەن، ئێمە دەبێ خەڵکی بە توانا و لێهاتوو بهێنینە پێش و خەڵکیش راستەوخۆ ئەو کەسانە هەڵبژێری کە خەمخۆرییانن، لە رابردوو هەموو هەوڵ و کاریان بۆ ئەوان بووە و خزمەتیان کردوونە، بۆیە ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دیکە جیاوازی دەبێت بەوەی خەڵك زیاتر چاوی کراوەتەوە و دەزانێ لە ماوەی رابردوو کێ خزمەتی کردووە، هەڵوێستی لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکان هەبووە یان نا، سەردەمی ئەمڕۆ گۆڕاوە ژمارەی لیستەکان زیاترن لیستی جیاواز هەیە ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی لە لیستێك کۆبوونەتەوە ئەوە جیاوازییە لە هەڵبژاردنەکانی دیکە ئەم دیاردانە نەبوون پاشان نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوی نێودەوڵەتی زیاتر چاودێری پڕۆسەکە دەکەن، ئەمانە هەمووی جیاوازن و بە هۆیەوە لیستی زیاتر دەچێتە نێو پەرلەمان و چەندەی زیاتر دەچێتە نێو پەرلەمان و چەندەی زیاتر لیستەکان بچنە پەرلەمان

جموجۆڵ لەنێو پەرلەمان زیاتر دەبێت ئەمجارە لەجیاتی ئەوەی لە١١١ پەرلەمانتار کە تەنیا ١١ یان قسەو گفتوگۆیان دەکرد ژمارەی قسەکەران زیاتر دەبێت و بۆیە وادەبینرێت ئەم پەرلەمانەی ئەمجارە زیندووتر بێت و زیاتر کار بکات، ئەمەش گۆڕانکارییە و بەهۆیەوە پەرلەمان زیاتر کار بکات و خزمەتی زیاتر پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکات.

**میدیا: ئاستی بەشداری خەڵک چۆن دەبینن لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئایا لەم هەڵبژاردنە و دەنگدەران زۆر دەچنە سەر سندوقی دەنگدان یان کەم دەبن؟**

بەهۆی ئەوەی خەڵك حەز دەکات وڵاتەکەی زیاتر پێشبکەوێ و گۆڕانکاری نەك تەنیا هەر لە دەم و چاوەکان ببێت، بەڵکو پێی خۆشە خەڵکی بە تواناتر بچێتە پەرلەمان و نوێنەرایەتی راستەقینەی ئەوان بن، هەستدەکرێت ژمارەی دەنگدەران زۆر بن، ئەوەی تێبینی کرا لە ماوەی قۆناخی تۆمارکردنی دەنگدەران نزیکەی ملیۆنێك و نیو خەڵك لە کۆی دوو ملیۆن و نیو دەنگدەر چوون بۆ تۆمارکردنی ناوەکانیان، ئەمە ئەوە نیشان دەدات خەڵك پەرۆشی هەڵبژاردنە، بۆیە ژمارەی دەنگدەران زۆر دەبن ئەمەش زیندوویەتی پەرلەمان زیاتر دەکات و ئەوانەی دەچنە نێو پەرلەمان زیاتر دەبنە خەمخۆر بۆ ئەو خەڵکەکە دەنگیان پێدەدات.

**میدیا: دروشم و بەرنامەی خزمەتکردنتان چییە؟ دەرەنجامی ئەو دروشمانەتان چییە، ئەو کاتەی بچنە پەرلەمان جێبەجێیان دەکەن یان ئێوەش وەکو لیستەکان و هەلبژاردنەکانی پێشوو کەدەچنە پەرلەمان دروشمەکانتان بیر دەچێتەوە؟**

بەرنامەی لیستی ٥١ بەرنامەی هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆ خزمەتی ئەوانە ئەو کاتەی ئەو بەرنامەمان دارِشت هەموو لایەنەکانمان خستە بەرچاو ئەوانەی کراوە و ئەوانەی نەکراوە تەماشامان کرد خەڵك لە چ رووێکەوە کەموکورِی هەیە، هەموو ئەوانەمان خستە نێو بەرنامەکان بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەین، چونکە سەرەرِای ئەوانەی کراون، بەڵام هێشتا زۆر بوار ماوە دەکرێ کاری لەسەر بکەین لە رِووی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و هاوکاریکردنی خەڵکی بێ دەرامەت و دەست کورت و پەککەوتە و نابینا و کرێچی و خانەنشینان و چەندین بواری دیکە دەکرێ لە پەرلەمانی داهاتوو بە هەموو لایەك کاری لەسەر بکەین. خەڵکی پێ شاد بکەین و ژیانێکی باشیان بۆ فەراهەم بکەین، هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکمان بە وردی تاوتوێ کردووە هیچ لایەنێك و چینێکمان پەراوێز نەخستووە، بەرنامەکەی لیستی ٥١ لە رِووی سیاسی و نەتەوەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و رۆشنبیری لەخۆ دەگرێت گەرەکمانە لە هەموو ئەو بوارانە پەرە بە کوردستان بدەین، ئەوەی نەکراوە بۆ خەڵکی کوردستان بکەین، پێویستە ئاورِی زیاتر لە خەڵکی بدرێتەوە جەماوەری کوردستان هۆکاری بەدیهاتنی ئەم دەستکەوتانەن و هەر ئەوانیش پارێزەری ئەم دەستکەوتانەن، ئێمە بە جەماوەری خۆمانەوە سەر بەرزین خزمەتکردنیان سەرفرازمان دەکات. لە خەڵکی خۆمان رازین رۆژانە خەڵك دێن سەردانی بارەگاکانمان دەکەن، پەیمانی پاڵپشت و دەنگدان بە لیستی ٥١ دەدەن، ئەوە مانای ئەوەیە خەڵك لە لیستی ئێمە رازییە و دەیەوێ کاندیدەکانی لیستی ٥١ ببنە نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان، ئێمەش ئەو بەرپرسیاریەتیە بە شانازییەوە دەخەینە ئەستۆی خۆمان و لە پەرلەمانی داهاتوو زیاتر خزمەتیان دەکەین.

**میدیا: واتا ئەوانەی دەیڵێن تەنیا دروشم نییە بۆ پڕوپاگەندە بەکاری بهێنن، مەبەستتان خزمەتکردنی دەنگدەران و خەڵکی کوردستانە بەگشتی؟**

نەخێر ئێمە وا پەروەردەکراوین ئەوەی دەیڵێین ئەوەش دەکەین، قسە و کردارمان یەکە، رابردووی ئێمە شایەدی ئەوە دەدات لەماوەی رابردوو ئەوەی وتوومانە هەر ئەویشمان کردووە، باوەڕمان ئەوە نییە دروشم بەسەر خەڵکی خۆمان بفرۆشین، ئێمە دروشم فرۆش نین، ئەوەی دروشمانە هەر ئەوەش کارمانە، بۆیە هەموو ئەوانەی لە نێو بەرنامەی لیستی ٥١ هاتووە لەکاتی چوونمان بۆ پەرلەمانی کوردستان کار بۆ هەموویان دەکەین و بەهۆیەوە هەوڵدەدەین زۆرترین خزمەت بە خەڵکی خۆمان بگەیەنین.

**میدیا: تا چەند قبووڵی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکەن؟**

ئێمە دەرەنجامی هەڵبژاردن هەر چۆنێك بێت قبووڵمانە، چۆن پێمان خۆشە کورسی بەدەستبهێنین بەم شێویەش دەبێ قبووڵمان بێت لیستی تر کورسی بهێنێت و دەچنە نێو پەرلەمان، بەڵام گرنگ ئەوەیە ساختە و فێڵ نەکرێت و پێویستە خەڵك ئازادانە و بەنهێنی دەنگی خۆیان بدەن بەو لیستەی کە دەیانەوێت، دەنگدەران نابێت هیچ هەڕەشەیەکیان لەسەر بێت، پێویستە ئاسانکارییان بۆ بکرێت تا بتوانن بەرێکوپێکی بەشداری پڕۆسەکە بکەن و دەنگی خۆیان بدەن، چەندەی پڕۆسەکە پاکوخاوێن بێت هێندە هەڵبژاردنەکە شەرعییەتی زیاتر دەبێت.

**میدیا: دوا پەیامتان لەسەر هەڵبژاردن و کاندیدەکانت چیە؟**

زۆر سوپاسی رۆژنامەی میدیا دەکەین کە هاوکارمانە لە هەڵمەتی پڕوپاگەندە و دستخۆشی و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و سوپاسی هەموو ئەندامان و خەڵکی خۆبەخش دەکەین کە بە لێشاو هاتوونەتە ریزی لیستی ٥١، کاری

بێ بەرامبەر بۆ ئەو لیستە دەکەن و سوپاسی هەموو خەڵك دەکەین کە متمانەمان پێدەدەن و دەمانکەنە نوێنەری خۆیان لە پەرلەمانی کوردستان و پەیمانیان پێدەدەین کە خەمخۆری ئەوانین و هەموو کات کار لەسەر بەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی ئەوان بکەین بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت و خزمەتگوزارییان پێشکەش بکەین.

* ئەم دیمانەیە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە(٣٩٥) لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٧ بڵاوکراوەتەوە.

**شاخەوان خالید کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK:**

# کۆنگرەی نەتەوەیی لە دژی هیچ لایەنێک و دەوڵەتێک نییە بۆچی لە بەستنی بترسێین

شاخەوان خالید کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ میدیا، تیشك دەخاتە سەر پرسی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و سەبارەت بە هۆکاری دواخستنی ئەم کۆنگرەیە و پەیام و ئارمانجەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی و کاریگەرییەکانی لە سەر رەوتی بزاڤی سیاسی و نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و کۆمەڵێك رەهەندی گرنگ و هەستیار وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**میدیا: دەمێکە باس لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی لە باشووری کوردستان دەکرێت، هۆکارەکانی نەبەستنی ئەم کۆنگرەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

کۆنگرەی نەتەوەیی بڕیاری سیاسی کوردە نابێ بەلایەنە دەرەکییەکانەوە ببەسترێتەوە، ماوەیەکی زۆرە باس لە بەستنی دەکرێت و چەندین جار وادەکەیان درێژکردەوە، بۆ بەستنی ئەم کۆنگرەیە پێویستمان بە بڕیارێکی سیاسی بوێرانە هەیە، خۆمان بڕیار لەسەر بەستنی بدەین چاوەڕێی ڕێپێدانی ئەم لاوئەولا نەکەین، ئەو کۆنگرەیە پەیوەندی بە چارەنووسی کورد هەیە، بۆیە هەر کورد دەتوانێ بڕیاری لەسەر بدات کە لە چ وەختێك دەکرێت، دواخستنی هۆکاری سیاسی لە پشتەوەیە و کورد حیسابی بەرژەوەندی نەتەوە سەردەستەکانی کردووە، بەڵام تا ئێستا نەتەوەکانی سەردەستی وەکو عەرەب و فارس و تورك حیسابی بەرژەوەندی کوردییان نەکردووە، بەڵکو هەموو کات بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاریانهێناوە، ئێمە هەر هەنگاوێ بنێین حیساب بۆ

وڵاتانی ئەقلیمی و ناوچەیی دەکەین و ئەوانیش هەر لێمان ناڕازین و نکوڵی لە مافەکانمان دەکەن، بەد بەختی ئێمە لەوەدایە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی تایبەت بە چارەنووسی خۆمان دەڵێین وڵاتانی ئەقلیمی چەندە لەم هەنگاوەی ئێمە رازییە، لەبەر ئەو هۆیانەوەیە ئێمە بەژێر دەستی ماوینەتەوە خۆمان بە بچووك و دوژمن بە گەورە تەماشا دەکەین، پێویستە لەم رووەوە کورد بڕیاری خۆی هەبێت کاتی بەستنی کۆنگرەکە دیاری بکرێت و لەبەر خاتری هیچ کەسێك کۆنگرەکە دوا نەخات، خاڵێکی دیکە کە بووەتە هۆی دواخستنی کۆنگرەکە پەرت و بڵاوی بزاڤی سیاسی و نەتەوەیی کوردستانە، هەتا ئێستا بەهۆی سیاسەتی داگیرکەران کوردستان چۆن خاکەکەی پارچە پارچەکراوە بە هەمان شێوە هێز و لایەن و پارتەکانیشی پارچە کراون و پەرش و بڵاوین و کۆك نین و بە بەردەوامی ناکۆکی لە نێوان هێز و لایەنەکان هەبووە لە رووی ئایدیۆلۆژیا و شێوازی کارکردن و خەباتیان، تەنانەت لە بەشێکی دیاریکراوی کوردستانیش پارت و لایەنەکان کۆك نەبووینە ئەمەش دەستی داگیرکەرانی لە پشت بووە، بە پیلانی ئەوان ئەم ناکۆکییانە سەریان هەڵداوە و بوونەتە هۆی ئەوەی کورد کۆك نەبن و یەکڕیزیان دووچاری لێکترازان بێت و بە بەردەوامی هەوڵی لەناوبردنی یەکتر بدەین و خاڵێکی دیکە ئەوەیە هێزە سیاسییەکان هەندێکیان خۆیان بە برا گەورە دەزانن و دەیانەوێ کاری لەم جۆرە تەنیا بەڕاو و بۆچوون و بیرکردنەوەی ئەوان بێت، ئەمەش هەڵەیە ئەوە کۆنگرەی نەتەوەییە هەر لایەنەی پێویستە راو بۆچوونەکانی بێ خۆسەپاندن لەسەر ئەوانی دیکە بخاتەڕوو هەموو لایەك تیایدا ئازادانە قسە بکات، رایەکانی بگەیەنێتە لایەنەکانی دیکە و هەموو بۆ بەرژەوەندی نەتەوەییمان بێت، لە هەمان کاتیش هەندێ لایەن هەن ئەوەندی رەچاوی بەرژەوەندی حزبی خۆیان دەکەن ئەوەندە

ڕەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد ناکەن، ئەوەش بۆتە هۆی دواخستنی ئەم کۆنگرەیە، دستێوەردانی ئەقلیمی لەم کاروبارانە هۆکارێکن بۆداخستنی ئەم کۆنگرەیە، ئێمە لە YNDK زۆر لەمێژە بانگی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەین، پێمان وایە بەم کۆنگرەیە دەتوانین ماڵی کورد ڕێك بخەینەوە و گوتاری سیاسی کورد یەکخەین، وەکو نەتەوەیەکی خاك داگیرکراو و دابەشکراو و دزراو، با یەکگرتوو بین و ریزەکانمان یەکخەینەوە هەنگاو بەرەو ئازادی نەتەوەیی بنێنین و تیایدا تاکتیك و ستراتیژی نەتەوەییمان دابڕێژین، بە تایبەت ئێمە لە قۆناخی رزگاریخوازی نەتەوەیین، پێویستمان بەوەیە بەرنامەمان هەبێ بۆ خەبات و کاری داهاتوومان بەتایبەت ئێستا ڕەهەندە سیاسییەکانی دونیا گۆڕاون و سەردەمێکی دیکە هاتۆتە ئاراوە، پێویستی بەخوێندنەوەی نوێ هەیە ئێمەش پێویستە وەك نەتەوەیەکی زیاتر لە ٧٠ ملیۆنی سوود لە گۆڕانگارییەکانی جیهان وەرگرین بە قازانج بۆ نەتەوەکەمان بیگەڕێنینەوە هۆکارەکانی بەشێوازێکی دیکە کەبوونەتە هۆی دواخستنی ئەم کۆنگرەیە هەندێکی پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە و هەندێکی پەیوەندی بەوڵاتانی ئەقیلمی هەیە، بەتایبەت بەشێك لە حزبەکان هەندێکیان پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەقیلمی هەیە و ناتوانن هەنگاوی لەم جۆرە بنێن و تەنانەت لەکاتی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی سەرتاسەری لەم جۆرە مەزندە دەکرێت هەندێ لایەن ناتوانن بەشداری بکەن بەهۆی ئەم پەیوەندییانەیان، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم جۆرە بڕیارە سیاسییانە خۆمان تێیدا بڕیاردەربین ئەگەر بمانەوێ ڕەچاوی بەرژەوەندی وڵاتانی ئەقیلمی بکەین، ئەوان هیچ وەختێك رازی نین هەنگاوی لەم جۆرە لەلایەن کوردەوە بنرێت و چاك دەزانن کۆنگرەی لەم جۆرە دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاد بەخۆدا چوونەوە و چارەسەرکردنی کێماسییەکانی بەردەم خەباتی

نەتەوەییمان و هۆکارێك دەبیت بۆ دارِشتنەوەی خەباتی نەتەوەییمان و یەکخستنی گوتاری سیاسی- نەتەوەیی کورد، زۆر پێویستە بەزووترین ئەم کۆنگرەیە ببەسترێت، ئەمەش خواستی زۆربەی پارت و لایەنە کوردستانییەکان و کەسایەتی ولآتپارێزانی کوردستانە، ئەمە هەر لە ئێستادا نا ئەمە خەونی چەندین ساڵەیە، ئەمرۆ قسە و باسی بەستنی لێدەکرێت، بەڵام بەداخەوە ناخرێتە بواری جێبەجێکردن بەهۆی رێگرییەکانی بەردەمی، بەم قۆناخەی ئەمرِۆی کوردستان پێیدا تێپەرِدەبێت لێمان دەخوازێت بە پەلە ئەم کۆنگرەیە ببەستین و ئامادەین هەموو ئاسانکارییەك بۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیە بکەین.

**میدیا: لایەن و پارت و کەسایەتییانە لەم کۆنگرەیە لە کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستە ئامادە بن کێن و ئایا لایەن و کەسایەتی هەموو بەشەکانی کوردستان بەشداریان پێدەکرێت؟**

کۆنگرەی نەتەوەیی هەر لە ناوەکەی خۆیەوە دیارە پێویستە هەموو هێز و لایەنە کوردستانییەکان تیایدا بەشداربن، هەموو لایەنە کوردییەکان تێیدا بەشدار نەبن پێی ناوترێ کۆنگرەی نەتەوەیی، بۆیە نابێ ڤیتۆ لەسەر هیچ لایەنێك بەکاربهێنێرت بۆ رێگرتن لە بەشداریکردنی لایەنەکان، ئێمە لەYNDK لەگەڵ بەکارهێنانی ڤیتۆ نین لەدژی هیچ لایەنێکی کوردستانی و پێویستە نوێنەرانی هەموو پارت و لایەنە و رۆشنبیران و کەسایەتی و ولآتپارێزانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەشدار بن، بەهۆی بەرژەوەندی ئەقلیمی نابێ هیچ لایەنێك و کەسێك لەم کۆنگرەیە دوور بخرێتەوە، ئێمە هەتا ئێستا بەرژەوەندی ولآتانی ئەقلیمی و زلهێزانمان رەچاو کردووە، لەمەوداو پێویستە رەچاوی بارودۆخی داگیرکراو و دابەشکراوی کوردستان بکەین ولآتانی ئەقلیمی کاتێ کۆبوونەوە و کۆنگرە دەکەن هیچ

حیسابێك بۆ ئێمە ناكەن و هەموو كات كۆكن و كۆبوونەوە لە دژی ئێمە دەكەن، باشە ئەم كۆنگرەیەی ئێمە لەدژی هیچ لایەنێك و دەوڵەتێك نییە بۆچی لە بەستنی بترسێین بۆچی وڵاتانی ئەقلیمی لێی دەترسن.
هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نایانەوێ كورد یەكگرتوو بێت كۆنگرەی لەم جۆرە ببەستێت، لەبەر ئەوە با بۆ جارێكیش بێت رەچاوی بەرژەوەندی ناوچەیی و ئەقلیمی نەخەینە سەر بەرژەوەندی نەتەوەییمان، با ئێمەش سیاسەتی راست و دروست پەیڕەو بكەین و بەرژەوەندییە نەتەوەییەكانمان بخەینە سەر هەموو پەیوەندەییە ناوچەیی و ئەقلیمییەكان، بۆیە پێویستە ئێمەش لەمەودوا بەرژەوەندی خۆمان بخەینە پێش بەرژەوەندی هەموو لایەك، وابكەین هەموو وڵاتان بەرژەوەندییان بخەنە نێو بەرژەوەندەی ئێمە بۆ خۆیان بەكار بهێنن.
میدیا: بەستنی ئەم كۆنگرەیە بۆچی دەبێت و پەیام و ئارمانجی كۆنگرەكە چی بێت، بەگشتی ئەم كۆنگرەیە بۆ یەكخستنی ئیرادەی كوردە یان لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی ئیرادەی كوردە، رای بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟
ئەو ئێرادەیە هەیە بۆ بەستنی كۆنگرەی نەتەوەیی پێویستە ئەم ئێرادەیە لە ئەرزی واقیع بخرێتە واری كردییەوە دوای ئەوەی هەموو ئامادەكارییەكی بۆ كرا بەهۆی ناكۆكی و دەستی دەرەكی كارەكانی كۆنگرەی نەتەوەیی پەكخرا، وڵاتانی ئەقلیمی ئەگەر لە هیچ مەسەلەیەك كۆك نەبن، لەگەڵ یەكتری كۆكن لەسەر دژایەتیكردنی مافەكانی كورد با ئێمەش بۆ جارێكیش بێت كۆك بین و لە كۆنگرەیەكی نەتەوەیی كۆببینەوە و باس لە كێماسی و كەموكوڕییەكانمان بكەین و تاكتێك و ستراتیژ بۆ هەنگاوی داهاتووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و دپلۆماسی كوردی بنێین و بەرژەوەندییە نەتەوەییەكانمان لە هەموو رووێكەوە بخەینەڕوو، بەرنامەیەكی چڕوپڕ لە قۆناخی ئێستا

دابڕێژین و زۆر گرنگە کۆنگرەیەك ببەستین تیایدا ئاسایشی نەتەوەیی کوردیمان پێی بپارێزین، ئەو کرانەوەیەی وڵاتانی ئەقلیمی تەنیا بۆ رازیکردنی رای گشتیی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە ئەگەرنا ئەوەندە مافە نادەن کە کورد بڵی بە مافە نەتەوەییەکانم گەیشتووم، لەسەرەوە بۆ راگەیاندن دەڵێن مافیان پێدەدەن لە ژێرەوە ماف پێشێل دەکەن، ئێرادەی کورد دەبێ لەم کۆنگرەیە بەڕاشکاوانە هەمووی بخرێتە گەڕ و پێشنیار دەکەم کۆنگرە لە ژێر دروشمی کوردستان خاکێکی داگیرکراوە و دابەشکراوە و دزراو، دەست بە کارەکانی بکاتەوە رەچاوی ئەوە بکرێت و تاوتوێی رەوشی سیاسی هەموو بەشەکانی کوردستان پێکرا بکرێت، لە ژێر رۆشنایی ئەم تاوتوێ کردنانە بۆ هەر بەشەی بەرەچاوکردنی بارودۆخەکەی بەرنامەی بۆ کار و خەباتی دابنرێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە لەو کۆنگرەیە کورد سەربەخۆیی بکاتە ستراتیژ و بەرنامەی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ڕووی راگەیاندنەوە بە بەردەوامی ببێتە وانەی هەموو لایەك و نەتەوەکانمانی پێی وشیار بکەینەوە، لە هەمان کاتدا ناکۆکی و جیاوازییە فکرییەکانمان بەلاوە بنێین و هەموو هزر و ئایۆلۆژیایەکمان بخەینە خزمەت دۆزی نەتەوەییمان، بەرژەوەندی حزبی بە بەرگێکی کوردانە مامەڵە لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکان بکەین، ئەو پەیوەندییانە نەهێڵین کە گوماناوین و زەرەر بە بەرژەوەندی نەتەوەییمان دەگەیەنن و پێویستە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کورد بێت، ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ ببێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ خەباتی داهاتووی نەتەوەییمان و دەتوانین سوودی زۆری لێوەوەربگرین و بیکەینە وێستگەی بەخۆداچوونەوە و ئاشتبوونەوەی ئەو لایەنە کوردییانەی لەگەڵ یەکتری ناکۆکن و وا بەکەین لەم کۆنگرەیە ئاسایشی نەتەوەییمان لە هەموو رووێکەوە هەڵبسەنگێنین لە کوێ

مەترسی لەسەر هەبێت کار و بەرنامەی بۆ دابنێین، پێویستە بە بەرگێکی کوردانە بچینە نێو ئەم کۆنگرەیە و بەرگی حزبایەتی فڕێ بدەین بەو واتایەی رەچاوی بەرژەوەندی حزبی نەکەین و بەلاوەی بنێین و با لەم کۆنگرەیە بتوانین سوود و قازانجی بە نەتەوەکەمان بگەیەنین بەم شێوەیە دەتوانین کۆنگرەیەك بکەین بەحەق کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی کوردستانی بێت، ئەمەش وادەکات پێ بنێینە قۆناغێکی تری خەبات و بەرە و ئاسۆیەکی روون و گەش هەنگاو بنێنین.

* ئەم دیمانەیە لە رۆژنامەی میدیا ژمارە(٤٢٣) لە ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٩ بڵاوکراوەتەوە.

# بەیاننامەکان

# رزگارکردنی کۆبانێ سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستانە

- جەماوەری دڵسۆزی کوردستان...
- قارەمان و وڵاتپارێزەکانی کوردستان...

دوای"١٣٤"، رۆژ لەبەرخۆدان و بەرگریکردنی یەکینەکانی پاراستنی گەل "YPG" و هێزەکانی پاراستنی ژن"YPJ" و " پێشمەرگە" دژ بە تیرۆریستانی داعش، کانتۆنی کۆبانێ بەتەواوی لەو چەتانە پاککرایەوە و مۆژدەی سەرکەوتن بەسەر دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بەخوێنی پۆڵێك شەهیدی نەمر و سەربەرز بەهەموو کوردستانیان راگەیەنرا و مەشخەلی سەرکەوتن لەسەر کۆبانێ دانرا.

ئازادکردنی کۆبانێ بووە سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستان بەسەر ئەو گروپ و تاقمانەی بەفیتی وڵاتانی داگیرکەر، هەموو کات هەوڵی داگیرکردنی کوردستان دەدەن، ئەم سەرکەوتنە لەکۆبانێ وانەیەکی مێژوویی و گرنگە بۆ ئێمەی کوردستانیان و تێکڕای گەلانی ناوچەکە کە ئیرادەی ئازادی، سەرکەوتنی مەزن مسۆگەر دەکات و کۆبانێ وایکرد کە کوردستانیانی هەموو بەشەکانی کوردستان لەیەک سەنگەردا بەئامانجی پاراستنی دەستکەوتەکان و رزگارکردنی خاك و وڵات خەبات بکەن.

ئەم بارودۆخەی ناوچەکە و بەتایبەتی کوردستاندا تێیکەوتوو، لەهەمانکاتدا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمان و بۆ ئەوەی لەم بارودۆخەدا خاوەن پرۆژە و بڕیاری مەزن بین، پێویستە بەزووترین کات، سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان هەوڵی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و داڕشتنی

ستراتیژیەتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بدەن بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لەهەموو شوێنەکان سەرکەوتن و ئازادکردنی وڵات رابگەیەنێ.

ئێمە وەک YNDK سەری رێز و نەوازش لەبەردەم شەهیدانی رێگای ئازادیخوازی گەلی کوردستان دادەنوێنین و ئەم سەرکەوتنە مەزنەی هێزەکانی کوردستان لەئازادکردنی کۆبانێ لەخانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و هەموو گەلی کوردستان پیرۆز دەکەین, ئەم سەرکەوتنە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و رەنج و ماندوبوونی پێشمەرگەو شەرڤانان و هەموو کوردستانیانە کە ئەمرۆ تاجی ئازادییان لەسەر کۆبانێ و کوردستان بەگشتی دانا و گەلەکەشمانیان لەبەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی لەچاوەڕوانی دەرهێنا و بۆ هەموو جیهانمان سەلماند کورد زیندووە و هیچ کاتێکیش دەست لەمافەرەواکانی خۆی و ئازادی هەڵناگرێت و پارێزەری کەرامەتی مرۆڤایەتییە لەکۆبانی و شنگال و مەخموور و جەلەولاو هەموو شوێنەکانی دیکەی بەرەی جەنگ لەدژی دڕندەو تیرۆریست و چەتەکانی داعش.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی سوپاسی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و هەموو کوردستانیان بکەین کەبەشدارییان لە ناردنی پێشمەرگە بۆ کۆبانی کرد و سەلماندیان پارێزەری کوردن لەهەموو بەشەکانی کوردستان و سوپاسی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان و هەموو دەوڵەتانی بەشدار لەمووشەکبارانکردنی داعش بکەین، کەهاوکاری گەلی کوردستانیان کرد بۆ سەرکەوتنی پێشمەرگە و شەرڤانان بەسەر تیرۆریستانی داعش و پەیتا پەیتا بەهاوکاری ئەوان گەلی کوردستان سەرکەوتنی زیاتر و یەکجارەکی بەسەر چەتەکانی داعش رادەگەیەنێ.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی کۆبانێ و گشت شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

-مردن و ڕووڕەشی بۆ داعش و گشت تیرۆریستان.

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

YNDK

**٢٠١٥-١-٢٧**

**باشووری کوردستان - هەولێر**

# تەقینەوەکەی شارۆچکەی عەینکاوە هەوڵێکی ترسنۆکانەی تیرۆریستانە

- جەماوەری شاری هەولێر...
- وڵاتپارێزانی کوردستان...

ئێوارەی رۆژی هەینی ٢٠١٥/٤/١٧ تیرۆریستان لەرێگەی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراو لە شارۆچکەی عەینکاوە، لەنێوان بنکەی پۆلیسی عەینکاوە و بارەگای کونسوڵخانەی ئەمریکی، لە پێش کافتریای (نیلی) لەهەوڵێکی ترسنۆکانە و کارێکی تیرۆریستییانە هەوڵی تێکدانی باری ئاسایشی هەولێری پایتەختی کوردستانیانداو، لە ئەنجامدا بووە هۆی شەهیدبوون و برینداربوونی ژمارەیەك هاووڵاتی.

ئێمە لە YNDK لەکاتێکدا ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستیە دەکەین، هاوکات بەهەوڵێکی ترسنۆکانەی داعش و دوژمنانی کوردستانی دەزانین، بۆ تێکدانی باری ئاسایشی باشووری کوردستان، ئەم هەوڵانەی تیرۆریستان هاوکات بەڵگەی شکستخواردن و دۆڕانیانە بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگە و خۆڕاگریی جەماوەری نیشتمانپەروەری کوردستان، ئەم کارە قێزەوەنەی دوژمنان وەک هەر تاوانێکی دیکەی تیرۆریستییان، کار لەئیرادەی خەڵکی کوردستان ناکات بۆ درێژەدان بەئاشتی و دیموکراسی و پێکەوەژیان، بەپێچەوانەوە دەبێتە مایەی زیاتر قوڵکردنەوەی گیانی تەبایی و پێکەوەژیانی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان و ورەوهێزی زیاترمان پێدەبەخشێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و تێکشاندنی بەرەی تیرۆر و شکستپێهێنانی کار و هەوڵەکانی گروپی تیرۆریستی داعش لەهەموو بەرەکانی جەنگدا.

هەر بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بەکەسوکاری شەهیدەکان رادەگەیەنین، هیوای چاکبوونەوەی خیراش بۆ بریندارەکان دەخوازین. داوا لەخەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس دەکەین چاوکراوەتربین و یەکدەست بین لە روبەڕوبوونەوەی تیرۆریستان و هەموو ئەوانەی چاویان بەسەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و پێشکەوتنەکانی کوردستان هەڵنایەت و یەکریزی و کۆدەنگیمان هەوێنی سەرکەوتن و هەنگاونانمانە بۆ ئارامی و سەربەخۆیی کوردستان.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدان

-رووڕەشی و سەرشۆڕی بۆ داعش و گشت تیرۆریست و دوژمنانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان** YNDK

**٢٨ی نەورۆز/ ٢٧١٥ ی کوردی**

**١٨ / ٤ / ٢٠١٥ زایینی**

**هەولێر - باشووری کوردستان**

# کۆمەڵکوژی تورکیا بۆ سەر کوردان لە باکووری کوردستان ئیدانە دەکەین

دوای ئەوەی کورد لەهەڵبژاردنەکانی تورکیا بەربەستی لە سەدا دەی تێپەڕاند و ئیرادەی گەلی کورد بەسەر سیاسەتی شۆڤێنی پارتی دادو گەشەپێدان و حکومەتەکەی سەرکەوت، تورکیا لەبەرامبەر ئەو سەرکەوتنانە لەشارەکانی باکووری کوردستان باری نائاسایی بۆ سەرکوتکردنی دەنگی ئازادیخواز و نارەزایەتییەکان راگەیاند و بەسەدان هەزار جەندرمەی تورکی بڵاوەپێکردووەو شەڕێکی سەرتاسەری لەدژی کورد هەڵگیرساندووەو رۆژانە سەدان منداڵ و گەنج و پیر و ئافرەت شەهید دەکات.

زوڵم و ستەمی ئەرتەش و پۆلیسی تورك بۆ سەر شارەکانی باکووری کوردستان رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت، جگە لەشەهیدکردنی هاوڵاتیانی سڤیلی کورد، هاتووچۆش لەنێوان گەرەکەکان و شارەکان قەدەغەکراوەو بەتانك و زریپۆش و چەکی قورس هێرش دەکرێتە سەر هاوڵاتیان و قەناس بەدەستەکانی تورك تەنانەت منداڵانیش دەکەنە ئامانج و شەهیدیان دەکەن و ئەوە جگە لەوەی لەشارەکانی جزیرە و سلۆبی و نسێبین و کەربۆران و سور زێر و پارەش لەنێو دوکان و ماڵەکان دەردەهێنن و فەرهودی دەکەن.

ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا زۆر دڕندانەیە و دەکەوێتەی خانەی جینۆسایدکردن، بۆیە بانگ لەهەموو حیزب و لایەن و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان و خاوەن ویژدانەکان دەکەین، بەتەنگ خەڵکی سڤیلی باکووری کوردستان بێن و ئەو کۆمەڵکوژییەی دەوڵەتی تورکیا بوەستێنن و ناوچەیەکی ئارام بۆ کوردان دروست بکەن و دەوڵەتی تورکیاش

بەرامبەر ئەو جینۆسایدەو لەشکرکێشیەی بۆ سەر باشووری کوردستان دەیکات، بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی و داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین پشتگیری لەماف و ژیانی کوردان لەباکووری کوردستان بکەن بۆ گەیشتن بەئازادی و رزگاری یەکجارەکیان لەچنگ سیاسەتی شۆڤێنی و چرنووکی رەگەزپەرستانەی دەوڵەتی تورکیا.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدان و رۆڵە وڵاتپارێزەکانی باکووری کوردستان.
- مردن و روو رەشی بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK**

**١ی بەرفرانبار/٢٧١٥ی کوردی**

**٢٠١٥/١٢/٢٢ی زایینی**

# مەکتەبی سیاسی YNDK لەبارەی پەیامەکەی کاک مەسعود بارزانی راگەیاندراوێک بڵاودەکاتەوە

دوای ئەوەی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان یەپامێکی ئاراستەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان کرد، بۆ ئەوەی بکەونە گفتوگۆ و پەرلەمان کارا بکرێتەوە و سەرۆکایەتییەکی تازە بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرێت و حیزبەکان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون حکوومەتێکی نویٚ دابمەزرێت و بەڕێزێکیش بۆ سەرۆکایەتی کوردستان دەستنیشان بکرێت تا هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بگرێتە دەست.

ئێمە لەیەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK پاڵپشتی پەیامەکەی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان دەکەین و دەکریٚ ئەو پەیامە بکرێتە دەستپێکێکی باش بۆ گفتوگۆ و دانوستانی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان بۆ کۆتایی هێنان بەکێشە و گرفتەکان. هەروەها حیزبەکان دەبیٚ لە ئاست بەرپرسیارێتیدا بن و رێکبکەون.. هەموو لایەك کار بۆ زەمینە سازی بۆ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی حیزبەکان بکریٚ، بەشێوەیەکی کرداری نەوەك تەنها پەیامەکانیان لە رێگای ڕاگەیاندنەوە بڵاوبکەنەوە، بەڵکو پێویستە ئەو پەیامەی سەرۆکی کوردستان بەبایەخ و گرنگەوە وەربگرن لەبەر ئەوەی ئەو پەیامە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانە.

هەروەها یەکێتیمان YNDK پێی وایە ئەو بارودۆخەی کوردستان لەهەموو بەشەکان پێیدا تێپەڕ دەبیٚ هەستیارەو دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بەهەموو شێوازێك دژایەتیمان دەکەن و ئەو هەنگاوەی کاك مەسعود بارزانیش بەئەرێنی دەزانین و باشترە بەیەکەوە گفتوگۆ و دانوستان بکەن لەجیاتی ئەوەی پەنا بۆ لایەن و دەوڵەتی ئەقلیمی ببەین, باهەموو لایەکمان

نیشتمانپەرەرانە بڕوانینە بارودۆخەکەو لەگەڵ یەك سازان بکەین و کۆتایی بەهەموو قەیرانەکان بهێنین. لەم سۆنگەوە لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەییمان، هێزو لایەنە سیاسییەکان بەزووترین کات، بڕیاری خۆیان بدەن، بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی گشتگیر بە بەشداری سەرجەم حیزب و لایەنەکان و تەنیا لەچوارچێوەی پێچ حیزب کۆبوونەوەکان نەکرێ، چونکە ئەزموونی بەرتەسکردنەوەی کۆبوونەوەکان لەچوارچێوەی پێنج حیزب جگە لەقولکردنەوەی کیشەکان چارەسەری هیچ کێشەیەکی نەکردووە و حکومەتێکی تەکنۆکراتی بنکەفراوان پێکبهێنرێ و بەڕێز کاك مەسعود بارزانی بەشیاوترین کەس دەزانین و بۆ پۆستی سەرۆکی کوردستان و لەو زیاتر هیچ کەسێك ناتوانێ سەرۆکایەتی کوردستان لەم قۆناغە و بەم بەرپرسیاریەتیەوە بکات.

ئێمە لەیەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK جارێکی دووپاتی دەکەینەوە ئامادەی هەموو جۆرە هاوکارییەکین هەموو توانامان دەخەینەگەڕ بۆ سازدانی کۆبوونەوەی حیزب و لایەنەکان و سەرخستنی کۆبوونەوەکە و کۆتایی هێنان بە هەموو کیشە و گرفتەکان و رزگارکردنی خەڵك و فەرمانبەران و مامۆستایانی کوردستان لەو نەهامەتییەی دووچاری بوونەتەوە.

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK**

**٢٠١٦-١١-٢٢**

**هەولێر - باشووری کوردستان**

# تەقینەوەکانی بەردەم بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیدانه دەکەین

شەوی ٢٠/٢١ - ١٢ - ٢٠١٦ لەدوای ئەوەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدك) لە قەڵای دیموکرات لە شارۆچکەی کۆیە، بەپەرۆشەوە خەریکی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی یادی لە دایکبوونی شەهید د.قاسملوی سەرکردەبوون و، دوای کۆتایی بەرنامەکەیان بۆ ماڵەکانیان دەگەڕانەوە، دوو تەقینەوەی بەدوای یەک لە نزیک پرسگەی بەر دەرگای قەڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕوویاندا، لەئەنجامدا ژمارەیەک شەهید و برینداری لێکەوتووە.

ئێمە لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بەتوندی ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستیە دەکەین، بێگومان ئەو کارە نەگریس و چەپەڵە هەوڵێکە بۆ تێکدانی باری ئاسایشی باشووری کوردستان و مەترسییەکی گەورەشە بۆ سەر حیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داوا لەدەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی باشووری کوردستان دەکەین بەزووترین کات ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە ئاشکرا بکەن، بۆئەوەی ریسوا بکرێن و بەسزای خۆیان بگەن، تاوەکو ڕووداوی لەم جۆرە دووبارە نەبێتەوە، لەهەمان کاتدا داوا لە لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات دەکەین زیاتر هاوکارو پشتیوانی یەکدی بن، لەبەرئەوەی ئەوەی بەرامبەر حیزبی دیموکراتی کوردستان کراوە، دوور نییە بەرامبەر لایەنەکانی دیکەش بکرێ، بۆیە پێویستە لەژێر چەترێکدا کۆببنەوە و تواناکانیان یەکبخەن و درێژە بەکارو خەبات و تێکۆشانیان لەرۆژهەڵاتی

کوردستاندا بدەن و هەماهەنگ بن بۆئەوەی کارەساتی لەم جۆرە دووبارە نەبێتەوە.

هەر لێرەوە پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان بەکەسوکاری شەهید و قوربانییەکان رادەگەیەنین و، هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێی ئازادی و سەرخۆبوونی کوردستان.
- مردن و رووڕەشی بۆ تیرۆریستان و دوژمنانی کورد و کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

YNDK

**٢١ / ١٢/ ٢٠١٦**

**هەولێر - باشووری کوردستان**

# هێرشی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەر چیای شنگال و قەرەچووغ ئیدانە دەکەین

بەرەبەیانی ئەمڕۆ ٢٥-٤-٢٠١٧ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لەچەند هێرشێکی دڕندانەدا بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤانانیان لە چیای شنگال و چیای قەرەچووغی سەربەناوچەی دێریکی رۆژئاوای کوردستان بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا ژمارەیەك پێشمەرگە و شەڕڤان شەهید و بریندار بوون.

بۆردومانکردنی ئەم ناوچانەی کوردستان لەلایەن هێزە ئاسمانیەکانی تورکیا، ئەوپەڕی دڕندەیی و دوژمنکاری دەوڵەتی تورکیا دژ بە گەلی کوردستان دەگەیەنێ و لەهەمان کاتدا پێشێلکردنی سەروەری خاکی کوردستان و یاسا نێودەوڵەتییەکانە، تورکیا هەموو کات دژی کورد و دەستکەوتەکانی بووە و ئەمە یەکەم جار نییە تورکیا کۆمەڵکوژی لەدژی کورد ئەنجامدەدا.

ئێمە لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، ئیدانەی ئەم هێرشە ئاسمانیانەی دەوڵەتی تورکیا دەکەین و بەکارێکی شەڕانگێزی دەزانین، لەبەرئەوەی هەموو دونیا ئاگادارە پێشمەرگە و شەڕڤانان لەهەموو لایەکەوە شەڕی تاقمی تیرۆریستی داعش دەکەن و بوونەتە هۆکاری سەرەکی شکست و شکاندنی داعش لەهەموو بەرەکانی چەنگەوە، بۆیە ئێمە بانگ لە تەواوی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین سنورێك بۆ دەوڵەتی تورکیا دابنێن و،لێنەگەڕێن تورکیا جارێکی دیکە سنووری کوردستان ببەزێنی و ناوچە کوردییەکان لەفرۆکەکان و ئەرتەشی تورکیا قەدەغە بکەن، لەبەرئەوەی تورکیا رۆژ لەدوای رۆژ سیاسەتی

داگیرکارانەی زێتر و فراوانتر دەکات و، هیچ کات دەست لە سیاسەتی شەڕانگێزی و دژایەتی گەلی کوردستان هەڵناگرێ.

لێرەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بە خانەوادەی شەهیدان رادەگەیەنێن و هیوای زووچاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین و داوا لەهەموو هێزو لایەنە کوردستانیەکانیش دەکەین بەزووترین کات لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی سەرجەم هیزو لایەنەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان هەر چی کێشە و گرفت هەیە لەنێوانیان بەگیانێکی برایانە چارەسەری بکەن و بەهەموو لایەکمان پارێزگاری لەمافەکانی گەلی کوردستان و دەستکەوتەکانی لە باشوور و رۆژئاوا بکەین.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.
- مردن و روو رەشی بۆ داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان** YNDK

**٢٥ -٤-٢٠١٧**

**هەولێر - باشووری کوردستان**

# راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

ئەمڕۆ شەممە ٢٥ / ١١ / ٢٠١٧ کۆمیتەی سەرکردایەتیی ( یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK ) بەسەرپەرشتی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK لە شاری هەولێر، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و کارو خەباتی YNDK کرا:

**باکووری کوردستان:** YNDK خۆشحاڵە بەپێشڤەچوونەکانی خەباتی نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵات و, پشتیوانی خۆی بۆ خەباتی باکوور رادەگەیەنێت و، دەستدرێژییەکانی تورکیا بۆ سەر پەرلەمانتارانی کورد و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان شەرمەزار دەکات و، داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات ئەگەر خوازیاری ئاشتین بۆ باکووری کوردستان ئەوا پێویستە کاربکەن بۆ ئازادکردنی بەڕێز (عەبدوڵڵا ئوجەلان) رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ، ئەمەش دەبێتە فاکتەری سەرەکی پێشڤەچوون و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و هێنانەدی هێمنی و ئارامی بۆ ناوچەکە.

**رۆژهەڵاتی کوردستان:** YNDK هەوڵەکانی لەیەکدی نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی ئەو رۆژهەڵاتی کوردستان بەرز دەنرخێنێت و, بە گرنگی دەبینێت کە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی وڵات کار بکەن بۆ

کۆکردنەوەی هێزو تواناکانیان و، بەرەیەکی سیاسی لە نێوان خۆیاندا پێکبهێنن، بۆئەوەی ئامادە بن بۆ ئەو ئەگەرو پێشهاتانەی کە لەسەر ئاستی ناوچەکەدا روودەدەن و دێنە پێشەوە، لەهەمان کاتدا سڵاوو رێز دەنێرین بۆ زیندانییانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران و خەبات و بەرخودانیان بەرز دەنرخێنین و، داوا لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین کەوا هەوڵبدەن گیانی زیندانیان لە مردن رزگار بکەن.

**رۆژئاوای کوردستان:** YNDK جارێکی دیکە پشتیوانی خۆی بۆ خەبات و بەرخودانی رۆژئاوای کوردستان رادەگەیەنێت و، پێشڤەچوون و سەرکەوتنەکانی رۆژئاوای کوردستان بەرز دەنرخێنێت و، بە گرنگی دەزانێت تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی وڵات یەکرِیزو یەکدەنگ بن و بەیەکەوە کاربکەن و خۆیان لە ململانێی حزبایەتی بەدوور بگرن، لەجیاتی حزبایەتی کوردایەتی بکەن و بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرن و خۆیان لەهەر گرژی و ناکۆکییەك بپارێزن.

**باشووری کوردستان:** YNDK وایدەبینێت نەبوونی عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەراوێزخستنی بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکان لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاروەرگرتن لە کوردستان، بۆتە هۆی دووبەرەکی و لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان، پێویستە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێت و چارەسەر بکرێت، چارەسەرکردنی ئەم گرفتە کلیلی کردنەوەی زۆربەی دەرگا داخراوەکانەو فاکتەرێکی بەهێزیشە بۆ رێکخستنەوەی ناوەندی سیاسی کوردستان، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە بڕیاری سیاسی بوێرانە و خۆنەویستانە هەیە، بۆ ئەمەش بە پێویستی دەزانێت کە بەزووترین کات ناوەندی سیاسی و ناومالّی کورد رێك و یەکبخرێتەوەو، وای دەبینێت کە هەموو

لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، بە تایبەت لەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەدا، کەوا ئێستا داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە کوردستانیان گەمارۆداوە، بێگومان ئەم پیلان و هەڕەشانەی لەسەر گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی بەڕێوەدەچێت، پیلانێکی ناوچەیی بەرنامە بۆ دارێژراوی گەورەیە دژ بە گەلی کوردستان، ئەم پیلانانە دەمێکە کاری لەسەر دەکرێت و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت، هەموو لایەک باش دەمانزانی دوای شەڕی داعش هێزە عێراقییەکان رووی چەکەکانیان لە کوردستان دەکەن، ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ رێگرتن بوو لەو پیلانانە، ئەو پیلانانە بەر لە ریفراندۆم هەبوون، واتە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان و ناوچەکە دەگوزەرێ پیلانێکی پێشوەختە بووەو سەرکردایەتی گەلی کوردستان درکی بەو پیلانە کردووە بۆیە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی داوە، پێشووتریش هێزەکانی هاوپەیمانان لەو مەترسییانە ئاگادارکراونەتەوە، بەڵام بێهەڵوێست بوون، بێهەڵوێستی هێزەکانی هاوپەیمانان بەرامبەر دەستدرێژی و لەشکرکێشی میایشیا و هێزە عێراقییەکان وایکرد کەوا گەلی کوردستان پشت بەخۆی ببەستێت و رووبەڕووی لەشکرکێشی و دەستدرێژییەکانی عێراق بۆ سەر کوردستان ببێتەوە، لێرەوە بەرخودان و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرز دەنرخێنین کەوا لە (پردێ و مەخموور و زوممار) قارەمانانە رووبەڕووی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان بوونەوە.

**ریفراندۆم:** ئەنجامدانی ریفراندۆم لەلایەن گەلی کوردستان وەرچەرخانێکی دیرۆکی بوو لە خەباتی گەلەکەماندا و، سەرکەوتووانە ئەنجامدراو گەلی کوردستان بەڕێژەی **%٩٢.٧٣** بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەنگیدا، بێگومان ریفراندۆم وەکو پرۆسەیەکی دیموکراسییانە بەپێی پرەنسیپەکانی

(مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و بنەما دیموکراتییەکان) ئەنجامدراوە، واتە گەلی کوردستان پرۆسەیەکی دیموکراسییانەی ئەنجامداوەو تاوانێکی نەکردووە تاکو سزا بدرێت و پشتی تێبکرێت، نابووا ڕێ بە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە بدرابووا کەوا گەلەکۆمەکی لە گەلی کوردستان بکەن و سزای بە کۆمەڵی بەسەردا بسەپێنن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش سەیرکەر بێت و بێهەڵوێست بمێنێتەوە، بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بەو زوڵمەی لە گەلی کوردستان دەکرێت ئەوەمان پێدەڵێن کەوا پرەنسیپەکانی (مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و بنەما دیموکراتییەکان) لەلایەن ئەو وڵات و لایەنانەی بانگەشەی بۆ دەکەن تەنها دروشمەو هیچی دیکە!! بۆیە کارکردن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆمی گەلی کوردستان ئەرکێکی بەپەلەی ئەم قۆناخەی کار و خەباتی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە، بۆ ئەمەش پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان) پێکبهێنێت، بۆئەوەی ئەم بۆردە بتوانێت کارنامەیەکی گشتگیر دابڕێژێت بۆ چۆنییەتی کارکردن و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان.

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان:** YNDK جەختدەکاتەوە سەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەبەشداری تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی مەزن و, بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەم کاتە هەستیارەدا بەئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەزانێت، بێگومان بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە هەنگاوێك بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن.

**ڕەوشی هاوڵاتیانی کوردستان:** هاوڵاتیانی کوردستان لە ڕووی بژێوی ژیان لە ڕەوشێکی خراپدان، سزاکانی حکومەتی عێراق و گەمارۆدانی کوردستان لە

لایەن (عێراق و ئێران و تورکیا)وەو، داخستنی فرۆکەخانەکان و دەروازە سنوورییە نێودەوڵەتییەکان بەسەر کوردستاندا؛ وایکردووە کەوا ژیانی هاوڵاتیانی کوردستان قورستر بێت، ئەو حاڵەتەش دەچێتە خانەی سزادانی بە کۆمەڵ و دژ بە تەواوی بەها مرۆڤایەتییەکانە و، بێدەنگبوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبەرامبەر سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، لێرەوە جارێکی دیکە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی UN دەکەین کەوا چیتر بەرامبەر بە سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بێدەنگ نەمێنن.

**عێراق**: YNDK پێیوایە ئەم رەوشەی کەوا ئێستا عێراق پێیدا گوزەر دەکات بەرەنجامی عەقلیەتی تاکرەوی و دکتاتۆرییەتە کە حکومەتی نوری مالیکی لە سالانی رابردوودا و حکومەتی حەیدەر عەبادی لە ئێستادا هۆکاری هێنانە ئارای ئەم عەقلیەت و رەوشە نەخوازراوە بوون، بێگومان دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق دەیانەوێ هەمان سیاسەتی هەڵەی حکومەتەکانی پێشووی عێراق دووبارە بکەنەوە، روانینی دەسەڵاتی ئێستای عێراق هەمان روانینی دەسەڵاتەکانی پێشووە، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کەوا عەقلیەتی دەسەلاتداری عێراقی چەقبەستووەو ناگۆڕێت و، روانینی حەیدەر عەبادی و سەددام حوسین بۆ چارەسەری پرسی کورد هەمان روانینە! هەردوو لۆژیکی سەربازی دەخەنە پێش لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکتر گەیشتن، بە بەپێی ئەم واقیعەی ئێستاو بەپێی ئەزموونی کورد لەگەڵ رژێمەکانی پێشووی عێراق دەگەینە ئەو راستییەی کەوا نە ئێستا و نە لە داهاتوودا متمانە بە دەسەڵاتەکانی عێراق نەکەین، ئەم روانین و هێرش و پەلامارانە پەیامێکن بۆ هەموو لایەک کەوا تائێستاش گەلی کوردستان هەڕەشەی لەسەرە و پێویستی بە پاراستن هەیە بۆیە لەسەر

هەموو لایەکمان پێویستە ناکۆکی و دووبەرەکی بخەینە لاوەو بە یەکڕیزی و یەکدەنگی رووبەڕووی ئەم هەڕەشانە ببینەوە.

**بڕیارەکانی عێراق سەبارەت بە کوردستان:** تەواوی بڕیار و سزاکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر کوردستان سیاسین نەک یاسایی و دەستووری و لەژێر هەژموونی سیاسی وەرگیراون، لەوانەش بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق سەبارەت بە ریفراندۆم ئەم بڕیارە سیاسییە و هیچ بەهایەکی یاسایی نییە، خواستی گەڵی کوردستان بەهیچ دادگا و لایەنێك هەڵناوەشێتەوە، بۆیە ئەم بڕیارەو تەواوی بڕیار و سزاکانی عێراق لەسەر کوردستان جێگەی شەرمەزارین و لای ئێمە رەتکراوەن.

**رەوشی ناوچەکە:** YNDK پێیوایە رۆژهەڵاتی ناڤین لە رەوشێکی پڕ ناسك و هەستیارو ئاڵۆزدایەو رۆژ بە رۆژ ئەگەرو پێشهاتی نوێ دێنە پێشەوەو، ئەو ئەگەرو پێشهاتانە کاریگەری خۆیان دەبێت بۆ سەر رەوشی ئێستای کوردستان و بزاڤە رزگاریخوازەکانی ناوچەکە، بۆیە پێویستە ئێمەش وەکو گەلی کوردستان سوود لەو دەرفەتە وەربگرین، هەروەها پێویستە برایانمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کارو خەباتی خۆیان خورت بکەن و بەرەو رزگاری و ئازادی هەنگاو بنێن، لە هەمان کاتدا وای دەبینین کەوا دەکرێ لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کەوا دێنە پێشەوە سوود وەربگرین بۆ کارکردن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆم و کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

لە دوا تەوەری کۆبوونەوەکەدا باس لە کاروخەباتی YNDK لەماوەی رابردوودا کراو، کارنامەیەکیش بۆ کارو خەباتی داهاتووی YNDK دانرا، ئەمەو کۆبوونەوەکە سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارنامەی خۆی هێنا.

**کۆمیتەی سەرکردایەتی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**٢٥ / ١١ / ٢٠١٧**

**هەولێر - باشووری کوردستان**

# مەکتەبی سیاسیی YNDK: کۆمەڵکوژی خەڵکی عفرین لەلایەن تورکیاوە بەتوندی ریسواو مەحکوم دەکەین

- جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان ...
- حزب و لایەن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ...
- کەسوکار و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ...

دوای ئەوەی لەشکری داگیرکەری تورکیا گەورەترین هێرشی کردە سەر کانتۆنی عفرین و رۆژئاوای کوردستان و، ماوەی دوو مانگە تورکیا بەهاوکاری چەتەکانی بەناو (سوپای سوریای ئازاد) و تاقمی تیرۆریستی داعش و، بە بەشداری دەیان فرۆکەی جەنگی و سەدان تانک و تۆپ بۆردومانی ناو شاری عەفرین دەکەن و هەزاران سەرباز و چەتەی رژێمی تورکیا لە زەمینەوە بەچەکی قورس هێرش دەکەنە سەر شاری عفرین و بەهۆیەوە سەدان هاوڵاتی سڤیل شەهید و بریندار و ئاوارەبوون، ئەوەی تورکیا بەرامبەر عفرین دەیکات کۆمەڵکوژییە و لەچوارچێوەی ئەو پیلانانەدایە کە وڵاتانی ناوچەکە دژی گەلی کوردستان پەیڕەوی دەکەن، تورکیا هەر بە عفرین نەوەستاوە بەڵکو چەند رۆژێکیشە بەهەمان مەبەست هاتۆتە ناو خاکی باشووری کوردستان، ئەوەی جێگەی داخە زلهێزانی وەکو روسیا و ئەمریکا و رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان UN و وڵاتانی ئەوروپا بەرامبەر ئەو کۆمەڵکوژییە بێدەنگن و ئارەقەی شەرمەزاریان لێدەتکێت.

بەرخۆدانی شەرڤانان و خەڵکی خۆڕاگری عفرین بۆ ماوەی دوو مانگ لە ناو شارێکی بچوکدا گورزی کوشندەیان لە لەشکری تورکیادا، کە دووەمین سوپایە لەناو ناتۆدا، ئەو ئیرادەیەی لە عفرین پیشاندرا، گەرەنتی سەرکەوتنی گەلی کوردستانە لە رۆژئاوای وڵات و هەموو بەشەکانی کوردستان، گەلی

کوردستان کە سەدانساڵە بەئیرادەوە بەرگری لەخاك و وڵاتەکەی دەکات، جارێکی دیکە ئەو ئیرادەیەی لەعفرین دژی داگیرکەران و دوژمنان پیشاندا.

ئێمە لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK ئەو کۆمەڵکوژییەی تورکیا دەرهەق بە عفرین دەیکات بەتوندی ئیدانە و شەرمەزار دەکەین، لەهەمان کاتدا پشتیوانی خۆمان بۆ خۆڕاگری و بەرخۆدانی شەرڤانان و خەڵکی عفرین و خەباتی رەوای گەلی رۆژئاوای کوردستان دەردەبڕین و، لێرەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بە ماڵباتی شەهیدان رادەگەیەنین و هیوای زوو چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین، بە باوەڕی ئێمە هێرش بۆ سەر عفرین هێرشە بۆ سەر تەواوی کوردستان، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکمانە دژی ئەو پیلانانە بوەستینەوە، باشترین وەڵامیش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشە و تەواوی پیلانەکانی داگیرکەران یەکدەنگی و یەکڕیزیمانە, لەم پێناوەشدا پێویستە هەموو هەوڵێکمان بخەینە گەڕ و هەموو ڕێگایەك بگرینەبەر، تا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهانای خەڵکی عفرینەوە بێن و لەو جینۆسایدە رزگاریان بکەن.

ئەو رووداوانە هاوکاتن لەگەڵ جەژنی نەورۆز و (٢٣ )ەمینساڵیادی دامەزراندنی YNDK ، ئێمە لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK رایدەگەیەنین بۆ هاوسۆزی بەرخۆدانی خوشک و برایانمان لە عفرین و بەشداری ماتەمینی لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی عفرین، مەراسیمی یادکردنەوەی (٢٣)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی YNDK و هەموو چالاکیەکمان لەم بارەیەوە رادەگرین و، رایدەگەیەنین بەرخۆدان و خۆڕاگری عفرین بەرۆحی نەورۆزەوە بەردەوامە و لەکۆتاییشدا سەرکەوتن بۆ

عفرینه و، شاری عفرین دەبێتە گۆڕستان بۆ جەندرمەکانی تورك و چەتە و تیرۆریستان.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی عفرین و تەواوی شەهیدانی کوردستان.
- مردن و رووڕەشی بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**١٩ / ٣ / ٢٠١٨**

**هەولێر- باشووری کوردستان**

# لەشکرکێشی تورکیا و شەهیدکردنی هاووڵاتییانی سڤیلی باشووری کوردستان ئیدانە دەکەین

- جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان ...
- حزب و لایەن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ...
- کەسوکار و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ...

دوای دەستگیرکردنی چەندان پەرلەمانتار و سەرۆك شارەوانی و هاوسەرۆك و کادیرانی HDP لە باکووری کوردستان و داگیرکردن و تالانکردنی عفرین و جینۆسایدکرنی خەڵکەکەی لە رۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە، چەند رۆژێکە سوپای خوێنرێژی تورکیا جارێکی دیکە بەقوڵایی ١٥کم لە سنووری ناحیەی سیدەکان، سنوری خاکی باشووری کوردستانیان بەزاندووە و ئەمشەویش لە دەڤەری باڵەکایەتی بەهۆی بۆردمانی فرۆکەکانی رژێمی داگیرکەری تورکیا چوار هاولاتی سڤیل شەهیدبوون.

پەلاماردان و تۆپبارانکردن و لەشکرکێشی سوپای تورکیا بەهۆکاری بوونی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نیە، بەڵکو هاتنی ئەو سوپایە بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستانە و دەیەوێ بنکەی سەربازی زیاتر دابنێ و تاقمی تیرۆریستی داعش و نوسرە لە قەندیل جێگیر بکات و دۆزی گەلی کوردستان بچوك بکاتەوە.

پەلاماردان و هێرشەکانی تورکیا بەپێی بەرنامەرێژی ئەو دەوڵەتەیە بۆ داگیرکردنی کوردستان و بەرپرسانی تورکیا نایشارنەوە ئەوەی لەعفرین کردوویانە لەباشووری کوردستانیش دەیکەین و، بەپێی ئەزمونەکان تورکیا بچێتە هەر شوێنی جێی ناهێڵێ بۆ نمونە لەحەفتاکانەوە چۆتە ناو بەشێك لە

قوبرس و نەکشاوەتەوە، لەهەمان کاتدا تورکیا دوژمنی سەرسەختی گەلی کوردستانە و بە درێژایی مێژوو هەموو کات دژی کیان و دەستکەوتی کورد وەستاوەتەوە، باشترین نمونەش هێنانە کایەی پەیمانی لۆزان بوو لەجێگەی سیڤەر.

ئێمە لەیەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لەشکرکێشی و هاتنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان و شەهیدکردنی چوار گەنج لەدەڤەری باڵەکایەتی بە توندی ئیدانە و مەحکوم دەکەین و داوا لە سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکان و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکەین، درك بەو مەترسیە گەورەیەی هاتنی سوپاسی تورکیا بۆ باشووری کوردستان بکەن و لەرێگەی رێکخراو و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگروەکان، ئەو سنوور بەزاندن و هێرش و پەلامارانەی تورکیا بوەستێنن، لەبەرئەوەی مەترسی گەورە لەهاتنی ئەو هێزە بەدیدەکرێت و کارەسات و جینۆسایدی دیکە لە لایەن تورکیا بەسەر گەلەکەمان دەهێندرێت.

- مردن و رووڕەشی بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان.
- سەربەرزی بۆ چوار شەهیدەکەی باڵەکایەتی و گشت شەهیدانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**٢٢ / ٣ / ٢٠١٨**

**هەولێر- باشووری کوردستان**

# هێرشی مووشەکی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیدانە دەکەین

- جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان
- حزب و لایەن و رێکخراوەکان...
- کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان....

سەر لەبەیانی ئەمڕۆ ٨-٩-٢٠١٨ کۆماری بەناو ئیسلامی ئێران لەڕێی مووشەکبارانەوە چەند هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر بنکە و کەمپ و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەکۆیە و بەچڕی بۆردومانیان کردن، لەئەنجامدا ژمارەیەك سەرکردەو پێشمەرگە و ئەندامی ئەو حیزبە شەهید و برینداربوون.

بۆردومانکردنی بنکە و بارەگاکانی حزبی دیموکرات لەلایەن ئێرانەوە، ئەوپەڕی دڕندەیی و دوژمنکاری دەگەیەنێ و لە هەمان کاتدا پێشێلکردنی سەروەری خاکی باشووری کوردستانە،ئێران ئەوە جاری یەکەمی نییە هێرش دەکاتە سەر حزبی دیموکرات و حزبەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو ئەوە چەندین جارە هێرشیان دەکاتە سەر و بەردەوام خاکی باشووری کوردستان تۆپباران دەکات.

ئێمە لەیەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، ئیدانەی ئەم هێرشە مووشەکیەی ئێران دەکەین و بەکارێکی تیرۆریستی دەزانین،داوا لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین سنورێك بۆ ئەم هێرشە ناڕەوایانەی ئێران دژ بەگەلەکەمان دابنێن و چیتر پێشێلی خاکی باشووری کوردستان نەکەن و ئەو هێرشە ناڕەوایانە ئیدانە

بکەن و بیان وەستێنن و هەڵوێستی توندیان بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی ئێران هەبێت.

لێرەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بە خانەوادەی شەهیدان رادەگەیەنێن و هیوای زووچاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین و داوا لە حکومەتی کوردستان دەکەین بەزووترین کات بەهانایانەوە بچێت، لەزوو چارەسەرکردنی بریندارەکان و گەیاندنی هاوکاری بۆ کەمپ و بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستان و پاراستنیان لە هەر هێرشێکی دیکەی چاوەڕوانکراودا.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.
- مردن و روو رەشی بۆ داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**٨-٩-٢٠١٨**

**هەولێر - باشووری کوردستان**

# مەکتەبی سیاسیی YNDK: کۆتایی هێنان بەداعش لەرۆژئاواى کوردستان شانازییە بۆ هەمووومان

- جەماوەری دڵسۆزی کوردستان....
- حزب و لایەن و رێکخراوەکانی کوردستان...

لەئەنجامی بەرخۆدان و تێکۆشانی گەلەکەمان لەرۆژئاوای کوردستان و هاوشان لەگەڵ گەلانی دیکەی سوریا، لەشەڕێکی درێژ خایەنی چەند ساڵە کەرێکخراوی تیرۆریستی داعش بەسەر رۆژئاوای کوردستان و باکوور و رۆژهەلاتی سوریای سەپاندبوو، لەسەر دەستی هەسەدە و یەپەگە و یەپەژە توانرا کۆتایی بەدەسەلاتی داعش لەو ناوچانە بهێنری و سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر داعش لەلایەن هێزکانی سوریای دیموکرات- هەسەدە رابگەینرێ.

نەتەوەی کوردمان بۆ هەموو دونیای سەلماند کەدەتوانێ شێلگێرانە رووبەڕووی تیرۆریستان ببێتەوەو لەناویان ببات، بەڵگە بۆ ئەمەش لەباشووری کوردستان پێشمەرگە داعشی تێکشکاند و لەرۆژئاوای کوردستانیش شەرڤانان کۆتاییان بەپێگەی داعش هێنا، ئەوەش لەرووی سیاسی و عەسکەری پێگەی کوردی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هێندەی تر بەرزتر و قایمترکرد.

کۆتایی هێنان بەدەسەلات و پێگەی داعش لەعێراق و سوریا مانای ئەوە نیە داعش بەتەواوی کۆتایی هاتبێ، بەڵکو ئەرکی داهاتوومان قورستر دەبێ بۆ نەهێشتنی ئاسەواری فیکری تیرۆری داعش، بۆ ئەوەی جارەکی دی لەهیچ شوێنێك لەم جیهانە سەر هەڵنەدەنەوە.

ئێمە لە YNDK پیرۆزبایی لە هەسەدە و شەرڤانان و گەلەکەمان لەرۆژئاوای کوردستان و گەلانی دیکەی ناوچەکە دەکەین کە لەریزەکانی هەسەدە هاوشان لەگەل یەکینەکانی پاراستنی گەل بەشداربوون لەسەرکەوتن بەسەر داعش و قوربانی و خۆێنیان لەم پێناوەدا بەخشی، لەم سۆنگەوە سەرەخۆشی لەبنەماڵەی شەهیدان و قوربانیان دەکەین و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین.

ئەرکی هەسەدە و لایەنەکانی دی لەم قۆناغە قورستر دەبێ و پێویستە ئەو سەرکەوتنە بکەنە بنەماو سەرەتایەك بۆ رزگارکردن و ئازادکردنی عفرین و دەرکردنی سوپای تورکیا لەرۆژئاوای کوردستان و هەوێنی پێکەوەژیان و چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی نێوان لایەنەکان و چاکترکردنی پەیوەندی کانتۆنەکانی رۆژئاوا لەگەڵ حکومەتی باشووری کوردستان و چارەسەرکردنی بنچینەیی کێشە سیاسییەکانی نێوان هێزەکانی رۆژئاوا، پێگەی سیاسی بەرخۆدانی رۆژئاوا و کانتۆنەکان و گیانی بەرزی کوردایەتی هاوچەرخ، ئاوێتەی پرۆسەی دیموکراسی راستەقینە دەکات. هەر بەم هەنگاوانەش، دەستەبەری سیاسی بۆ پشتیوانی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی، لەرۆژئاوا بۆ ئەزموونە سیاسییە سەرکەوتووەکەی دابین دەکات لەپێناو بەدیهێنانی مافی زیاتری نەتەوەکەمان و گەلانی دیکەی ناوچەکە.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.
- مردن و ڕووڕەشی بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

YNDK

**٧ی نەورۆزی ٢٧١٩ی کوردی**

**٢٦ی ئاداری ٢٠١٩ی زایینی**

# شکۆداربێت (٢٩)ەمین ساڵیادی راپەڕینی گەلی کوردستان

- جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان ...
- کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ...
- حزب و لایەنە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان ...

(٢٩) ساڵ بەر لەئەمڕۆ؛ لە رۆژی ٥ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ جەماوەری کوردستان لە رانیەی دەروازەی راپەڕینەوە لەدژی رژێمی بەعسی فاشی راپەڕی و لەماوەی چەند رۆژێك تەواوی شارەکانی باشووری کوردستان لە بەعسی داگیرکەر پاککرایەوە و موژدەی ئازادی و سەرکەوتنی گەلی کوردستان بەسەر جەورو ستەم راگەیەنرا، لەم رۆژەدا گەلی کوردستان بۆ هەموو دونیای سەلماند کەوا ژێردەستەیی قبوڵناکات و هەر کاتێ دەرفەتی بۆ بگونجێ راپەڕین و شۆڕش دەکات و کوردستان لەداگیرکەران پاکدەکاتەوە.

یادی راپەڕینی ئەمساڵ لەگەڵ ساڵانی رابردووە جیاوازە بەهۆی هەستیاری بارودۆخەکە و شکستهێنانی حکومەتی عێراق و هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنی مافەکانی گەلی کوردستان کە لە دەستوور چەسپێندراوە، بۆیە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان بەهەموو پێکهاتەکانەوە یەکگرتوو یەکگوتار بین، نزیکەی ساڵێکیشە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان دەست بەکاربووە، هەموو لایەکمان چاوەڕوانین کەوا هەنگاوی باش بنێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاترو نەهێشتنی گەندەڵی و ناداپەروەری کۆمەڵایەتی و حزب حزبێنە و نایەکسانی، هەروەها پێویستە حکومەتی کوردستانە ئاوڕی زیاتر لە

فەرمانبەران و مامۆستایان و خانەنشینان و خانەوادەی شەهیدان و خاوەن پێداویستی تایبەت بداتەوە و مووچەکانیان لەکاتی خۆیدا بۆ خەرج بکات و کاربکات بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، هەورەها کار بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك و مەخموور و هەموو ئەو شوێنانە بکات کە بەپیلانێکی نەگریس کەوتنە بندەستی سوپای داگیرکەری عێراق.

ئێمە لەکاتێکدا کەوا یادی راپەڕین دەکەینەوە؛ ڤایرۆسی کۆرۆنا وەک مەترسییەکی گەورەیە لەسەر هەموو مرۆڤایەتی لە بەشێکی زۆری وڵاتان و جیهان بڵاوبۆتەوە، پێویستە هاوڵاتیانی کوردستان دەبێ بەئیرادەوە دوور لەترس و دڵەراوکێ بنەما خۆپارێزییەکان جێبەجێبکەن بۆ ئەوەی دووربن لەو پەتا کوشندەیە، پێویستە لایەنی پەیوەندیدار و هەموو لایەکمان بەوپەڕی بەرپرسیارییەتییەوە هەریەکەو بەئەرکی خۆمان هەڵبستین بۆ رێگرتن لە تەشەنەکردنی ئەو ڤایرۆسە، لەسۆنگەی بەرپرسیارییەتی نیشتمانییەوە ئێمە وەکو یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK هەموو توانایەکمان دەخەینە گەڕ بۆ هاوکاریکردنی لایەنی پەیوەندیدار لەپێناو پاراستنی خەڵکی کوردستان.

لەساڵیادی راپەڕیندا؛ لێرەوە پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و خۆمان دەکەین و هیوای ئەوە دەخوازین ئەم یادە ببێتە هەوێنی یەککڕیزی و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکان و کۆتایی هێنان بە سەرجەم کێشەو گرفتەکانی نێوانیان، بۆئەوەی بەهەموو لایەکمان بتوانین نێومالّی کوردستان رێکبخەینەوەو پارێزگاری لەخاکی کوردستان بکەین و چاکسازییەکی راستەقینە لەهەموو بوارەکاندا ئەنجامبدەین.

- نەمری بۆ شەهیدانی ڕێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان.
- مردن و ڕووڕەشی بۆ نۆکەران و دوژمنانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

YNDK

**١٤ی ڕەشەمێ ٢٧١٩ی کوردی**

**٥ی ئاداری ٢٠٢٠ی زایینی**

# لە (٣٢)ەمین ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا : پێویستە حکومەتی عێراق تەواوی زیان لێکەوتووانی هەڵەبجە قەرەبووبکاتەوە

- جەماوەری دڵسۆزو وڵاتپارێزی کوردستان ..
- کەس و کارو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی هەڵەبجە و کوردستان ...

( ٣٢ ) ساڵ بەر لەئەمڕۆ؛ لەرۆژی ١٩٨٨/٣/١٦، رژێمی بەعسی رووخاو لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پرۆسەی جینۆسایدکردنی نەتەوەکەمان بە بەرچاوی هەموو دونیا زۆر دڕندانە شاری هەڵەبجەی بە بۆمب و رۆکێت کیمیابارانکردو لە ئەنجامدا زیاتر لە ٥ پێنج هەزار کورد شەهید بوون و هەزارانی دیکەش بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆریش ئاوارەی سەرسنوورەکان بوون.

کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە؛ تاوانێکی جەرگبڕ بوو، هیچ هۆکارێك نەبوو بۆ بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە دژی خەڵکی سڤیلی شاری هەڵەبجە جگە لەوەی کە هەڵەبجەییەکان کوردبوون، رژێمی ئەوسای ئێراق ئەو کۆمەڵکوژییەی بە بەرچاوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجامدا، شارێکی بەتەواوی نوقمی ژەهر و کیمیایی کرد، لەم کاتدا هیچ دەوڵەت و رێکخراوێك بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیە دەنگیان هەڵنەبڕی، بۆیە پێویستە هەموو ئەم دەوڵەت و کۆمپانیایانەی کە لەوکاتەدا هاوکاری رژێمی بەعسیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی ئەم گازە ژەهراوییانە لە دادگای نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن و قەرەبووش بە زیانلێکەوتووان بدەن و بەشداری ئاوەدانکردنەوە و پاککردنەوەی شاری هەڵەبجە لە شوێنەواری کیمیایی و بەژەهربوون بکەن.

لەئێستادا پارێزگای هەڵەبجە کێشەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی هەیە, بۆیە پێویستە حکومەتی کوردستان، گرنگی زیاتر بە هەڵەبجە بدەن، هەروەها پێویستە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لەرێگەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگی زیاتر بە شارەکە بدەن، بەتایبەت چارەسەرکردن و پاککردنەوەی شوێنەواری گازی کیمیایی لەسەر ژینگەی هەڵەبجە و دەوروبەری, هەروەها ئەو بریندارانەی کە تا ئێستا لە دەست ئازاری نەخۆشییەکانیان بەگازی کیمیایی دەناڵێنن, بنێردرێنە دەرەوەی وڵات بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، لەهەمان کاتدا کێشە ئیداری و خزمەتگوزارییەکانی ئەم شارە چارەسەر بکەن و پێویستە سیمای شارەکە بگۆڕدرێتو وەکو شارێکی هاوچەرخ پارێزگاری لێبکرێ، لەسەر حکومەتی ئێراقیشە کە تەواوی زیان لێکەوتووانی گازی کیمیایی قەرەبوو بکاتەوە.

ئێمە لەکاتێکدا کەوا یادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەکەینەوە؛ ڤایرۆسی کۆرۆنا وەک مەترسییەکی گەورەیە لەسەر هەموو مرۆڤایەتی لە بەشێکی زۆری وڵاتان و جیهان بڵاوبۆتەوەو بەداخەوە کوردستانیشی گرتۆتەوە، پێویستە هاوڵاتیانی کوردستان بەئیرادەوە دوور لەترس و دڵەراوکێ رێنمایی و بنەما خۆپارێزییەکان جێبەجێبکەن بۆئەوەی دووربن لەو پەتا کوشندەیە، هەروەها پێویستە لایەنی پەیوەندیدار و هەموو لایەکمان هاوکاربین و بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە هەریەکەو بەئەرکی خۆمان هەڵبستین بۆ رێگرتن لە تەشەنەکردنی ئەو ڤایرۆسە، لەسۆنگەی بەرپرسیارییەتی نیشتمانییەوە ئێمە وەکو یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK هەموو توانایەکمان دەخەینە گەڕ بۆ هاوکاریکردنی لایەنی پەیوەندیدار لەپێناو پاراستنی خەڵکی کوردستان.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و تەواوی شەهیدانی ڕێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**٢٥ی ڕەشەمێی ٢٧١٩ی کوردی**

**١٦ی ئاداری ٢٠٢٠ی زایینی**

# دروشمەکانی یۆبیلی زیوین(٢٥)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی YNDK :

* بەرز و پیرۆزبێت نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی و بیست و پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی YNDK .

* تێدەکۆشین لە پێناو بایەخدان بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراو و خاوەن پێداویستی تایبەت و قوربانیانی چەکی کۆکوژ .

* تێدەکۆشین لە پێناو بایەخدان بەنەوەی نویَ و لاوان و بەشداری ئافرەتان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا .

* کاردەکەین بۆ گەڕاندنەوەی تەواوی ناوچە دابڕێندراوەکان بۆ سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان .

* کۆرەڤا ساڵا ١٩٩١ نیشانا رەتکردنەوە بندەستیَ و داگیرکارییَ بوو.

* پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

* نەورۆز سیمبۆلی سەرکەوتن و سەرخۆبوون و یەکبوونی نەتەوەیی کوردە .

* نەورۆز هێمای خەبات و تێکۆشان و بەیەك بەستنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستانە .

* هەڵەبجە پەڵەیەکی رەشە بەنێو چاوانی داگیرکاران و دوژمنانی کوردستاندا.

* داگیرکەران بەگۆڕینی دیموگرافیای کوردستان ناتوانن کوردستانی بوونی شار و شارۆچکە کوردییەکان بشێوێنن.

* خەبات دەکەین لەپێناو: کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو دیموکرات .

* ئازادکردنی شاری کەرکوك لە راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ دا بەڵگەیەکی دیکەی کوردبوونی هەتا هەتایی شاری کەرکووکە .

* پەیمان نوێ دەکەینەوە لەسەر ڕێبازی کوردایەتی شەهید ( سەربەست مەحموود ) بەردەوام بین .

* کۆڕە و نیشانەی ڕەتکردنەوەی بندەستی و داگیرکاری بوو .

* پاراستنی پەرلەمانو حکومەتی کوردستان بە ئەرکێکی نەتەوەیی خۆمانو هەموو تاکێکی کوردستان دەزانین .

* پەیمانێ د دەین کو د بەردەوام بین ل سەر خەباتکرنێ ژ بۆ ڤەدەست ئینانا کوردستانەکا سەربەخۆ و ئازاد و ئێکگرتی و دەموکرات .

* سڵاو دەنێرین بۆ جەماوەری خۆڕاگری شارەکانی کەرکوك و خانەقین و مەخموور و شنگال و شێخان و مەندەلی و زممار و بەدرە و جەسان و هەموو ئەو ناوچانەی کە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان .

* سۆز نوێ دەکەینەوە کەلەسەر ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی شەهید ( سەربەست مەحموود ) بەردەوام بین .

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

# پیرۆز بێت نەورۆز و یۆبیلی زیوینی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

- جەماوەری وڵاتپارێزو خۆڕاگری کوردستان ...
- کەس و کارو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ...

ئەمڕۆ ٢٥ بیست و پێنج ساڵ بەسەر تەمەنی پڕ لە خەبات و بەرخۆدانی YNDK تێدەپەڕێت، لەم رۆژەدا YNDK وەکو رێکخستنێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و جەماوەریی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لەدایکبوو و راگەیاندراو بووە هیوابەخش بۆ هاوبیرانی نەتەوەیی و وڵاتپارێزان و تێکۆشەران،YNDK لەماوەیەکی کورتی تەمەنیدا توانی بوون و کاریگەری خۆی بسەلمێنێت و، بەهۆی کاری بەردەوامی لەسەر خزمەتکردن و کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان کاریگەری لە سەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسییەکان دروست بکات، YNDK توانیویەتی لەئاست بەرپرسیاریەتیدا بێت و بە شرۆڤە و خوێندنەوە و پێشبینییەکانی پیلانە نەگریسەکانی داگیرکەران و دوژمنانی کورد و کوردستان ئاشکراو ریسوا بکات و رووبەڕوویان ببێتەوە، لەهەمان کاتدا YNDK هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە پەروەردەیەکی نەتەوەیی و ئاشناکردنی تاك بەناسنامەکەی و پەیوەستبوونی تاکی کوردی بە خاك و وڵات و کلتور بە بنەما گرت، ئەوەش بۆئەوەی کەسایەتی تاکی کورد لەسەر بنەمای باوەڕبەخۆبوون بنیاتبنێتەوەو شێلگیرانە رووبەڕووی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان ببێتەوە، هزری نەتەوەیی و وڵاتپارێزی YNDK وایکرد زۆر بەخێرایی بەدیاربکەوێ و ببێتە خودان پێگەی خۆی لەسەر ئاستی کوردستانی مەزندا.

ئێمە لە کاتێکدا کەوا یادی یۆبیلی زیوینی دامەزراندنی YNDK دەکەینەوە بەهۆی ئاڵۆزی ناوچەکە و ئەو هەڕەشانەی لەسەر کوردستان هەن، وایانکردووە کوردستان بکەوێتە رەوشێکی زۆر ناسك و هەستیار، ئەوەتا لەلایەك حکومەتی عێراق دوای داگیرکردنی کەرکوك و مەخموور و شنگاڵ و توزخورماتوو لە ١٦ / ١٠ / ٢٠١٧ لەو کاتەوە تا ئێستاش رەوشی ئەو دەڤەرانەی ئاسایی نەکردۆتەوە و، دەسەڵاتدارانی بەغدا تا ئێستاش دەستبەرداری عەقڵییەتی خۆسەپاندن و پەراوێزخستنی کورد نەبوون، لەلایەکی دیکەوە داگیرکەرانی کوردستان لەهەموو لایەکەوە بۆ دژایەتیکردنمان لە پیلاندانانداندان، رژێمی داگیرکەری تورکیا کە ساڵی رابردوو بە جۆرەها چەك هێرشی کردە سەر شاری رۆژئاوای کوردستان و خاکەکەی وێران و سوتماك کردو خەڵکەکەشی جینۆساید و ئاوارە کرد، ئێستاش هەوڵدەدات دیمۆگرافیای رۆژئاوای کوردستان بگۆڕێت، لە باکووری کوردستان ؛ ئەوا دەبینین رژێمی تورکیا چۆن کەوتۆتە دژایەتیکردنی نەتەوەکەمان و هیچ شتێکی پێ رەوا نابینێت و ئازادیخوازان زیندانی دەکات و دژی بوونی کوردە بە هەموو شێوەیەک، لە رۆژهەڵاتی کوردستان ؛ رژێمی ئێران بەردەوامە لەسەر گرتن و لە سێدارەدانی گەنج و ئازادیخوازانی کورد، رژێمی سوریاش سەرەڕای رەوشی نالەباری خۆی ئامادە نییە چارەسەری پرسی کورد لە رۆژئاوای کوردستاندا بکات، بەڵێ ئەوە رەوشی ئێمەی کوردستانییانە، لێرەوە جارێکی دیکە ئەو هەڕەشە و پیلانانەی داگیرکەران ئیدانەو شەرمەزار دەکەین و وەک هەمیشە دژیان دەوەستینەوە، بێگومان سەرەڕای پیلان و ئاستەنگەکان خەباتی گەلی کوردستان بەردەوامە و پێشڤەدەچێت، پێشڤەچوونی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان لە باکوورو باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان مایەی

خۆشحاڵین و وەك هەمیشە پشتیوانی و هاوکاری تەواوی خۆمانیان پێڕادەگەیەنین, لەم رەوشەدا بۆ یەکدەنگی و یەکڕیزی گەلی کوردستان؛ لەسەر ئاستی نەتەوەیی جارێکی دیکە جەختدەکەینەوە سەر بەستنی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) بە بەشداری تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و، دارشتنی بەرنامەی کارو خەبات بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان بەرەچاوکردنی بارودۆخیان بەکارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی گرنگ دەزانین، لەم پێناوەدا ئێمە وەکو YNDK وەك هەمیشە ئەوەی لە تواناماندایێت دەیکەین، لەهەمان کاتدا بانگ لە هەموو لایەك دەکەین کەوا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان کاربکەین و زۆر بەوردی و بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ئەم رەوشەدا بکەین، بێگومان ئەمەیش تەنیا بە یەکڕیزی و یەکدەنگی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دەبێت.

- جەماوەری دڵسۆزو وڵاتپارێزی کوردستان ...

سەبارەت بە رەوشی ئێستای باشووری کوردستان؛ ئێمە وای دەبینینەوە کەوا ناوەندی سیاسی لێکترازاو و پەرش و بڵاوەو پێویستی بە رێکخستنەوەو یەکخستەوەیە، لەسەر ئاستی جەماوەریش گلەیی و گازاندەی زۆر هەن لەو ناعەدالەتییەی کەوا لە باشووری وڵاتدا هەیە، بۆیە پێویستە لایەنە سیاسییەکان و دەسەڵات و جەماوەری کوردستان زیاتر لەیەکدی نزیکببنەوەو هاوکاری یەکتربن، بۆ ئەم مەبەستە جارێکی دیکە داوای پێکهێنانی (ئەنجوومەنی سیاسی کوردستان) دەکەین، کە ئەنجوومەنێك بێت هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بگرێتەخۆ، ئەمەش باشترین هەنگاوە بۆ رێکخستنەوەی ناوەندی سیاسیی کوردستان و پاراستن و پێشڤەبردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان.

**- کودستانییانی ئازیز ...**

وەک هەموو لایەک ئاگادارن بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID-19) لەجیهاندا، بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە و ڕووبەڕووی تەواوی مرۆڤایەتی بۆتەوە، بەداخەوە کوردستانیشی گرتۆتەوە، ئەمەش وایکردووە حکومەتی کوردستان کۆمەڵێ ڕێکارو ڕێنمایی هەبێت بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی کوردستان و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئێمە لە YNDK پشتیوانی تەواو لە هەنگاوو ڕێنماییەکانی حکومەتی کوردستان دەکەین، هەربۆیە بڕیارماندا بە وەستاندنی تەواوی چالاکی و مەراسیمی یۆبیلی زیوینی YNDK و، لێرەوە داوا هەموو لایەک دەکەین ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لەم یادەدا لەگەڵمان بەشداربن دەکرێ لە ڕێی ناردنی پەیام و بروسکەی پیرۆزبایی بەسەرمانبکەنەوە.

لە کۆتاییدا؛ لەم یادە بەرزو شکۆدارەدا جەژنی نەورۆز و ساڵی نوێی کوردی و یۆبیلی زیوینی دامەزراندنی YNDK لە هەموو هەڤاڵان و تەواوی گەلی کوردستان پیرۆز دەکەین و، ڕێزو هاوسۆزی خۆمان بۆ بنەماڵە و کەس و کاری سەربەرزی تەواوی شەهیدانی کوردستان دەردەبڕین و، بەرخودانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و بەرخودانی نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەرز رادەگرین و پشتیوانی خۆمانیان بۆ رادەگەیەنین و، پەیمان دەدەین وەك هەمیشە لەسەر ڕێبازی شەهیدان، ڕێبازی پیرۆزی

کوردایەتی درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بدەین لە پێناو هێنانەدی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو دیموکرات.

**- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهید (سەربەست مەحموود) و تەواوی شەهیدانی رێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان.**

**- مردن و رووڕەشی بۆ داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان.**

**- بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو و دیموکرات.**

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**١ ی نەورۆزی ٢٧٢٠ ی کوردی**

**٢١ / ٣ / ٢٠٢٠ ی زایینی**

**هەولێر- باشووری کوردستان**

# راگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی YNDK دەربارەی هێرشەکانی تورکیا و شەڕی راگەیاندنی لایەنەکان

- جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان ...
- حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ...

جارێکی دیکە سوپای تورکیا سنوری خاکی باشووری کوردستانی بەزاند و بەدڕندانەترین شێوە لە ڕێگەی فرۆکەی جەنگی و فرۆکەی بێ فرۆکەوان زینی وەرتێ و کەمپی پەنابەرانی مەخمووری بۆردومان کرد، بەهۆیەوە ژمارەیەك هاوڵاتی شەهید و برینداربوون.

پەلاماردان و تۆپبارانکردنی تورکیا لەکاتێکدایە کوردستان و هەموو جیهان سەرقاڵی خۆپارێزی و روبەروبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنان، بەڵام تورکیا لەم کاتانەشدا دڕندەیی و دوژمنداری خۆی دەرهەق بە کوردستان ئەنجامدەدا. هەر لەو کاتەدا حزبەکانی دەسەلاتدار شەڕێکی راگەیاندنی فراوانیان لە دژی یەکتر دەست پێکردووە، کە ئەمە کاتی ناسازی و بیانوو بە یەکتر فرۆشتن نییە،لەبەر ئەوەی وڵاتەکەمان لەبەردەم هەڕەشەی گەورەدایە و ئەم شەڕی راگەیاندن و تۆمەت بۆ یەك بەستنە، تەنیا لێکترازانی نیشتمانی و لەبەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەردایە، بۆیە پێویستە هەرچی کێشە و جیاوازی نێوان لایەنەکانە بە دانوستان و گفتوگۆ چارەسەر بکرێ و رێگە نەدەین زمانی شەڕ زاڵبێ و پرۆسەی سیاسی و دەزگا نەتەوەییەکانمان بکەونە بەر هەڕەشە و دەوڵەتانی ئەقلیمی لەرێگەی ئەم ناکۆکیانەوە دەست لە کاروباری وڵاتەکەمان وەربدەن و ئەزموونە سیاسییەکەمان دووچاری پاشەکشێ و گەڕانەوە بۆ شەڕ ببەن، کە ئێستا دوژمنانمان بەووردی کار لەسەر قوڵکردنەوەی ناکۆکی نێوان لایەنە ساسییەکان لە هەموو کوردستان دەکەن.

بۆیە پێویستە حزبە دەسەلاتدارەکان و سەرجەم هێز و لایەنەکان بەپەلە رێگە لە تەشەنەکردنی ئەم ناکۆکییانە بگرن، تا دۆخەکە ئاڵۆزتر نەبووە و کێشەکان نەچوونەتە ئاستی مەترسیدارتر، لەبەر ئەوەی ژیان و گوزەران و بەرپرسیارییەتی ئەم ئەزموونە لە ئەستۆی هەموومان بەتایبەت لایەنە حکومدارەکاندایە.

ئێمە لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بە توندی ئیدانە هێرشەکانی تورکیا دەکەین و داوا لەکۆمەڵگەی نێودەولەتی دەکەین سنوورێك بۆ هێرش و پەلامارەکانی تورکیا دابنێن و داوا لە سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکەین، درك بەو مەترسییە گەورەیەی سنوور بەزاندن و هێرشانەی تورکیا بۆ باشووری کوردستان بکەن و لە روانگەی بەرپرسیارییەتیەوە رێگری لە شەڕی راگەیاندن و تۆمەت بە یەکتری فرۆشتنی لایەنەکان بکەن و بەهەموو لایەکمان بەردەوامبین لە پاراستنی گەلەکەمان لە شەڕ و پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا کە حکومەتی کوردستان هەنگاو و رێکاری خۆپارێزی تەندروستی پاشی ناوە بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان، لێرەدا جێگەی خۆیەتی سوپاسی هەموو دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و پۆلیس و زێرەڤانی بکەین، کە لە بەرەی پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەن لەدژی ئەم ڤایرۆسە کوشندەیە و شەونخونی دەکەن بۆ پاراستنی هاوولاتیانی کوردستان و هەمیشە سەربەرز و سەرفراز بن.

- مردن و رووڕەشی بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان.
- سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

YNDK

**١٦ / ٤ / ٢٠٢٠**

**هەولێر- باشووری کوردستان**

# لەبیستەمساڵیادی تیرۆرکردنی شەهید (سەربەست مەحموود)دا:

# داوای ئاشکراکردن و دادگاییکردنی بکوژانی شەهید سەربەست دەکەین

- جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان...
- کەس و کار و بنەماڵەی شەهید سەربەست...

بیست ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی شەهید سەربەست مەحموود ئەندامی مەکتەبی سیاسی YNDK و سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری سەرخۆبوون تێپەڕدەبێت، لەم رۆژەدا دوور لەهەموو یاسا و رێسایەکی مرۆڤایەتی لە ٢٠٠٠/٥/٣١ دەستی رەشی تیرۆریستان گەیشتە گیانی پاکی شەهید سەربەست و زۆر هۆڤیانە شەهیدیان کرد.

تیرۆریستان بەشەهیدکردنی سەربەست مەحموود وایانزانی دەتوانن رێگری بکەن لە رێبازی کوردایەتی شەهید و کارکردنی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، نەیانزانی شەهید سەربەست دەیان سەربەستی سەربەخۆخوازی لە دوای خۆی پەروەردە و گۆشکردووە، هەموو ئەندامێکی YNDK شەهید سەربەستن، خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.

شەهید سەربەست مەحموود لە بنەماڵەیەکی نەتەوەیی و کوردپەروەر گۆشکرابوو، بۆیە لە رێزەکانی YNDK درێژەی بە خەبات و تێکۆشانیدا، جگە لەوەی سیاسەتوانێکی لێهاتوو بوو، لەهەمان کاتدا رۆژنامەنووسێکی بوێر و چاونەترس بوو، زۆر نەتەوەییانە رەخنەی لە سیاسەتی داگیرکاری دوژمنانی کوردستان دەگرت، لە رێگەی نووسینەکانی هەموو کات نەخشە و پیلانەکانی شرۆڤەدەکردن و لەدیدگایەکی وڵاتپارێزانە و بەشێوازێکی هێمنانە رووبەڕوویان دەبۆوە و دژی هەموو توندو تیژی و ئازار و تۆقاندنێك بوو، هەڵوێستە

نەتەوەییەکانی زۆر کاریگەر بوون, بۆیە لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان ناسراو بوو .

بیست ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی شەهید سەربەست مەحموود تێپەردەبێت و تا ئێستا بکوژانی ئاشکرانەبوونە، بۆیە داوا لە دەزگا پەیوەندیدارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان و بەتایبەت بەرێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەین، کەوا هەوڵ زیاتر بدەن تا بکوژانی شەهید سەربەست ئاشکرا بکرێن و بەسزای دادگەرییانەی خۆیان بگەن و رۆحی شەهیدیش ئارام بێت .

- سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید سەربەست مەحموود و تەواوی شەهیدانی رێی سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان.

- مردن رووڕەشی بۆ تیرۆریستان و دوژمنانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK**

**١٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٠ی کوردی**

**٣١ ی ئایاری ٢٠٢٠ی زایینی**

# راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

ئەمڕۆ شەممە ۱۳ / ۳ / ۲۰۲۱ کۆمیتەی سەرکردایەتیی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK) بەسەرپەرشتی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK لە شاری هەولێر، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و کارو خەباتی YNDK کرا:

**باشووری کوردستان** : ئێمە لە YNDK وای دەبینینەوە کەوا ناوەندی سیاسیی کوردستان پەرش و بڵاوو لێکترازاوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە بەزووترین کات ناوەندی سیاسی و ناوماڵی کوردستان رێك و یەکبخرێتەوە، بۆ ئەمەش پێکهێنانی (ئەنجوومەنی سیاسیی کوردستان) کە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بگرێتەخۆ بەگرنگ دەزانین، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێک بۆ ئەوەی کەوا هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، بە تایبەت لەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەدا، کەوا ئێستا داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە کوردستانیان گەمارۆداوە، بێگومان ئەم پیلان و هەڕەشانەی لەسەر گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی بەڕێوەدەچێت، پیلانێکی ناوچەیی بەرنامە بۆ دارێژراوی گەورەیە دژ بە گەلی کوردستان، ئەم پیلانانە دەمێکە کاری لەسەر دەکرێت و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت، بێگومان یەکڕیزی و یەکدەنگیمان

کاریگەرترین چەکن بۆ هەڵوەشاندنەوەو پوچەڵکردنەوەی ئەم پیلانانە و هەوڵە نەزۆکەکانی دوژمنان و ناحەزانمان.

**سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی کوردستان :** YNDK ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر لە تەواوی بوارەکانی بەڕێوەبردنی کوردستان بەپێویست دەزانێت و، داواکارە حکومەتی کوردستان تەواوی دەزگاو دامەزراوەکانی کوردستان بەشێوەیەکی سەردەمییانە سیستماتیک بکات و، ببێتە حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستان، بۆ ئەمەش پێویستە شوێنەواری دوو ئیدارەیی نەهێلدرێت و حکومەت لەسەر هەموو ئاستەکاندا یەکبخرێتەوە، هەموو لایەکمان چاوەڕوانین کەوا حکومەتی کوردستان هەنگاوی باش بنێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاترو نەهێشتنی گەندەڵی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و حزب حزبێنە و نایەکسانی، هەروەها پێویستە حکومەتی کوردستانە ئاوڕی زیاتر لە فەرمانبەران و مامۆستایان و خانەنشینان و خانەوادەی شەهیدان و خاوەن پێداویستی تایبەت بداتەوە و مووچەکانیان لەکاتی خۆیدا بۆ خەرج بکات و کاربکات بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، هەورەها پێویستە کار بۆ گەڕاندنەوەی کەرکووک و مەخموور و هەموو ئەو شوێنانە بکات کە بەپیلانێکی نەگریس کەوتنە بندەستی سوپای داگیرکەری عێراق.

**سەبارەت بە مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان :** پێویستە حکومەتی کوردستان بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکات و بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ بۆردێکی تایبەت دروست بکرێت کە ببێتە خاڵی پەیوەندی نێوان حکومەت و حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.

**باکووری کوردستان** : ئێمە لە YNDK پشتیوانی خۆمان بۆ خەباتی باکوور رادەگەیەنین و، ئیدانەی تەواوی ئەو دەستدرێژیانەی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا دەکەین کەوا دەیکاتە سەر پەرلەمانتارانی کورد و شارەوانییەکان و چالاکوانە مەدەنییەکان، ئەو دەستدرێژییانەی تورکیا ئەو راستییە دەسەلمێنن کەوا تورکیا دژی هەرجۆرە خەباتێکی مەدەنی و پەرلەمانی و سیاسییە لە باکووری کوردستاندا، سیاسەتی دوژمنانەی تورکیا بەرامبەر گەلی کوردستان ئەو راستییە دەسەلمێنێت کەوا تورکیا دژی هەر داواو دەسکەوتێکی گەلی کوردستانە جا لە هەر بەشێکی کوردستان بێت، داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین دژی ئەو دەستدرێژییانەی تورکیا بیدەنگ نەمێنن، سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی نەتەوەکەمان لە باکوور پێشڤەچوونی بەرچاویش وەدیهاتوون، خۆشحاڵین بەپێشڤەچوونەکانی خەباتی نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵات و, هیوادارین ببێتە فاکتەری سەرەکی پێشڤەچوون و سەرکەوتنی زیاتر و گەیشتن بە مافە رەواکانی نەتەوەکەمان.

**رۆژهەڵاتی کوردستان** : YNDK هەوڵەکانی لەیەکدی نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسیەکانی ئەو بەشەی وڵات بەرز دەنرخێنێت و, بە گرنگی دەبینێت کە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی وڵات کار بکەن بۆ کۆکردنەوەی هێزو تواناکانیان و، بەرەیەکی سیاسی بەرفراوان کە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵات بگرێتەخۆ لە نێوان خۆیاندا پێکبهێنن، بۆئەوەی ئامادە بن بۆ هەر ئەگەرو پێشهاتێک کە لەسەر ئاستی ناوچەکەدا دێنە پێشەوەو روودەدەن، لەهەمان کاتدا سڵاوو رێز دەنێرین بۆ زیندانییانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران و خەبات و بەرخودانیان بەرز دەنرخێنین و، داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین کەوا هەوڵبدەن

گیانی چالاکوانان لە زیندانەکانی ئێران لە مردن رزگار بکەن و، پاڵەپەستۆ بخەنە سەر رژێمی ئێران کەوا چیتر گەنج و چالاکوانانی کورد لە سێدارە نەدات.

**رۆژئاوای کوردستان** : YNDK جارێکی دیکە پشتیوانی خۆی بۆ خەبات و تێکۆشانی رۆژئاوای کوردستان رادەگەیەنێت و، پێشقەچوون و سەرکەوتنەکانی رۆژئاوای کوردستان بەرز دەنرخێنێت و، بە گرنگی دەزانێت تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی وڵات یەکڕیزو یەکدەنگ بن و بەیەکەوە کاربکەن و خۆیان لە ململانێی حزبایەتی بەدوور بگرن و، لەجیاتی حزبایەتی کوردایەتی بکەن و بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرن و خۆیان لەهەر گرژی و ناکۆکییەك بپارێزن، لەهەمان کاتدا تەواوی هێرش و پەلامارو دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان ئیدانە دەکەین و داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین کەوا لە بەرامبەر تورکیادا هەڵوێست وەربگرن.

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان** : YNDK جەختدەکاتەوە سەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەبەشداری تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی مەزن و, بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەم کاتە هەستیارەدا بەئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەزانێت و، وەک هەنگاوێك بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن لێیدەڕوانێت.

**ساڵیادی دامەزراندنی YNDK** : نەورۆزی ئەمساڵ YNDK پێدەنێتە ٢٦ بیست و شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی خۆی، YNDK وەکو رێکخستنێکی نەتەوەیی و جەماوەری لە گۆڕەپانی سیاسی و کلتوری

کوردستان لە نەورۆزی ١٩٩٥ لەدایکبوو و ڕاگەیاندراو بووە موژدەبەخش بۆ کۆکردنەوەو پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی هاوبیرانی نەتەوەیی و وڵاتپارێزان و نیشتمانپەروەران بۆ کارو خەبات، YNDK لەماوەیەکی کورتی تەمەنی کارو خەباتیدا توانی بەدیاربکەوێ و بەهۆی کاری بەردەوامی لەسەر خزمەتکردن و کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کاریگەری لە سەر پرسە نەتەوەیی و سیاسییەکان دروست بکات، ئەمساڵیش کەوا یادی (٢٦)ەمین ساڵەی لەدایکبوونی خۆی دەکاتەوە، بڕیاربوو بە کۆمەڵێ چالاکی و مەراسیمی جۆراوجۆر یادەکە بکاتەوە، بەڵام وەک هەموو لایەک ئاگادارن بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID-١٩) لەجیهاندا، بەداخەوە کەوا کوردستانیشی گرتۆتەوە، ئەوا بۆ دووەم ساڵ دەچێت ئەم پەتا کوشندەیە بەرۆکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرتووە، وایکردووە حکومەتی کوردستان کۆمەڵێ ڕێکارو ڕێنمایی هەبێت بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی کوردستان و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئێمە لە YNDK پشتیوانی تەواو لە هەنگاوو ڕێنماییەکانی حکومەتی کوردستان دەکەین، هەربۆیە بڕیارماندا بە وەستاندنی تەواوی چالاکی و مەراسیمی ساڵیادی دامەزراندنی YNDK و، لێرەوە داوا هەموو لایەک دەکەین ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لەم یادەدا لەگەڵمان بن دەکرێ لە ڕێی ناردنی پەیام و بروسکەی پیرۆزبایی بەسەرمانبکەنەوە.

**عێراق** : YNDK پێیوایە هیچ گۆڕانکارییەگی پۆزەتیف لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ کوردستان ڕووینەداوە، دژایەتیکردنی خواستەکانی گەلی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق بەردەوامە، ئەم ڕەوشەی کەوا ئێستا عێراق پێیدا گوزەر دەکات بەرەنجامی عەقلیەتی تاکڕەوی و دکتاتۆرییەتە کە حکومەتی تائیفی و

مەزهەبی لە سالآنی رابردوو و لە ئێستادا هۆکاری هێنانە ئارای ئەم عەقلیەت و رەوشە نەخوازراوە بوون، بە باوەڕی ئێمەو بەپێی ئەزموونی کورد لەگەڵ رژێمەکانی پێشووی عێراق دەگەینە ئەو راستییەی کەوا متمانە بە دەسەلآتەکانی عێراق نەکەین، بێگومان دەسەلآتدارانی ئێستای عێراق دەیانەوێ هەمان سیاسەتی هەلەی حکومەتەکانی پێشووی عێراق دووبارە بکەنەوە، روانینی دەسەلآتی ئێستای عێراق هەمان روانینی دەسەلآتەکانی پێشووە، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کەوا عەقلیەتی دەسەلآتداری عێراقی چەقبەستووەو ناگۆڕێت و، روانینی زۆربەیان هەمان روانینی حکومەتەکانی رابردووە بۆ چارەسەری پرسی کورد ! زۆربەی دەسەلآتدارانی عێراق لۆژیکی خۆبەزلزانین و سەربازی دەخەنە پێش لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن، ئەم روانین و پەراوێزخستنانەیان بۆ کورد پەیامێکن بۆ هەموو لایەک کەوا تائێستاش گەلی کوردستان هەڕەشەی لەسەرە و پێویستی بە پاراستن هەیە بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە ناکۆکی و دووبەرەکی بخەینە لاوەو بە یەکڕیزی و یەکدەنگی رووبەڕووی ئەم هەڕەشانە ببینەوە.

**رەوشی ناوچەکە** : YNDK پێیوایە رۆژهەلآتی ناڤین لە رەوشێکی پڕ ناسك و هەستیارو ئالۆزدایەو رۆژ بە رۆژ ئەگەرو پێشهاتی نوێ دێنە پێشەوەو، ئەو ئەگەرو پێشهاتانە کاریگەری خۆیان دەبێت بۆ سەر

رەوشی ئێستای کوردستان و بزاڤە رزگاریخوازەکانی ناوچەکە، بەداخەوە ئێمەی گەلی کوردستان بەهۆی ململانێی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکان بەرنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیمان نیە بۆ چۆنیەتی مامەکردن لەگەڵ پێشهاتەکاندا، بۆیە پێویستە ئێمەش وەکو گەلی کوردستان سوود لەو دەرفەتە

وەربگرین و کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی دابڕێژین، هەروەها پێویستە برایانمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کارو خەباتی خۆیان خورت بکەن و بەرەو رزگاری و ئازادی هەنگاو بنێن، لە هەمان کاتدا وای دەبینین کەوا دەکرێ لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کەوا دێنە پێشەوە سوود وەربگرین بۆ کارکردن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆم و کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

هەروەها لە دوا تەوەری کۆبوونەوەکەدا باس لە کاروخەباتی YNDK لەماوەی رابردوودا کراو، کارنامەیەکیش بۆ کارو خەباتی داهاتووی YNDK دانرا، ئەمەو کۆبوونەوەکە سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارنامەی خۆی هێنا.

**کۆمیتەی سەرکردایەتیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**١٣ / ٣ / ٢٠٢١**

**هەولێر - باشووری کوردستان**

# پاشکۆی وێنەکان




**لەڕاستەوە: شاخەوان خالید - غەفوور مەخمووری، هەولێر ١٩٩٧/١٢/١٩**



**پرۆسەی ئازادکردنی دەڤەری مەخموور لەدەست رژێمی بەعسی رووخاو ٢٠٠٣**



**لەڕاستەوە: شاخەوان خالید - جمیل سنجاوی - شەهید سەربەست مەحموود ١٩٩٩/٦/٥**



**لەڕاستەوە: قەهار تاهیر- شاخەوان خالید- خلیل پاڵانی- سردار خدر ١٦-٧-٢٠٠٢**



**پۆلێک ئەندام و پێشمەرگەکانی YNDK لە هەرێمی هەولێر**



**دیمەنێک لە کۆنگرەی YNDK**

**لەڕاستەوە: خوالێخۆشبوو مامۆستا نوزاد میران - ئیدریس شریف - قەهار تاهیر - شاخەوان خالید**



**سەردانی YNDK بۆ مەزاری نەمران ١٩٩٩/٣/٢١**



**کردنەوەی ئاگری نەورۆز ٢٠٠٢/٣/٢٠**



**لەڕاستەوە: شاخەوان خالید- ئیدریس شریف-  غەفوور مەخمووری- ئاکۆ محەمەد زاخۆ ٢٠٠٠/٢/١٧**



**یەکەم سالیادی شەهیدکردنی سەربەست مەحموود هەولێر- هۆڵی رۆشنبیری ٢٠٠١/٥/٣١**



**پۆلێک ئەندام و پێشمەرگەی YNDK ساڵی ۱۹۹۷**



**دیمەنێک لە کۆنگرەی YNDK**




**سەمینار لەسەر رۆژئاوی کوردستان بۆ نووسەر و رۆژنامەنووس دلاوەرێ زەنگی**

**هەولێر ٢٠٠١/٩/١٢- بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK**




**بەشداریکردن لە کۆنفرانسی راگەیاندکاران بەشێوەی ئۆنلاین ١٦-١-٢٠٢١**



**پرۆسەی ئازادکردنی دەڤەری مەخموور ٢٠٠٣**



**گفتوگۆیەکی زانستییانەی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەددین کە رۆژنامەی میدیا سازیداوە**




**هەرێمی هەولێری YNDK ١٩٩٧/٢/٢١**



**دیمەنێک لە سالۆنی YNDK**



**هەرێمی قەرەچووغی YNDK ١٩٩٨**




**لەڕاستەوە: ئیدریس شریف- خوالێخۆشبوو لقمان سابیر- شاخەوان خالید- ئەمیر ئیسماعیل**

**جەژنی قوربان ٢٠٠٢/٢/٢٢**



**ساڵیادی YNDK مانگی ئاداری ٢٠١٧**



# شەهید سەربەست مەحموود

## ژیاننامەی شەهید سەربەست مەحموود

شەهید سەربەست مەحموود ناوی تەواوی (سیروان مەحموود فەتاح)ە، سالی ١٩٧٤ لە گوندی (مۆریاس) ی سەر بە قەزای شارباژێری پارێزگای سلیمانی لەدایک بووە. لە بنەماڵەو خێزانیکی شۆرشگێر و ولاتپارێز پەروەردەکراوە. شەهید سەربەست خوێندنی سەرەتایی لە گوندی ( مۆریاس) و هەردوو قۆناخی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری سلیمانی تەواو کردووە.

هەر لە تەمەنی خوێندنی دواناوەندیدا دەست دەکات بە خوێندنەوەی گۆڤار و رۆژنامەو پەرتووکە جیاجیاکان. سالی ١٩٩١ دەبێتە قوتابی بەشی کوردی لە کولێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین و سالی ١٩٩٥ بە پلەیەکی زور باش خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات. لەرۆژانی ١٧-١٩٩٥/٣/١٩ وەک ئەندامیکی دامەزرینەر بەشداری کردووە لە یەکەمین کونگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK کە لە شارۆچکەی عەنکاوەی پارێزگای هەولێر بەسترا، دوای تەواوبوونی کونگرەکە لەرۆژی نەورۆزی ١٩٩٥دا YNDKهاتە راگەیاندن. شەهید سەربەست مەحموود هەر لە یەکەمین رۆژی دامەزراندنی YNDK وە بەگیانێکی نەتەوەییانەوە دەستی بە خەبات و تیکوشان کرد و لەرۆژانی ٥-١٩٩٦/٥/٧لەشـــــارۆچک ەی شەقلاوەدا زور چالاکانە بەشداری کرد، لە دووەمین کونگرەی YNDKو لە هەلبژاردنێکی دیموکراتیدا بە ئەندامی کومیتەی سەرکردایەتی هەلبژێردراو و ئینجاش بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ریکخستنی YNDK، هەروەهـــــا لـــــە رۆژانی ١٠-١٩٩٩/١/١٢ لەکونگرەی سێیەمی YNDK کەلەشاری هەولێر بەسترا، بە هاوکاری هەڤالان توانی کونگرەکە بکات بە کونگرەیەکی نموونەیی و بەئەندامی مەکتەبی سیاسی YNDK هەلبژێردرایەوە.

بەهۆی توانا و لیهاتوویی کرا بە سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا، وێرای بینینی رۆلی سەرەکی لەدەرکردنی گوڤاری ( سەرخۆبوون) کە خۆی خاوەنی ئیمتیازی بوو، بۆیە رۆلی کاریگەری هەبوو لە پەرەپیدانی بلاوکراوەکانی YNDK.

شەهید سەربەست مەحموود بیرمەندێکی لیهاتووی نەتەوەیی ولاتپارێز و کورد پەروەرێکی دلگەرم و، مرۆڤێکی رەوشت بەرز و بەوەفا و سەرنج راکێش و بە بەزەیی و بوێرو هەق پەرست بوو.

مخابن دوژمنان تیرۆریستان ریگەیان نەدا شەهید سەربەست مەحموود زیاتر تیبکۆشی و خزمەتی زیاتر بە نەتەوەکەی بکاتدا لە ئیوارەی رۆژی ٣١/ ٥/ ٢٠٠٠ زور بەنامەردی و درندانە و هوڤیانە لەشاری هەولێر شەهیدیان کرد. تەرمی پیرۆزی شەهید سەربەست رۆژی ٢٠٠٠/٦/١ لەمەراسیمیکی پر شکودا لە هەولیرەوە برایەوە شارە خۆشەویستەکەی خۆی و لەگۆرستانی (گردی سەیوان)ی شاری سلیمانی بەخاک سپێردرا.

ئەوەی جیگەی داخە تا ئیستا دۆسیەی شەهیدکردنی سەربەست مەحموود بەکراوەیی ماوەتەوەو دەزگاکانی پەیوەندیدار تا ئیستا بکوژانی شەهید سەربەستیان نەدۆزیوەتەوە، بۆیە داوادەکەین بەزووترین کات بکوژانی بدۆزرینەوەو ئاشکرا بکرین و بەسزای خۆیان بگەن.

هەزاران سلاو لە گیانی پاکی شەهید سەربەست مەحموود و گشت شەهیدانی ریگەی سەربەخۆیی و ئازادی و یەککرتنەوەی کوردستان.

- سەربەست مەحموود رۆژنامەنووسێکی شارەزاو ئازاو هەق بێژبوو.
پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز

- سەربەست مەحموود، خەباتکارو سیاسەتمەدارو رۆژنامەنووسێکی زۆربەنرخی نەتەوەکەمان بوو.
جەواد مەلا سەرۆکی KNC

- شەهید سەربەست مەحموود سیاسەتکار و قەڵەمێکی بوێر و هەڤگۆبوو.
غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK

www.yndk.com
medya@yndk.com
0750 447 0098

دیاری رۆژنامەی میدیا
ژمارە (٥٨١) ٢٠١٣/٥/٢٨
٧ی جۆزەردان ٢٧١٣

**شەهید سەربەست مەحموود لە ٢٠٠٠/٥/٣١ شەهید کرا**



لەڕاستەوە: شاخەوان خالید- عبدالباقی یوسف- محمد حمۆ ٢٠٠٣




کۆنفرانسی یانەی وەرزشی میدیا ١٩٩٩/٥/٥




**دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی میدیا ١٥-٧-٢٠٠٣**



**کۆبوونەوەی ڕێکخستن لەگەڵ یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کوردستان ٢٠٠١**



**کۆبوونەوەی ڕێکخستن لەگەڵ بزوتنەوەی ئافرەتانی نەتەوەیی کوردستان BANK هەولێر ٢٠٠٢**



**کۆبوونەوەی ڕێکخستن لەگەڵ هەرێمی قەرەچووغ- مەخموور ٢٠١٣/٦/١٤**



**هەڤاڵ غەفوور مەخمووری لە پرۆسەی پاککردنەوەی دەڤەری مەخموور لە داعش**



**کۆبوونەوەی ڕێکخستن لەگەڵ ستافی هەرێمی سۆران ٢٠١٣/٦/٨**




**کۆبوونەوەی ڕێکخستن لەگەل هەرێمی کەرکووک ٢٠١٣/٦/١٥**



**کۆبوونەوەی ڕێکخستن لەگەڵ ستافی هەرێمی هەولێر ٢٠١٣/٦/٥**



**کۆبوونەوەی ڕێکخستن لەگەل هەرێمی بادینان ٢٠١٣/٦/٧**




**ساڵیادی YNDK ٢٠١٦/٣/١٩**



**ساڵیادی YNDK ٢٠١٦/٣/١٩**



**ساڵیادی YNDK ٢٠١٧/٣/١٨**



**ساڵیادی YNDK ٢٠١٦/٣/١٩**



**ساڵیادی YNDK ٢٠١٦/٣/١٩**



**ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ٢٠١٣/٨/٧**




**کۆنگرەی پێنجەمی YNDK ٢٠١٢/١٢/١٢**






**کۆنگرەی پێنجەمی YNDK ٢٠١٢/١٢/١٢**



**ساڵیادی YNDK ٢٠١٤/٣/١٩**



**سالیادی YNDK ٢٠١٤/٣/١٩**



**سالیادی YNDK ٢٠١٤/٣/١٩**



**دیداری YNDK و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ٢٠٠٥/١٢/١٢**



**ساڵیادی ئەنفالکردنی بارزانییەکان ٢٠١٧/٧/٣١**



**پۆلێک لەهەڤاڵان لەساڵیادی YNDK ٢٠١٧/٣/١٨**



**دیداری YNDK و HDP ٢٠١٦/١١/٢١- شوێن بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK**



**دیداری YNDK و پارتی دیموکراتی کوردستان ٢٠١١/٨/١٤**



**دیداری YNDK و حزبی دیموکراتی کوردستان ٢٠١٥/١١/٨**



**دیداری YNDK و پارتی چاکسازی تورکمان ٢٠١٦/٤/٢٥**




**دیداری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ رۆژنامەنووسان ٢٠٠٥/١١/٢٥**



یادی جەژنی سەربەخۆیی ئوردن لە هەولێر ٢٠١٧/٥/٢٣




YNDK سەردانی کانتۆنی جزیرەی رۆژئاوای کوردستان دەکات ٢٠١٥/٥/٧



**کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی YNDK لەرێکەوتی ٢٠١٦/٣/٥**



**لەڕاستەوە: شاخەوان خالید- نزمی حزوری کونسلی فەلەستین لە هەرێمی کوردستان**



**سەردانی YNDK بۆ لای کاک مەسعود بارزانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٢/١٦**



**کۆبوونەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکان لەسەر عفرین ٢٠١٨/١/٢٢**



پۆلێک لە هەڤاڵان لەبارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK



گەشتی هەڤاڵانی YNDK و ستافی رۆژنامەی میدیا بۆ دەڤەری مەخموور - زورگەزراو ٢٠١١/٣/١٦




**دیداری YNDK و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٢٠١٧/٦/١**




**یانەی وەرزشی میدیا ٢٠١٧**




**کۆبوونەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK ٢٠١٦/٩/٦ هەولێر**



**دیداری YNDK و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ٢٠١٨/٨/١١**



**دیداری YNDK و حزبی شیوعی کوردستان ٢٠١٨/٣/٣١**



**دیداری YNDK و پارتی دیموکراتی کوردستان ٢٠١٩/٥/٢٨**



**دیداری YNDK و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان هەولێر ٢٠١٧/٢/٦**



**YNDKسەردانی قەندیل دەکات- چیای قەندیل ٢٠١٣/٤/٥**




**ڕێزلێنان لە ڕۆژنامەی میدیا وەکو یەکێک لە ڕۆژنامە بوێر و ڕاستگۆکانی کوردستان ٢٠١٤/٧/١٩**




**گردبوونەوە بۆ پشتگیری لە عفرین هەولێر- شانەدەر ٢٠١٨/٢/٢٤**




**کۆبوونەوەی حزب و لایەنەکان بۆ پشتگیری لەخەباتی باکووری کوردستان ٢٠٢٠**



**کۆبوونەوەی حزب و لایەنەکان ٢٠٢٠ هەولێر**



**کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی YNDK ١٣-٣-٢٠٢١ - هەولێر**



**پۆلێک لە هەڤالان لەبارەگای مەکتەبی سیاسیی YNDK- هەولێر ٢٠٢١**



**نووسەری پەرتووک ١٤-٣-٢٠٢١**



**پۆلێک لە هەڤاڵانی YNDK - هەولێر ٢٠٢١**



ئاگادارییەک لە رۆژنامەی میدیا

خاوەن ئیمتیاز: غەفوور مەخمووری

سەرنووسەر: شاخەوان خالید

shakhewan@yahoo.com

بڵاوکەرەوەی بیشەیی و سەربەخۆیی کوردستان

میدیا MEDIA

www.yndk.com

د.ئیسماعیل حەمید: کۆلێژەکەمان ئەمساڵ لەمەخموور نۆبەرەی دەردەچێت

فەیسبووک خزمەتگوزارییەکی نوێی بۆ پەیجەکان زیاد کرد

گۆتزە بەهیوای گەڕانەوەیە

گەنج بۆ کۆچ دەکا؟

دادوەر/ موسلح گەیلانی

5 6 7 10

غەفوور مەخمووری لە کۆنگرەی ASMAL لە لاهای:

# چارەسەری پرسی کورد سەربەخۆیی کوردستانە و پشتیوانی نەتەوە بندەستەکان دەکەین بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان

میدیا - لاهای

کوشتنی تاهیر ئەلچی سیاسییە 4

11 شاندێکی YNDK بەشداری ساڵیادی...



ساڵیاد 18

YNDK 1995

# ڕێوڕەسمی نەتەوەیی نەورۆز و ساڵیادی دامەزراندنی YNDK سەرکەوتووانە بەڕێوەدەچێت

میدیا - هەولێر



MEDIA
میدیا

کوردستان مستقلة حرة موحدة ديمقراطية

www.yndk.com

العدد (١٥٥)
السنة الثامنة
الأحد
٨/٢/٢٠٠٤
١٩/ رێبەندان
٢٧٠٣ی کوردی
(٨) صفحات
السعر ٣٠٠ دينار
Sunday
8/2/2004
No. (155)

A Weekly Newspaper Issued by The Democratic National Union of Kurdistan
صحيفة سياسية، تصدر عن الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK

### رسالة مواساة

جراء العمليتين الارهابيتين اللتين استهدفتا مقري الفرع الثاني للحزب الديمقراطي الكوردستاني والمركز الثالث للاتحاد الوطني الكوردستاني في اربيل يوم ٢٠٠٤/٢/١ استشهدت كوكبة من مناضلي الحركة التحررية الكوردية وكذلك عدد من زملائنا من حملة الاقلام من الكتاب والصحفيين والمواطنين الآخرين وجرح عدد آخر. بهذه المناسبة نواسي ونعزي انفسنا وذوي اهالي الشهداء عامة وعوائل زملائنا الصحفيين خاصة وندعوا الباري عزوجل ان يتغمدهم برحمته ويسكنهم فسيح جناته وللجرحى الشفاء العاجل. ونطالب الجهات المختصة بتوفير حياة كريمة لعوائل الصحفيين الشهداء تليق بعظمة الاستشهاد.

میدیا

ص٧ عارف جابو: أسير حرب أم مجرم حرب؟ اشكالية محاكمة صدام حسين

ص٦ جهاد الرنتيسي: المجتمع العربي يفرخ الدكتاتوريين

ص٥ جان كورد: الشارونيون يهددون الأسد والأسد يهدد الكورد

ص٣ المفكر الكوردي جمال نبز في محاضرة مهمة بمدينة ميونيخ

## جماعة (جيش انصار السنة) تتبنى العمليتين الارهابيتين في اربيل

### السكرتير العام لـYNDK يعزي ذوي الشهداء ويتفقد الجرحى

في رسالة من السكرتير العام لـYNDK الى مجلس الحكم:
### يجب ان يتضمن الدستور الجديد للدولة العراقية على ان العراق يتكون من وطنيين (العراق وكوردستان)







کۆنگرە

www.yndk.com ٢٧ی سەرماوەز ٢٧١٢ ٢٠١٢/١٢/١٨ پاشکۆی ڕۆژنامەی میدیا تایبەت بە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

YNDK لە کۆنگرەی پێنجەمیدا:
## ئەرکی نەتەوەیی قورستر بەسەرکردایەتی نوێی دەسپێرێ

میدیا – تایبەت بە کۆنگرە

4 و 5 و 7

### پەیامی بەڕێز سەرۆکی کوردستان بۆ کۆنگرەی پێنجەمی YNDK

### کۆنگرەی پێنجەمی YNDK لە کەشێکی دیموکراسی و نەتەوەیی بەڕێوەچوو



دەنگی مەخموور

خاوەن ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەمەد
makhmur@yahoo.com

روونکردنەوە

مانگی رابردوو بەهۆی دەستبەسەراگرتنی مەخموور لەلایەن چەکدارانی داعشەوە نەمانتوانی ژمارە ٦٩ی رۆژنامەی دەنگی مەخموور دەربکەین. لێرەوە بەڵێن دەدەین هەموو پازدەی مانگێك لەگەڵتان بەردەوام بین.

ستافی رۆژنامەی دەنگی مەخموور

رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتی مانگانەیە، لە مەخموور دەردەچێت — ژمارە (٦٩) — ٢٠١٤/٩/١٥ — ٢٤ی گەلاوێژ ٢٧١٤

ئەمجارەش مەخمووورییەکان قوربانییەکەیاندا! — سامان قەرەچووغی 2

(مەلا عومەر چلهەوێژەیی) کەسایەتی کوردپەروەری کەندێناوە — حەمید جەلال 4

"بێخەو" ئەو شاعیرەی جێگەی شانازی هەمووومانە — بەختیار محەمەد 5

# پێشمەرگەو گەریلا شەش گوندی قەراج ئازاد دەکەن

وەزیرەکەی گۆڕانیش سەید عەلی لادەبات

تورکیا داوای داخستنی کەمپی مەخموور دەکات

**رۆژنامەی دەنگی مەخموور**



کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو دیموکرات

MEDIA
میدیا
Central Organ Issued by the Democratic National Union of Kurdistan

ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

ژمارە (٥) — تەمموزی ١٩٩٦ ساڵی یەکەم — July, 1996 No. 5 — (٨) لاپەڕە — نرخی (٣١) دینارە

# هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ باشووری کوردستان، بەتووندی ئیدانەو مەحکووم دەکەین..

وەفدێکی یەکێتیمان (YNDK) سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان-ی کرد

رژێمی تورکیا بەردەوامە لەپێشێلکردنی سەروەری سنووری باشووری کوردستان.

سەروتار

**رۆژنامەی میدیا تەمموزی ١٩٩٦ی زایینی**


بەرزو پیرۆز بێت یەکەم ساڵیادی ئازادیی مەخموورو قەراج و کەندێناوەو گوێر

کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو و دیموکرات

ئازادیی قەرەچووغ

Azadî Qereçûx

ژمارە (١)
شەممە ١٠ / ٤ / ٢٠٠٤
٢١ی نەورۆزی
٢٧٠٤ی کوردی

No. (1)
Satrday 10 / 4 / 2004

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتی هەمەرەنگە، هەرێمی قەرەچووغی YNDK ساڵانە لەیادی ئازادکردنی شاری مەخموورو دەوروبەری دەری دەکات

دوای ساڵێک ئازادی
مەخموور هەر مەخموورەکەی جارانە

لە زوورگەزراو
یادی شەهیدانی کارەساتی ٦ی نیسان کرایەوە

رۆڵ و کاریگەری HBNK لەرزگارکردنی دەڤەری مەخموور

رۆژنامەی ئازادی قەرەچووغ


ژمارەی تایبەت

نەورۆز

مانگنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریە ناوچەی رواندزی YNDK دەری دەکات

ژمارە (17) جۆزەردانی ٢٧٠٠ی کوردی ئایاری٢٠٠٠ی زایینی

راپەرینی ١٩ی ئایاری ١٩٨٧ ی شاری رواندز چوارەمین سوپای جیهانی بەزاند

شاندێکی لقی سۆرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
سەردانی هەرێمی سۆرانی یەکێتیمان YNDK دەکات

کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ٢٧/٤/٢٠٠٠ هەڤاڵ پاڵە گەردی بەرپرسی هەرێمی سۆران و هەڤاڵ شۆرش ئیبراهیم بەرپرسی ناوچەی سۆران و هەڤاڵ هەلگورد خەلیفانی ئەندامی ناوچەی سۆرانی یەکێتیمان YNDKپێشوازیان کرد لەشاندێکی لقی سۆرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە پێکهاتبوو لەبەرێزان خاتوو سەیران حەسەن کارگێری لق و خاتوو ئاواز عومەرو خاتوو کەوسەر تۆفیق کادیرانی لق. لەدیدارێکی پڕلێك تێگەیشتندا کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند باس لە رۆڵی ئافرەتان لە بزاڤی رزگاری نەتەوەیی کوردو، گرنگی خەباتی ئافرەتان کرا.

لەم ژمارەیەدا

پەیڤی نەورۆز


راپەرین لە سادەترین مانای گەلێری خۆیدا واتە رەتکردنەوەی کەتواری کەوتوو پڕ ستەم و زۆرداری و، هەوڵدان بۆ نەخشاندنی کەتوارێکی سەربەرزو ئازادی پڕلەخۆشبەختی بۆ گەل. مێژووی کۆن وناوەڕاست و هاوچەرخی کوردیش تەژی نمونەی راپەرین و شۆڕشی کوردییە کە هەموویان بە خوێن دان و گیان بەخشینێکی زۆرلە دیرۆکی سەربەرزی نەتەوەکەماندا شوێنیان لەبەرزیدا گرتووە. هەمیشە باکگراوندێکی شۆڕگێڕی مەزن بوونە بۆ ئەوەی دوای خۆیان، راستییەکی لەوونکردن نەهاتووش هەیە کە هەرچەندە شۆڕش و راپەڕینە کوردییەکان رووبەڕووی شکست و لەناوچوونی خوێناویش هاتبن. بەڵام هەمیشە کورد بەراپەڕینی نوێ و شۆڕشی تازە کەتواروو بارودۆخی شکستی رەتکردۆتەوە. راپەرینی شۆرشگێرانەو بلێرانەی (١٩)ی

رۆژنامەی نەورۆز

# قەرەچووغ

گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری گشتی وەرزییە، هەرێمی قەرەچووغ ـ ی YNDK دەری دەکات

No: (8 & 9) Autumn 2002 & Winter 2003 ژمارە (٨ و ٩)ی پاییزو زستانی ٢٧٠٢ی کوردی



* سیاسەتی بە عەرەبکردن و راگواستن لە تەرازووی یاساو پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان
* پێکهاتەی جیۆمۆرفۆلۆجی خاک لە دەشتی کەندێناوەی کاول و بەعارەب کراودا
* بایەخی چاڵە نەوتەکانی دەڤەری مەخموور
* ئاوارەکانی مەخموور و قەراج و کەندێناوە قوربانی ئاکامەکانی سیاسەتی بە عەرەبکردنن.. ریپۆرتاژ


2&3

پاییزی ١٩٩٩
زستانی ٢٠٠٠

سەرخۆبوون

گۆڤارێکی هزری سیاسی وەرزییە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دەری دەکات


لەپێشوازی سەدەی نوێدا: چەند بیروڕاو
هزرێکی نوێ بۆ بەسەردەمانەترکردنی سیاسەتی کوردی
غەفوور مەخمووری

بیری نەتەوایەتی : کوردایەتی
دکتۆر مارف خەزنەدار

کوردە فەیلییەکان... لەنێوان ئێستای
لەبیر کراوو داهاتووی نادیار..!!
دکتۆر خەلیل ئیسماعیل

ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی
سیاسی لە کوردستان
سەربەست مەحموود

بەرچەنەکردنێکی کورت لەنەتەوایەتی و
بیری نەتەوەیی کوردی
ئاکۆ محەمەد



شەهید سەربەست مەحموود
سەرخۆبوون تاکە چارەسەرە
کۆبەرهەم
چاپی یەکەم
2002
هەولێر - باشووری کوردستان


4

ئاڤێستا

گـۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی‌یه * ژمـاره (٤)ی پاییزی (٢٦٩٩)کوردی
یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان دەری دەکات

• سبیتەمی کوردی نەك تەنیا خوێندن بە زمانی کوردی
• کوردو ئاینی زەردەشتی
• سەرەتایەك لەچەمکی کۆمەڵگای مەدەنی
• بۆ لەتەنکی ی لۆریەکەیان نەدا ..؟!!!!
• هێتلەر لەتێڕوانینی ئەریك فرۆمەوە
• بیرۆکەوفیلەسوف لای ئەفلاتون



زانست نوێخوازی یەکبوون



یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان

YXNK

# بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆ

پەسند کراوی

یەکەمین کۆنفرانسی (یەکێتی

خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان)

لەرێکەوتی ١٩٩٨/٣/٦

# ژیاننامەی نووسەر




* ناو: مظفر خالد عبدالرحمن - ناسراو بە ( شاخەوان خالید ).

*پلە: کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

* نووسەر و رۆژنامەنووس، سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی رۆژنامەکە www.yndk.com .

* ژمارەی مۆبایل کۆڕەك ( ٠٧٥٠٤٤٧٠٠٩٨ )

* ئیمەیل : shakhewan@yahoo.com


** بڕوانامە: ١- بەکەلۆریوس لە یاسا و رامیاری بەشی یاسا دەرچووی ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٣.

* ٢- دبلۆم لە تەندروستی گشتی دەرچووی ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣.

* پیشە: لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە دادگای تاوانی یەکەمی هەولێر.

* جگە لەزمانی دایك، زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەزانێ.
* کوڕە شەهیدە و باوکی لەساڵی ١٩٧٤ لە چیای باواجی لەریزەکانی پێشمەرگە بەدەستی رژێمی بەعسی رووخاو شەهید بوو، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر گەورەبووە خاوەنی چەندین شەهیدن لەبنەماڵەکەیان.
* پێشمەرگە بووە لە راپەڕینەوە تاوەکو ئێستا لە سەنگەری شەڕ و بەرگریکردندا بووە و دووجار بریندار بووە.
* رۆژی دەست بەرکاربوون لە دادگا ٢٠٠٥/٩/١ واتا بۆماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ خزمەتی دادوەری هەیە و پلەی لێزانی (خبیر قانونی ) وەرگرتووە.
* بۆ ماوەی ٢١ ساڵ خزمەتی وەزیفی هەیە یەکەم جار لە ناوەندی پێگەیاندنی تەندروستی لە هەولێر دامەزراوە و خزمەتی یانزە ساڵ مەدەنی و زیاتر لە ١٠ ساڵ خزمەتی یاسایی ( دادوەری ) لە دادگاکان هەیە.
* ئەندامی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستانە
* ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.
* ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە.
* ئەندامی رێکخراوی لێکۆڵەرە.
* خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری قەرەچووغ.
*خاوەن ئیمتیازی رۆژنانەی ئازادی قەرەچووغ.
* چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی لە بوارە جیاکان لەرۆژنامە و گۆڤارەکان بەزمانی کوردی و عەرەبی.
* لەسەرجەم هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق، وەك بەڕێوەبەری وێستگە بەشداری کردووە.

* لەرۆژی ٢٠١٤/٥/١٥ لەرێگەی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان سامانی خۆی ئاشکرا کردووە و پێشکەش بە دەستەی دەستپاکی کردووە.
* بەشداری خولێکی نێودەوڵەتی کردووە، تایبەت بە بەرێوەبردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە رۆژی ١٧-٢٠٠٦/٧/٢٠ کە رێکخراوی ASK ئەنجامیداوە.
* بەشداری چەندین خولی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بواری لێکۆڵینەوەی تاوانکاری کردووە.
* لە بواری کۆمپیوتەر بەرنامەکانی ویندۆز و ۆرد و ئەکسل و اکسس و ئیندیزاین و چەندین پرۆگرامی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت شارەزایی هەیە و بەشداری دەیان خولی لەم بوارەدا کردووە.
* چەندین کۆڕ و سەمیناری یاسایی و رۆشنبیری و سیاسی ئەنجامداوە لەگەڵ رێکخراوەکانی چالاکی مەدەنی و بەشداری چەندین کۆنفرانس و کۆنگرەی ناوخۆیی نێودەوڵەتی لە بوارە جیاجیاکان کردووە .
* لە پلەی وەزیفی مەدەنی و یاسایی چەندین سوپاس و پێزانینی ئاراستەکراوە و لە چەندین لیژنەی جۆراوجۆر ئەندام بووە و چەندین پلە و پۆستی وەزیفی هەبووە.

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| پێشەکی غەفوور مەخمووری | ٥ |
| چوونە نێو باس نووسەر | ٨ |
| یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK بناسە | ١٢ |
| YNDKلە خەبات و بەرخۆدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەردەوام دەبێت | ٣٠ |
| YNDKپێویستییەکی مێژووییە | ٤٠ |
| دیدگا و کاریگەری YNDK لە بەردەم راگرتنی شالاوی تەعریب و راگواستندا | ٤١ |
| هەوڵەکانی YNDK بۆ ڕاگرتنی شالاوی بەعەرەبکردن و راگواستن | ٤٦ |
| YNDKخەبات بۆ ئاسۆیەکی گەش دەکات | ٥١ |
| حزبە کوردستانییەکان چ ئامادەکارییەکی نیشتمانییان کردووە | ٥٦ |
| ستراتیژی YNDK سەربەخۆیی کوردستانە | ٥٩ |
| YNDKهەڵگری پەیامی نەتەوەیی کوردە | ٦٣ |
| YNDK خەبات و خەمی لە بەرژەوەندی خاك و خەڵکدایە | ٦٧ |
| حزب و دەسەڵات | ٧١ |

| | |
|---|---|
| بەرەو کۆنگرە | ٧٨ |
| پرسی سەربەخۆیی لە کۆنگرەی YNDK | ٨٠ |
| پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە کۆنگرەیYNDK | ٨٢ |
| دوای کۆنگرە | ٨٤ |
| وێستگەکانی ژیان و خەباتی شەهید سەربەست مەحموود | ٨٧ |
| شەهید(سەربەست مەحموود ) سیمبۆلی بەرخۆدانی نەتەوەییمانە | ٩٠ |
| خولی شەهید سەربەست بۆ فێربوونی رێنووسی لاتینی | ٩٥ |
| پەیڤێك لە ساڵیادی شەهیدکردنی (سەربەست مەحموود ) | ٩٨ |
| خوێندنەوەیەك بۆ چەمکی ناسیۆنالیزم<br>لە هزری (شەهید سەربەست)دا | ١٠٣ |
| شەهید سەربەست خامەیەکی بوێر | ١١٠ |
| لەساڵیادی تیرۆرکردنی شەهید(سەربەست مەحموود )دا:<br>لەسەر رێبازی شەهید سەربەست بەردەوام دەبین | ١١٢ |
| میدیا رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی کارای بینیوە | ١١٥ |
| رۆژنامەی میدیا و ٥٠٠ راستی | ١١٨ |
| میدیای خەڵك | ١٢٠ |
| مامۆستا عەبدوڵڵا نموونەی لێزانی و دڵسۆزی بوو | ١٢٢ |

| | |
|---|---|
| ڕەهەندە فکری و نەتەوەییەکانی لیستی YNDKو کاریگەری لەسەر ڕەوشی کوردستان | ١٢٥ |
| لیستی YNDK خاوەنەکەی خەڵکی کوردستانە | ١٣٢ |
| لیستی YNDK بۆ خزمەتکردنە | ١٣٧ |
| پارتەکانی باکووری کوردستان شۆڕشگێڕن تیرۆریست نین | ١٤٣ |
| لیستەکەمان مەبەستییەتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێنێتە کایەوە | ١٥٨ |
| کۆنگرەی نەتەوەیی لە دژی هیچ لایەنێك و دەوڵەتێك نییە بۆچی لە بەستنی بترسێین | ١٦٩ |
| بەیاننامەکان | ١٧٦ |
| پاشکۆی وێنەکان | ٢٣٢ |
| ژیاننامەی نووسەر | ٢٨١ |


YNDK
Xebat û Berxodan
Bo Serbexoyî KURDISTAN
şaxewan xalîd
Hewlêr - Başûrî KURDISTAN
çapî Yekem
2021